# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥١)- (٣٠)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٣

## مرۆڤی مەزن لە دوای ئاوابوونی لەدایک دەبێت

# سبەی مێژووەکەی دەست پێ دەکات






# بەڵێ مافی خۆمانە وەک نەتەوە سەربەخۆ بین

## ٥٢

ڕۆژی ٢٨ی نیسانی ١٩٩٣، شاندی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق لە کۆشکی سپی لەگەڵ تۆنی لیک، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییی ئەمەریکا کۆ بووەوە. لە دیدارەکەدا ناوبراویش هەمان هەڵوێستی وەزیری دەرەوەی دووپات کردەوە. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، کۆبوونەوەیەکی گرنگ لەگەڵ ئاڵ گۆر[1]، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کرا. ئەویش هەڵوێستی وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی دووپات کردەوە و داکۆکیی لەسەر پشتگیریی وڵاتەکەی کردەوە بۆ کۆنگرەی نیشتمانی و، زۆر بە گەرمی پێشوازیی لە شاندەکە کرد. دواتر لەگەڵ سیناتۆر دیکۆنسینی سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا کۆ بووینەوە، لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا پرسیاری کرد: «ئایا ئێوە توانای بەرگریکردن لە وڵاتی خۆتان هەیە؟» پرسیارەکە ئاڕاستەی من و مام جەلال بوو، «ئایا ئامانجی کۆتاییتان سەربەخۆییی کوردستانە؟».

منیش بە ناوی خۆم و مام جەلال وەڵامم دایەوە: «ئێمە ئیرادەیەکی بەهێزمان هەیە بۆ بەرگریکردن لە وڵاتەکەمان، خاڵی تر ئەوەیە کە چەندمان پێ دەکرێت، ئەوەش بەستراوەتەوە بە هاوسەنگیی هێزەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و لە هەموو بارودۆخێکدا ئێمە بەرگری دەکەین».

سەبارەت بە سەربەخۆییش وەڵامم دایەوە: «بەڵێ بە دڵنیاییەوە وەک نەتەوەیەک مافی خۆمانە، بەڵام حەز ناکەین بەشەڕ و زۆری بێت، بەڵکوو بە ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن و لە کاتێکی گونجاودا، تا ئەو دەرفەتە دێت حەز دەکەین بە ئازادی بژین و گەرەنتی هەبێت کە جارێکی تر گەلەکەمان ڕووبەڕووی کارەسات نابێتەوە».

---

(١) سیاسەتمەداری دیموکراتی ئەمەریکی و چالاکی ژینگەپارێز. لە ١٩٩٣ هەتا ٢٠٠١ جێگری سەرۆک کلینتۆن بوو و لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا نەیتوانی لە بەرانبەر جۆرج بووشی کوڕ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

# ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ڕێز لە گۆڤاری گوڵان دەگرێت

لە دەستپێشخەرییەكدا و بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی كارامە و پێشەنگی هەفتەنامەی (گوڵان) لە برەودان و پێشخستنی كاروانی ڕۆژنامەگەریی كوردیدا، ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ڕێزی لە دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەكە گرت، بەڕێز ئەندازیار د. عەلی ڕەشید خۆشناو سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە میوانان، پێشوازیی لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەكە كرد، سەرەتا بەڕێزیان ڕۆڵی هەفتەنامەكەی وەك گۆڤارێكی سەركەوتوو و نزیك لە ڕووداو و پرس و مژارە گەرم و گورەكانی گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هەرێمی كوردستان و دەوروبەر و جیهان بەرز نرخاند، ئاماژەشی بەوە كرد كە بەڕێزان سەرنووسەر و تەواوی ستافی هەفتەنامەكە ماندوونەناسانە و زۆر پرۆفیشناڵانە و بە هەستكردن بە گیانی بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەركی سەرشانی خۆیان جێبەجێ دەكەن، جەختی لەوەش كردەوە كە ئەم گۆڤارە پێشەنگی هەفتەنامەكانی كوردستانە، هەمەڕەنگ و فرە بابەتە، بابەتگەلی سیاسی و فیكری و ئابووری و كۆمەڵایەتی و هونەری و وەرزشی و ڕۆشنبیری و زمانەوانی لەخۆ دەگرێت، هەر ئەوەش بووەتە مایەی گرنگیدان و خوێندنەوە لەلایەن چین و توێژە جیاجیاكانی كۆمەڵگەی كوردستانی، هیوای سەركەوتنیشی بۆ سەرنووسەر و ئەندامانی دەستەی نووسەران خواست لە زیاتر خزمەتكردن بە ڕێبازی ڕۆژنامەگەری لە كوردستاندا.

لە كۆتایی دیدارەكەدا سوپاس و پێزانینی پێشكەش بە ئامادەبووان كرد، بە ناوی سەرنووسەر و سكرتێری نووسین و تەواوی ئەندامانی دەستەی نووسەران و ئیداری و خزمەتگوزاری، سوپاسی ئەم دەستپێشخەرییەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەكەین و هیوای سەركەوتنیان بۆ دەخوازین.



# چاپکراوی نوێ




بەرگی چوارەمی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە نووسینی نەجمەدین عەزیز سمایل بە بەرگێکی ناوازەو بە (٥٤٤) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە بیبلۆگرافیایەك کە ناوو ژیاننامەو چالاکییەکانی (٧٣) نووسەرو شاعیرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسی تێدایە، نووسەر زۆر کارامەو لێزانانە توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەدەبی و داڕشتنێکی کوردییانە پەی بەم ئەرکە ببات و شان بداتە بەر ئەرکی قورسی نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە.

نووسەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی ئاماژەی بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئەم پۆلە ڕۆشنبیرە(بەهەموو پسپۆری و کەسایەتییەکانەوە) کردووە، ئەو لە هەندەرانەوە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووەو بە سوود وەرگرتن لە خودی کەسایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و وێنەو ئەرشیفەکان، یانیش پشتبەستن بە کوردیپیدیا و پەیجی خۆیان ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە خوێنەران کردووە.

نەجمەدین عەزیز سمایل سالانێکە تێکەڵ بە بواری ئەدەب و نووسین و کاری میدیایی بووە، دەکرێ بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە ببنە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەدەبی بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ ئەوەی بە ژیاننامەو بەرهەمەکانی ئەو پۆلە ڕۆشنبیرە ئاشنا بن. نووسەری کتێبەکە پێی ڕاگەیاندووین کە بەرگی پێنجەمی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) ئامادەکاری بۆ دەکرێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا چاپ دەکرێت و دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران کە ژمارەیەکی زۆری دیکەی ڕۆشنبیران لەخۆ دەگرێت.

پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن نووسەرو ڕۆژنامەنووسی دێرین (سەربەست بامەڕنی)یەوە نووسراوە و نووسەر و ڕۆژنامەنووس (بەهادین جەلال مستەفا) ئەرکی هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمان و (عوسمان پیرداود) یش کاری دیزاینی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە و لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر چاپکراوە، لە ڕێوڕەسمێکدا لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو(یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر) بە ئامادەبووان ناسێنراو دابەشکرا، دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین لە چاوەڕوانی بەرگی پێنجەمداین.

## چاپکراوی نوێ



(ڕۆشن) ناونیشانی دیوانە شیعرێکی شاعیر (دڵزار ئیسماعیل قادر)یە ناسراو بە (دڵزار لەشکری) لە دووتوێی (١٢٨) لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەران و هەوادارانی شیعرەوە، شاعیر لەو پارچە شیعرەیدا کە کردوویەتی بە ناونیشانی دیوانەکەی (ڕۆشن) و یەکەم لاپەڕەیەتی بە وشەی (لە یەکەم) سەرجەم دێڕەکانی دەست پێ کردووە، هەستی ناخی خۆی کە دەرك بە دەوروبەری دەکات بە (١٠) دێڕ دەربڕیوە، هاتووە ئەوەی لە دڵیدایە دەیخاتە ڕوو، ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕاستی و خۆشی و جوانی و ئیمان و لێبووردەیی و دوا ڕۆژ، لە کۆتاییشدا بە ناوی خوای گەورە و ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەستی پڕ باوەڕی خۆی بە دەوروبەر و جوانیی ژیان دەردەبڕێت.

هەستی شاعیر و ئەوەی کە لە ناخیدا پەنگ دەخواتەوە لەو سنوورە ناوەستێت، بۆیە کاتێ لەگەڵ یارەکەیدا قسە دەکات، بەوە وەسفی دەکات کە (یار) لە نیشتمانی ئەودا بوونی هەیە، تەنانەت جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەندە عاشقی ئەو یارەیەتی بە شێوەیەك کە ناونیشانی کوچەو کۆڵانی شارەکەیشی لا هەیە، دڵزار لەشکری بە پارچە شیعری (بزەیەك دەکەم تەمەنێکە لە گریان) کۆتایی بە لاپەڕەکانی دیوانەکەی دەهێنێت،لێرەدا گەشبینی و ڕەشبینی تێکەڵ بە یەکدی دەبن، باس لە منداڵیی خۆی دەکات کە خەونی پاکی دەدیت، کە گەورەش دەبێت خەونەکانی لێ دەبێت بە دێوەزمە، ئێش و ئازارو برینی عەشق ئۆقرەی لێ بڕیوە، بەڵام گەرەکییەتی سەرەڕای برینەکانی خۆی سارێژی ئازارەکانی یارەکەی بکات..

دڵزار لەشکری خاوەنی سێ کتێبی دیکەیە بە ناوەکانی (چاوی بێ فرمێسك، ژیان لەگەڵ مردووان، پەپوولە سپییەکان، بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە) دوا کتێبیش دیوانە شیعری (ڕۆشن).. هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***


فەریق ڕوکن عیسا عوزێر :




**سەرۆک بارزانی پاڵپشتیی پێکهێنانی هێزێکی تۆکمە و پرۆفیشناڵی پێشمەرگە دەکات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خێرا جێبەجێکردنی چاکسازی**

د. حەمید باقی




**رێزگرتنا سەروکێ حکومەتێ بو مەلا وماموستایێن ئایینی گرنگ وپێدڤی وجهێ دەستخوشیێ وسوپاسیێ یە**

د. نەرمین مەعرووف



**لابردنی پارێزگاری بانکی ناوەندی چارەسەری ناجێگیریی بەهای دینار و هەڵکشانی دۆلار ناکات**


نەوزاد شێخ کامیل :



**دروستکردنی سایلۆکان و ساغکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت بوو بۆ برا جووتیارەکان و گەشەکردنی بازرگانی**

ئایدن مەعرووف :

## سەرۆک بارزانی وەکو خەمخۆر و مەرجەعی گەلی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان داوە



لیا سەیفەدین :

## سزاکان وەک خۆی جێبەجێ ناکرێن، تا ببێتە پەند بۆ ئەوەی تاوانەکان بەرانبەر بە ئافرەتان دووبارە نەکرێنەوە



## داهاتووی TV بەرەو کوێ؟



## ڤیتامین D بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی پێست




سەهیم عومەر خەلیفە


## لە گرنگترین فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی بەلجیکا



شانۆ محەمەد :

## وا بڕوات ساڵێکی دیکە لە کوردستان شتێک نامێنێت بە ناوی تۆپی دەست





# مرۆڤی مەزن لە دوای ئاوابوونی لەدایک دەبێت

# (سبەی) مێژووەکەی دەست پێ دەکات



«ئەی ئەستێرەی مەزن، ئەی چاوی قووڵی بەختیاری، تۆ چ بەختەوەرییەکت دەبوو، ئەگەر ئێمە نەبووینایە و بۆمان بدرەوشێیتەوە؟ مرۆڤ وەک دارێکی گەورە وایە، چەند بیەوێت بەرەو بەرزایی و ڕووناکیی زیاتر هەڵبکشێ، ڕەگەکانی بەهێزتر بۆ ناو قووڵایی زەویی دەکشێن و ڕۆدەچن. دەمەوێت مانای «بوون» فێری مرۆڤەکان بکەم، مرۆڤی باڵا وەک برووسکەیەکە لەناو هەوری ڕەش. ئەوەی لە مرۆڤدا مەزنە، ئەوەیە کە ئەو پردە نەک ئامانج، ئەوەی دەکرێ لە مرۆڤدا خۆشت بوێت، ئەوەیە کە قۆناخێک و ئاوابوونێکە. خۆشم دەوێن ئەوانەی بۆ خۆبەختکردن لە هۆ ناگەڕێن، بەڵکو خۆ بۆ خاک بەخت دەکەن، هەتا ئەو خاکە ڕۆژێک هی مرۆڤی باڵا بێت. ئەو کەسەم خۆش دەوێت کە خۆی ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات، ئەو سوپاسی کەسی ناوێت و سوپاسی کەسیش ناکات، چونکە ئەو هەر دەبەخشێت و خۆی لەبەرچاو نییە. خۆشم دەوێ ئەوانەی داهاتوو بە هەق دەزانن و ڕابردوو ڕزگار دەکەن و مەبەستیەتی گیانی لە پێناو ئێستا بەخت بکات».



فردریک نیچە
«وەهای گوت زەردەشت»

فردریك نیچە لە کتێبی «دژی مەسیح» لە زاری خۆیەوە پێمان دەڵێت: «ئەم کتێبەم بۆ خەڵکانێکی زۆر کەم نووسیوە، لەوانەیە کەسێکیش لەو خەڵکە کەمە هێشتا لە دایك نەبووبن، بۆیە چۆن دەتوانم خۆم لەگەڵ ئەو خەڵکە تێکەڵاو بکەم و بە نیاز بم هەر لە ئێستاوە گوێم بۆ بگرن، تەنیا سبەی سەردەمی منە و خەڵکانێك هەن هەتا ئاوا نەبن، لە دایك نابن».

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم پەیڤەی فەیلەسووفێکی گەورەی وەك نیچە، غرووره یان تووڕەیی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە عەلی مسباح وەرگێڕی کتێبی «دژی مەسیح» دەمانداتەوە و پێمان دەڵێت: «نیچە زۆر تووڕەیە و ڕەخنە لە سەردەمەکەی خۆی و نەتەوەکەی خۆی کە (ئەڵمانە) دەگرێت، تووڕەیە لەبەر ئەوەی یەکگرتوو نین و پەرت و بڵاو بوون و، ئەم پەرت و بڵاوییەش لەناو خاکەکەی خۆیان نامۆی کردوون و، نەیانتوانیوە وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە قەوارەیەك بۆ خۆیان دروست بکەن.

کەواتە نیچە دەیەوێت بە نەتەوەکەی خۆی بڵێت: «بێدەنگبوون لەسەر ئەم پەرت و بڵاوییە گێژەڵووکە بە دوایدا دێت، باشترین هزر کە دەتوانێت ڕابەرایەتیی جیهان بکات، ئەو هزرەیە کە لەسەر باڵەکانی کۆترێکەوە بۆمان دێت، ئەو کەسەشی دەبێتە خاوەنی ئەو هزرە «مرۆڤی باڵا»یە لە زاری زەردەشتەوە پێمان دەڵێت: ئاشتیتان وەك چەکی شەڕە تازەکانتان خۆش بوێت، تەنانەت ئاشتیی کورت پتر لە درێژ».

لەم چەند دێڕەوە ئەگەر سیفەت و تایبەتمەندییەکانی «مرۆڤی باڵا» هەڵهێنجێنین، ئەوا نیچە پێمان دەڵێت: مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە کە:

١. دەبێت بوێر و چاونەترس بێت و بە چەکوش نەریتە کۆنەکان بشکێنێت، داهێنەر و دروستکەری ئاشتی بێت.

٢. دژی پەرتەوازەیی و پەرت و بڵاویی نەتەوەی خۆی بێت و لە پێناوی خاکەکەیدا بەبێ ئەوەی بۆ هیچ هۆیەك بگەڕێت، گیانی خۆی بەخت بکات.

٣. لە ناو هزری خۆیدا مانای « بوون»ی نەتەوەکەی پێناسە بکاتەوە.

لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئەگەر دوای تێپەڕبوونی ١٣٠ ساڵ جارێکی دیکە لە هزری نیچەوە «ئێستا» لە پەیڤەکانی زەردەشت گوێبیست بین، ئایا لە هزری مستەفا بارزانییەوە جارێکی دیکە پەیڤەکانی «ئیدریس بارزانی» گوێمان نازرنگێنێتەوە؟

**• ئیدریس بارزانی**

**بیری نەتەوەیی.. تەبایی.. یەکڕیزی**

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین کە یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی شەهید فەتاح ئاغای فەرماندەی هێزی خەبات لە شۆڕشی ئەیلول و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام سەردانی کردووە و، بەردەوام بڵاوکراوەکانی کاژێکی بۆ دەبرد بۆ شاخ، لە دیدارێکدا لەسەر هزر و خەباتی شەهید فەتاح ئاغا پێی گوتم: «شەهید فەتاح ئاغا چرایەك بوو لە ناو بیری نەتەوەیی کوردییدا، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە زۆر هاتوچۆی شەهید فەتاحم دەکرد و، هەموو جارێك دەچووم لە گوندی (زێ) لە سیوەیل دەمبینی و بڵاوکراوەکانی کاژیکیشم بۆ دەبرد، هەروەها هەواڵی برادەرانی سەرکردایەتیی کاژیکیشم پێ ڕادەگەیاند و حەزمان دەکرد ئەم سەرکردە مەزنە هەمیشە کات چرایەکی درەوشاوەی ناو کاژیك بێت، بەڵام ئەو ڕەخنەی لە سەرکردایەتیی کاژیك هەبوو، کە نەیانتوانیوە وەك پێویست زەمینەیەك بۆ گەشەی بیری نەتەوەیی فەراهەم بکەن، بۆیە زۆر ڕاشکاوانە پێی گوتم: ئەمەت پێ دەڵێم تۆ بەوان بڵێ، من بێجگە لە فەرمانی مستەفا بارزانی پابەندی فەرمانی هیچ کەسێکی دیکە نابم و من بیری نەتەوەیی لە مستەفا بارزانیدا دەبینمەوە».

ئاماژە و هەڵوەستەکردنم لەسەر ئەم بەسەرهاتەی شەهید فەتاح ئاغا بۆ ئەوە بوو کە بڵێم ئیدریس بارزانی پەروەردەی ئەو هزرەی مەلا مستەفا بووە کە شەهید فەتاح ئاغا لەبەر ڕۆشنایی ئەو هزرە بیری نەتەوەیی بەرجەستە کردووەتەوە، لەمەش زیاتر هێز و لایەنە نەتەوەییەکانی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە ئیدریس بارزانییان ناسیوە و مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

**باشترین هزر کە دەتوانێت ڕابەرایەتیی جیهان بکات، ئەو هزرەیە کە لەسەر باڵەکانی کۆترێکەوە بۆمان دێت، ئەو کەسەشی دەبێتە خاوەنی ئەو هزرە «مرۆڤی باڵا»یە**

**مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە کە بوێر و چاونەترس بێت و، بە چەکوش نەریتە کۆنەکان بشکێنێت و، داهێنەر و دروستکەری ئاشتی بێت**

**ئیدریس بارزانی پەروەردەی ئەو هزرەی مەلا مستەفا بووە کە شەهید فەتاح ئاغا لەبەر ڕۆشنایی ئەو هزرە بیری نەتەوەیی بەرجەستە کردووەتەوە، لەمەش زیاتر هێز و لایەنە نەتەوەییەکانی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە ئیدریس بارزانییان ناسیوە و مامەڵەیان لەگەڵ کردووە**

**مرۆڤی باڵا دەبێت دژی پەرتەوازەیی و پەرت و بڵاوی نەتەوەی خۆی بێت و لە پێناوی خاکەکەیدا بەبێ ئەوەی بۆ هیچ هۆیەک بگەڕێت، گیانی خۆی بەخت بکات و لە ناو هزری خۆیدا مانای «بوون»ی نەتەوەکەی پێناسە بکاتەوە**

**هەر دوای ساڵی ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول جارێکی دیکە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی خۆیان ڕێکخستەوە و لە بری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد «کاژێک» پارتی سۆسیالیسی کورد « پاسۆک» یان دامەزراند**



لە دوای ساڵی ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، وەك سەرۆك مسعود بارزانی لە کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی چوارەم بەشی یەکەم پێمان دەڵێت: «لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە نالەبار و مەترسیدارە، نائومێدی باڵی بەسەر زۆر لادا کێشابوو، بە باشی دەمزانی ئەگەر ئەم نائومێدییە بەردەوام بێت، ئیتر کۆتایی بە هەموو خەباتی بنەماڵەکەمان و پارتی دێت. زۆر بیرمان لەوە کردەوە، ئاخۆ بۆ ڕەواندنەوەی بێهیوایی دەبێت چ بکەین و چ ڕێگەیەك بگرینە بەر. بە ڕوونی بۆم دەرکەوت کە یەکەم هەنگاو و بڕیار، ئەوەیە لەگەڵ کادیران و هەڤاڵان و خەڵکی دڵسۆز هەوڵ بدەین تەمی نائومێدی بڕەوێنینەوە، بۆیە لەگەڵ ئیدریسی برام بۆ ئەم مەبەستە کەوتینە ڕاوێژ و مشورخواردن، ئیتر هەردووکمان چووینە خزمەتی جەنابی بارزانی و بیر و تێڕوانینەکانمان بۆ شی کردەوە. بە موبارەکەی جەنابیان مۆڵەتی دەستپێکردنەوەی خەبات و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دەزگا و پێکهاتە حزبی و سەربازییەکانمان وەرگرت. من و کاك ئیدریس لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە ئەو خۆی بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیی کاروباری پەنابەر و ئاوارەکان کە نزیکەی سەد و هەشتا هەزار کەس بوون، تەرخان بکات، منیش ئەرکی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی پارتایەتی بگرمە ئەستۆ و لە قۆناغی دووەمدا دەست بە شۆڕش و خەبات بکەینەوە».

هاوکات هەر دوای ساڵی ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول جارێکی دیکە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی خۆیان ڕێکخستەوە و لە بری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد «کاژێك» پارتی سۆسیالیسی کورد « پاسۆك» یان دامەزراند. ئەم پارتە نەتەوەییە پێش ئەوەی یەکەمین کۆنگرەی خۆی گرێ بدات، وەك خوالێخۆشبوو فەرهاد عەبدولحەمید و ملازم شوان (کە ئەوکات ئەندامانی سەرکردایەتی پاسۆك بوون) هەردووکیان لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان لە بەرنامەی «ڕووداو و مێژووی تەلەفزیۆنی NRT» سەبارەت بە ئیدریس بارزانی دەڵێن: «وەك سەرکردایەتیی پاسۆك سەردانی کاك ئیدریس بارزانیمان کرد، لەو سەردانەدا دوو داواکاریمان هەبوو، یەکەمیان پێشنیارێکی پاسۆك بوو کە پاکتێکی نیشتمانی لە نێوان هەموو هێزە سیاسییەکانی ئەوکاتی کوردستان دروست بکرێت، بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانی یەکگرتوو بن و پەرتەوازەیی دروست نەبێت، دووەمیان: داوامان لێ کرد ببێتە براگەورەمان لە ناو پاسۆك و ئەو ڕێبەرایەتیی پاسۆك بکات. سەبارەت بە یەکەمیان، کاك ئیدریس بارزانی پێی گوتین: من کاغەزی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەم، سەبارەت بە دووەمیشیان کاك ئیدریس بارزانی پێی گوتین: بۆ من ئەوە شەرەفێکی گەورەیە، بەڵام وەسیەتی جەنابی مستەفا بارزانی بۆ من و مسعود (سەرۆك بارزانی) ئەوە بووە کە هەرگیز لە یەکتری جیا نەبینەوە، بۆیە داوای لێبوردنتان لێ دەکەم».



لێرەوە ئەگەر سەرنج لەو دوو داواکارییە بدەین کە لە ئیدریس بارزانی کراوە، ئەوا ڕاشکاوانە گەوهەری ڕاستەقینەی هزر و کەسایەتی ئیدریس بارزانی دەردەکەوێت کە چەند جێگەی متمانەی نەتەوەکەی خۆی بووە بۆ «تەبایی و یەکرێزی و ئاشتەوایی کە ئەمانە هەمووی بە ژینگەی تەندروست بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەی پێناسە کردووە»، سەبارەت بە وەفا و ڕاستگۆییشی بەرانبەر وەسێتەکەی جەنابی مستەفا بارزانی، سەرۆك بارزانی بەمجۆرە ئەو وەفا و ڕاستگۆییەمان لەو پەیڤەدا بۆ دەخاتە ڕوو، کە لە ١ی شوباتی ساڵی ١٩٨٧ لە یاداشتی ڕۆژانەی خۆی تۆماری کردووە: «زۆر بەداخەوە برا گیان، خۆزگە من لە شوێنی تۆ بام، زۆر ڕازیم بە قەزا و قەدەری خوای گەورە، بەڵام ئەی بەڵێنمان نەدابوو یەکتری جێ نەهێڵین؟ دڵنیام بە دەستی خۆت نەبووە، ئەگینا جێت نەدەهێشتم. سەرلەنوێ زامەکانمان کولانەوە، (ئەدی بەڵێنمان نەدابوو؟) جارێکی تر لە خەم و ئازارەکانمان دەپەڕینەوە.»

کۆستی ئاوابوونی ئیدریس بارزانی دووهێندە باری سەرشانی سەرۆك مسعود بارزانی قورستر کرد، بەڵام ئەو پڕۆژانەی پێشتر لەگەڵ ئیدریس بارزانی پێکەوە کاریان لەسەر کردبوو بۆ یەکرێزی و تەبایی و ئاشتەوایی سەرۆك بارزانی گەیاندییە ئەوەی «بەرەی کوردستانی» دابمەزرێت، ئەو بەرەی کوردستانییەی سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستانی لە بەهاری ١٩٩١ کرد، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٢ سەرپەرشتیی یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانەی لە کوردستان کرد و، پاشان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ بەرهەم هات. سەرۆك بارزانی دوای نەمانی بەرەی کوردستانییش، پارتی کردە ئەو ڕەشماڵە گەورەیەی بیری نەتەوەیی و کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە کۆنگرەیەکی نیشتمانی و لەگەڵ چەند پارتی دیکە (سۆشیالیست، پاسۆك، گەل) یەکگرتنیان ڕاگەیاند، هەر ئەم ئیرادە یەکگرتووەش بڕیاری دا کە جارێکی دیکە و لە ٦ی ١١ی ١٩٩٣ ڕوفاتی «مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی» لە ئێرانەوە بگەڕێننەوە بۆ بارزان، کەرنەڤاڵی پێشوازی تەواوی خەڵکی کوردستانیش لە ڕوفاتیان، ڕاشکاوانە ئەو ڕاستیەیەی پێی گوتین: مرۆڤە گەورەکان لە دوای ئاوابوونیان لە دایك دەبن و سبەی سەردەمی «هزری مستەفا بارزانی» دەست پێ دەکات، بێگومان هەتا ئێستا هەبێت، «سبەی» هەر بەدەوام دەبێت، ئەو «سبە»یە لە هزری مستەفا بارزانیدا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە و بێگومان لەو سبەیەدا جارێکی دیکە مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی لەدایك دەبنەوە و ئەو هزرە لەو دەوڵەتە تەرجەمە دەبێت، کە ئەوانی لە پێناودا ئاوا بوو و ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات.

**کۆستی ئاوابوونی ئیدریس بارزانی دووهێندە باری سەرشانی سەرۆك مسعود بارزانی قورس کرد، بەڵام ئەو پڕۆژانەی پێشتر لەگەڵ ئیدریس بارزانی پێکەوە کاریان لەسەر کردبوو بۆ یەکرێزی و تەبایی و ئاشتەوایی سەرۆك بارزانی گەیاندییە ئەوەی «بەرەی کوردستانی» دابمەزرێت**

**ئیدریس بارزانی جێگەی متمانەی نەتەوەکەی خۆی بووە بۆ تەبایی و یەکرێزی و ئاشتەوایی کە ئەمانە هەمووی بە ژینگەی تەندروست بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەی پێناسە کردووە**

**سەرۆك بارزانی دوای نەمانی بەرەی کوردستانییش، پارتی کردە ئەو ڕەشماڵە گەورەیەی بیری نەتەوەیی و کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە کۆنگرەیەکی نیشتمانی و لەگەڵ چەند پارتی دیکە (سۆشیالیست، پاسۆك، گەل) یەکگرتنیان ڕاگەیاند**



فەریق ڕوکن عیسا عوزێر سەرۆک ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی پاڵپشتیی پێکهێنانی هێزێکی تۆکمە و پرۆفیشناڵی پێشمەرگە دەکات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خێرا جێبەجێکردنی چاکسازی

فەریق ڕوکن عیسا عوزێر کە سەرۆك ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگەیە، لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان چەند پرسێکی پەیوەست بە هەماهەنگییەکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان و سوپای عێراقی خستە ڕوو، کە زیاتر خۆی لە هەنگاوەکانی ڕیفۆرم لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە و پرۆسە ئیداری و سەربازییەکانی ناو وەزارەتی پێشمەرگە دەبینێتەوە، لەگەڵ ڕۆڵی هێزەکانی ئەمریکا لە ناو پرۆسەی چاکسازیدا و ئەو یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنانەی کە لە نێوان هەردوو لادا هەن، هەروەها ماف و پشکی وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی گشتیی عێراق، کە ئایا تا چەند حکومەتی فیدراڵ بە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی هەڵساوە سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکان لە چەکی پێشکەوتوو، کە بە پێی دەستوور، هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە مەنزوومەی بەرگریی عێراق، ئەمانە و چەندین بابەتی پەیوەندیدار تەوەری ئەم دیمانەیە بوون.

*** با پرسیارەکانمان لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی هاوپەیمانان، بەتایبەتی ئەمریکاوە دەست پێ بکەین، ئایا لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی و هاوکارییە سەربازییەکان لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی ئەمریکا لە چ ئاستێکدایە؟**

- هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا بە ڕێبەرایەتی و سەرکردایەتیی سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی زۆر باشیان گێڕا لە تێکشکاندنی داعش و توانییان هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بە جیاوازیی پێکهاتەکانیەوە بپارێزن، لەمەشدا هێزەکانی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا پاڵپشت و هاوکار بوون، لە دوای شەڕی داعش و لە ساڵی ٢٠١٥ لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی هەنگاو نرا بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدا، ڕیفۆرمیش تەنیا مەبەست و مانای یەکگرتنەوەی هێزەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ نییە، بەڵکو واتا و ئامانجێکی گەورە و ستراتیژیەتێکی فراوان لەخۆ دەگرێت و، تەواوی پرۆسە ئیداری و سەربازییەکانی ناو وەزارەتی پێشمەرگە دەگرێتەوە، هێزەکانی ئەمریکا دوای وردبوونەوە لە ناو پرۆسەی چاکسازیدا وایان پێ باش بوو، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا واژۆ بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر و قووڵتر و ڕێکوپێکتر و بە بەرنامەوە بچنە ناو پرۆسەی چاکسازییەوە، کاتێکیش چووینە ئەمریکا، لەوێ پێشوازییەکی زۆر باش و گەورە کراین و بیروبۆچوونەکانمان ئاڵوگۆڕ کرد، لێرەوە یاداشتنامەکە واژۆ کرا و نەخشە ڕێگەیەك ئامادە کرا و ڕیزبەندییەك کرا، تاوەکو لە ماوەی چوار ساڵدا ئەو ئامانجە بپێکین کە لەسەری ڕێککەوتووین، بەتایبەتی پرسی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ لە ناو هێزەکانمان (القیادة والسیطرة - Command and control) و هەروەها ڕێکخستنی یەکەی ژمێریاری و چەندین بابەتی دیکەی پێویست بۆ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە شێوەیەك کە لەگەڵ پێداویستی و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێت. پێکەوەکارکردنی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان لە نێویاندا هێزەکانی ئەمریکا و جێبەجێ کردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن یارمەتیدەر دەبێت لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا بۆ ڕێکخستنەوە و ڕیفۆرمی سەرتاسەریی هێزەکانی پێشمەرگە، سەرۆك بارزانی و بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو سەرکردایەتیی سیاسی پێکهێنانی هێزێکی گەورە و تۆکمەی پرۆفیشناڵ لە ناو هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازیی ئایینی و ناوچەگەرێتی بە گرنگ دەزانن بۆ پاراستنی هەرێمەکەمان، بە جۆرێك هێزی پێشمەرگە دوور بکەوێتەوە، لە هەموو ویستێکی دژ بە چاکسازی و تەنیا بۆ خاك و نیشتمان و بەرزڕاگرتنی ئاڵای کوردستان بگەڕێتەوە، هەروەها لە ناو پێشمەرگەدا پێویستیی حزبایەتیمان تەنیا لە کاتی دەنگدان دەربخەین، پێکهێنانی ئەم هێزەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هاوکاریی باشتری جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی دەکات.

لە ئێستادا کارەکانمان لە ناو حکومەت زۆر بە خێرایی و دوور لە ڕۆتینات بەڕێوە دەچێت، ئەوەی پێشتر بە ساڵێك دەکرا، ئێستا بە یەك هەفتە وەڵاممان دەدرێتەوە، ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە سوپاسی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەو پاڵپشتییە، هیوادارم تا کۆتایی پرۆسەی چاکسازی پاڵپشتمان بن.

*** لەم سەردەمەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستی بە چەك و هاوکاریی پێشکەوتووی سەربازی هەیە، ئایا تاچەند ئەم جۆرە هاوکارییە سەربازییە پێشکەوتووانە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکا دەدرێتە پێشمەرگە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان لە هێرشی سەربازی بە مووشەك و درۆنی سەربازی بپارێزرێت؟**

- لە دوای شەڕی داعش هاوکاریی سەربازیی هاوپەیمانەکان و لە ناویشیاندا هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کەمی کردووە، تەنیا لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازیدا و بەپێی ئەو قۆناغە چاکسازییەی جێبەجێی دەکەین، هاوپەیمانەکان ئامادەکاریی دەکەن بۆ پێشکەشکردنی پێداویستیی سەربازی. بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ

**یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان یارمەتیدەر دەبێت، بۆ ڕێکخستنەوە و ڕیفۆرم لە ناو هێزی پێشمەرگەدا**

**هەماهەنگی و پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا هەیە و لە هەوڵی کاراکردنی بنکەکانی هەماهەنگین**

**لە دوای شەڕی داعش و لە ساڵی ٢٠١٥ لەسەر فەرمانی سەرۆک بارزانی هەنگاو نرا بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدا، ڕیفۆرمیش تەنیا مەبەست و مانای یەکگرتنەوەی هێزەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ نییە، بەڵکو واتا و ئامانجێکی گەورە و ستراتیژیەتێکی فراوان لەخۆ دەگرێت و، تەواوی پرۆسە ئیداری و سەربازییەکانی ناو وەزارەتی پێشمەرگە دەگرێتەوە**

بەرزبوونەوەی ئاستی هێزەکانی پێشمەرگە ئەم پێداویستییە سەربازی و چەکە پێشکەوتووانە دەستەبەر دەبن و قسەو گفتوگۆمان لەسەر کردووە.

*** کەواتە ئەم چاکسازییەی ناو وەزارەتی پێشمەرگە پێویستە پێکهێنانی فیرقەکانیش لەخۆ بگرێت، ئایا هەنگاوەکانی پێکهێنانی فیرقەکان بە کوێ گەیشتووە؟**

- دروستکردنی فیرقەکان قۆناغێکی دیکەیە لە ڕیفۆرم لە بواری پرسی فەرماندەیی و کۆنتڕۆڵ و، لە دوای دامەزراندنی لیوا هاوبەشەکان دێت، کاتێك یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ بە تەشکیلەی لیوا دێنە ناو وەزارەتی پێشمەرگە و دوای ڕێکخستنەوەیان لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەدا، فەرماندەیەکی سەرووی ئەوان بە ناوی فەرماندەیی فیرقە دادەمەزرێت، دامەزراندنی فیرقە بۆ باشترکردنی فەرماندەیی و کۆنتڕۆڵە لە ناو هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا و هەنگاوەکان لەم بوارەدا بەردەوامە.

*** هەر سەبارەت بە چاکسازییەکان، ئایا بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی و ڕێکخستنەوەی خانەنشینی دەگرێتەوە؟**

- بە خۆشحاڵییەوە یەکەمین کارم کە ئەنجامم دا، پرسی بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەرەکان بوو، کە بە هۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە لەم بابەتەدا زۆر دواکەوتووین، چ بە هۆی گرفتی سیستمی وەزارەتی پێشمەرگەوە بێت، یان بە هۆی ئاستی توانایی هەندێك لە ئەفسەرەکانەوە بێت، یانیش بە هۆی خراپیی دۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەمیی بودجەوە بێت، ئەم بابەتە پێویستی بە ڕێکخستنەوە و خێرا جێبەجێکردن بوو، چونکە بەشێکی زۆر لە ئەفسەرەکانمان ئەگەر لە ماوەیەکی کەمدا پلە بەرزکردنەوەیان بۆ نەکرێت، دەگەنە ماوەی یاسایی خانەنشینبوون، دواخستنی ئەم بابەتەش کاریگەریی لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیشیان دەبێت، چونکە لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە و تەشکیلاتەکانیدا ناتوانیت بە پلەیەکی کەم ئەرکێکی قورس جێبەجێ بکەیت، بە پێچەوانەشەوە بە پلەیەکی بەرز پۆستێکی کەمتر بەڕێوەبردن قبووڵکراو نییە، بەرنامەی چاکسازیی خانەنشینی و پلە بەرزکردنەوەی پێکەوە بەستبوو، دوای چەندین دانیشتن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و لەگەڵ خودی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەرئەنجام ئەم دوو بابەتە پێکەوە نەبەسترایەوە و بەپێی یاسا جەدوەلی ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩مان پێکەوە هێنایەوە و خانەنشینیشمان بەڕێ کرد، ئێستا خەریکین پێنج جەدوەل پێکەوە پێشکەش بکەین، تا بگەینە ئاستێکی پێویست، لە هەمان کاتدا کارمان لەسەر دوو جەدوەلی دیکە لە مانگی ٩ ی ساڵی ٢٠٢٢ و نەورۆزی ساڵی ٢٠٢٣ کردووە، تاوەکو لە ساڵی ٢٠٢٣ کێشەی تەرقییە لە ناو لەشکری کوردستاندا نەمێنێت.

*** پەیوەندیی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا دامەزراندنی هێزە هاوبەشەکان بە کوێ گەیشت، بەتایبەتی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لە ڕووی سەربازی و ئەمنییەوە بە ناوچەکانی بۆشایی ئەمنی دادەنرێن؟**

- لەو ماوەیەی کە من دەست بە کار بووم، نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنێکی زۆر باش لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق و هێزە ئەمنییەکان بەگشتی و فەرماندەیی هاوبەش و دژە تیرۆردا هەیە، هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ئاستێکی باڵادایە، پەیوەندیی زۆر باش هەیە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی هەموو ئەو ناوچانەی بە بۆشایی ئەمنی دادەنرێن، پێشتر ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجام دراوە بۆ ئەو ناوچانەی کە چەکدارانی داعش بەکاریان دەهێنا، لە ئێستادا گفتوگۆی زۆر هەیە و پێش بەڕێوەچوونی هەر ئۆپەراسیۆنێکیش کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا ئەنجام دەدرێت، ئێستا لە هەوڵی پەرەپێدانی بنکەکانی هەماهەنگیی نێوان ئێمە و لایەنی عێراقیداین، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق زۆر باشە و دیدگای هاوبەشمان بۆ پێکەوەکارکردن لە داهاتوودا هەیە.

*** بەڵام حکومەتی عێراق ساڵانێکی زۆرە ماف و پشکی وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی گشتیی عێراق نانێرێت و پێشمەرگەی لە زۆر پێداویستیی سەربازی و چەکی پێشکەوتوو بێبەش کردووە، لە کاتێکدا بە پێی دەستوور هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە مەنزومەی بەرگریی عێراق؟**

**پێویستە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بەهێز بێت و لە پلان و بەرنامەدایە تۆکمەتر بکرێن**

**لە ئێستادا کارەکانمان لە ناو حکومەت زۆر بە خێرایی و دوور لە ڕۆتین بەڕێوە دەچێت، ئەوەی پێشتر بە ساڵێک دەکرا، ئێستا بە یەک هەفتە وەڵاممان دەدرێتەوە**

**کاتێک یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ بە تەشکیلەی لیوا دێنە ناو وەزارەتی پێشمەرگە و دوای ڕێکخستنەوەیان لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەدا، فەرماندەیەکی سەرووی ئەوان بە ناوی فەرماندەیی فیرقە دادەمەزرێت**

**بەشێکی زۆر لە ئەفسەرەکانمان ئەگەر لە ماوەیەکی کەمدا پلە بەرزکردنەوەیان بۆ نەکرێت، دەگەنە ماوەی یاسایی خانەنشینبوون، دواخستنی ئەم بابەتەش کاریگەریی لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیشیان دەبێت**

- قسە و گفتوگۆی زۆر لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو بودجەی گشتیی عێراقدا دەکرێت، بەڵام تا ئێستا هەموو ئەم قسە و بەڵێنانە نەبوونەتە کردار، هەر خۆی لە خۆیدا ئەمە کێشەکەیە کە هەمیشە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەڵێن و قسە زۆرە لەسەر جێبەجێکردنی داواکاریی و خواستەکانمان، بەڵام کردار شەرتە و تا ئێستا تەنیا قسەیە.

*** هەر وەکو دەزانین ڕێککەوتنی شنگال کە بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر تا ئێستا هیچ خاڵێکی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا لێ جێبەجێ نەکراوە، ئایا هۆکاری جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی شنگال بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ڕێککەوتنی شنگال و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ هێزی وەزارەتی بەرگریی عێراقدا تاکە ڕێگەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و گەڕانەوەی کوردانی ئێزدی، قسە زۆر دەکرێت، بەڵام لەو کاتەی ڕاوەستاوە تاوەکو ئێستا جووڵەی پێ نەکراوەتەوە، پاساو و بیانووی جۆراوجۆر دەهێنرێتەوە بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە گرنگە، لایەنی سیاسیی عێراقی هەیە کە بەرگری لە مانەوەی پەکەکە دەکات، بەداخەوە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاودەنگ نین بۆ ئەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەی شنگال بگەڕێتەوە، بابەتەکە تێکەڵ بە چەندین ئەجیندە و بەرژەوەندیی تایبەتی و دەرەکی بووە.

*** کەواتە بەو پێیەی بۆشایی ئەمنیی زۆر لە ناوچە و پانتاییەکی گەورە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی عێراق هەیە، بەردەوام داعش وەکو مەترسییەکی گەورە دەردەکەوێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە دواخستنی چارەسەری گەڕانەوەی ئەمنی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، تا چەند مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشی لێ دەکەوێتەوە؟**

- لە هەر شوێنێك بۆشایی ئەمنی هەبێت و لایەنی سەربازی و هێزە ئەمنییەکان لاواز بن، ئەو ناوچانە نەك تەنیا مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشیان لێ دەکرێت، بەڵکو بەردەوام داعش هاتوچۆی تێدا دەکەن و هێرش و پەلامار ئەنجام دەدەن و زیانی گیانی و ماڵیی زۆریشی لێ کەوتووەتەوە، ئازاری هاووڵاتیانی ئێمەشیان داوە، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆر لەو ناوچانە کە داعش تێیدا باڵادەستە، بە تەواوەتی کۆنترۆڵی کردووە و کار و کردەوەی تیرۆرستی تێدا ئەنجام دەدات، هەروەکو سەرۆك بارزانی هۆشداریی بە لایەنی عێراقی و هاوپەیمانەکان دا، لە دوای ڕاگەیاندنی تەواوبوونی داعش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، کە سەرۆك باوەڕی وا بوو، هێشتا داعش بنبڕ نەکراوە، هەرواش دەرچوو، تائێستا داعش هەیە و بەردەوام دەردەکەون و هاتوچۆ دەکەن و کار و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

*** یەکێك لە بابەتە گەرمەکان دامەزراندنی هێزەکانی پاسەوانی سنوورە، ئەم بابەتە بە کوێ گەیشتووە؟**

- هاووڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە کە سنوورەکانی هێزی پێشمەرگە تۆکمەیە و ئەوەی بەرانبەر داعشە، تادێت ئەو سنوورانە و هێزەکانمان تۆکمەتر دەکەین، ئەوەی پەیوەندی بە وەڵامی پرسیارەکەشەوە هەیە، هەمووان هاوڕان بەوەی سنوورەکانی تورکیا و ئێرانیش تۆکمەتر و باشتر بکرێت، دامەزراندنی هێزەکانی پاسەوانی سنوور زیاتر پەیوەستە بە وەزارەتی ناوخۆوە، بەڵام ئێمەش هاوکاریان دەبین و لە ناوچەکان ئیشوکارێکی زۆر کراوە و هەندێك ناوچە بە تەواوەتی کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە، بەداخیشەوە بەهۆی بوونی پەکەکە زۆر ناوچەی کوردستان چۆڵ کراوە و نەتوانراوە دەستی ئاوەدانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ بگەیەندرێت.

پەکەکە بووەتە بیانوویەك بۆ ئەوەی هێزەکانی تورکیا بێنە ناو هەرێمی کوردستان، بەوەش شەهید و قوربانیی زۆری خەڵکی سڤیلی لێ کەوتووەتەوە و بە سەدان گوندیش ئاوەدان نەکراونەتەوە، هیوادارم پەکەکە بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە و بیر لە چارەسەری ئاشتییانە بکاتەوە و لەگەڵ تورکیا بکەونە دیالۆگ و دەست لەو خەباتی چەکدارییە هەڵبگرن، کە تەنیا زیانیان بە میللەتی کورد لە تورکیا و هەرێمی کوردستان گەیاندووە، هیواداریین خۆیان و میللەتی کورد لە تورکیا بگەنە ئامانجە ڕەواکانیان و وەکو هەموو گەلانی دیکە بە ئاسوودەیی بژین.

**قسە و گفتوگۆی زۆر لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو بودجەی گشتیی عێراقدا دەکرێت، بەڵام تا ئێستا هەموو ئەم قسە و بەڵێنانە نەبوونەتە کردار**

**لایەنی سیاسیی عێراقی هەیە کە بەرگری لە مانەوەی پەکەکە دەکات، بەداخەوە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاودەنگ نین بۆ ئەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەی شنگال بگەڕێتەوە، بابەتەکە تێکەڵ بە چەندین ئەجیندە و بەرژەوەندیی تایبەتی و دەرەکی بووە**

**لە هەر شوێنێک بۆشایی ئەمنی هەبێت و لایەنی سەربازی و هێزە ئەمنییەکان لاواز بن، ئەو ناوچانە نەک تەنیا مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشیان لێ دەکرێت، بەڵکو بەردەوام داعش هاتوچۆی تێدا دەکەن و هێرش و پەلامار ئەنجام دەدەن**

**پەکەکە بووەتە بیانوویەک بۆ ئەوەی هێزەکانی تورکیا بێنە ناو هەرێمی کوردستان، بەوەش شەهید و قوربانیی زۆری خەڵکی سڤیلی لێ کەوتووەتەوە و بە سەدان گوندیش ئاوەدان نەکراونەتەوە**

د. حەمید باڤی پروفیسورێ هاریكار بۆ گولان:

# ڕێزگرتنا سەروكێ حكومەتێ بو مەلا وماموستاییێن ئایینی گرنگ وپێدڤی وجهێ دەستخوشییێ وسوپاسییێ یە

**مەلا مصطفی بارزانی ڕێزەكا ئێكجار مەزن بو ماموستاییێن ئایینی هەبوو وباوەریەكا موكم و زێدە ب شیانێن وان یێن زانستی وب ڕفتارا وان یا جوان دگەل جڤاكی و ب رولێ وان یێ كاریگەر وكارتێكەر هەبوو**

د. حەمید باڤی پروفیسورێ هاریكار ماموستا ل سالێن (١٩٧٨-١٩٨٢) كولیژا شەریعەتی ل زانكویا بەغدا خواندیە وخلاسكریە وبەكالوریوس ب(شەریعەتی ) وەرگرتیە، ل سالێن (١٩٨٣-١٩٨٥) هاتە وەرگرتن ل خواندنا بلند ل پشكا ئایینی/ كولیژا شەریعەتی/ زانكویا بەغدا وخواندیە وباوەرناما ماجستێری وەرگرتیە ب ناما خوە (تدوین الكتب المقدسة: التوراة، الإنجيل، القرآن)- ڤەكولینەكا هەڤبەركری، چەند ڤەكولین وبابەتێن ئایینی ودیروكی نڤێسینە وهندەك بەلاڤەكرینە، لەوما گوڤارا گولان بفەرزانی هەڤدیتنەكێ دگەل بكەن دەربارەی چەند پرسێت گرێدایێ ب لایەنێ نەتەوەیی و ئایینیڤە .



*** هەوە شارەزایەکا باشا ل دیروکا ئایینێ پیروزێ ئیسلامێ و ماموستا ومەلایێت کوردستانێ هەی، مە دڤێت بزانین رولێ ماموستاییێن ئایینێ د شورەشا ئەیلولێ چەوا بوو؟**

- ل سەردەمێ رێبەرێ گەلێ کوردستانێ خودێ ژێ رازی: مەلا مصطفی بارزانی (١٤/ ٣/ ١٩٠٣- ١/ ٣/ ١٩٧٩ێ) ئەو بخوە وپرانیا سەرکردێن دی شێخ و فەقی و مەلا وئەهلێ مزگەفتێ وماموستاییێن ئایینی بوون... چونکو ئەوان بەری هەر کەسەکێ دی هەست ب وێ زولم و زورداریا ل سەر ملل‌ەتی دکر، و ژ بەر پێگەهـ و رولی وان یێ ئایینی وجڤاکی یێ کاریگەر، کە ملل‌ەتی رێزەکا مەزن لێ دگرت وگوهداریا وان دکر وئاخفتنا وان بهایێ خوە هەبوو و پەیڤا وان نە دهاتە رەتدکرن د ناڤ جڤاکێ کوردستانێ یێ ديندار دا، کە بیر وهزر د وەسا بوون: ما دەم ئەو ماموستاییێن ئایینی بکێر رێبەریا کار وبارێن ئایینی د هێن دێ بکێر رێبەریا کاروبارێن دونیایێ ژی هێن ... لەوما ژی ژمارەیەکا هەرە زور ژ کادر وسەرقول وفەرماندە وسەرکردێن شورەشا ئەیلولێ (١١/ ٩/ ١٩٦١- ٦/ ٣/ ١٩٧٥ێ) دەرچوویێن خواندنگەهێن ئایینی ومزگەفتان بوون، چونکو ئەو باش د خویندەڤان و رەوشەنبیر و زانا وتێگەهشتی بوون، د شیان رێبەریا شورەشێ وسەرکردایەتیا پێشمەرگەهی بکەن، وجڤاکی (قانع) بکەن..، لەوما ژی نەمر مەلا مصطفی بارزانی رێزەکا ئێکجار مەزن بو ماموستایێن ئایینی هەبوو وباوەریەکا موکم و زێدە ب شیانێن وان یێن زانستی وب رفتارا وان یا جوان دگەل جڤاکی و ب رولێ وان یێ کاریگەر وکارتێکەر هەبوو... ژ بەر هندێ ژی پشتەڤانیا وان دگر و ل سەر پێشنیار وپشتەڤانیا

**هەتا نوکە ئەو هزر وبیرا ئایینی وجڤاکی پێکڤە گرێدەدت یا بەردەوامە ل باشورێ کوردستانێ بەلێ نە ب وی پلا بلند یا سەردەمێ مەلا مصطفی بارزانی وشورەشا ئەیلولێ**

**مخابن ئەو هەردوو مینبەرێن زانستێن ئایینی وکەلهێن هزرا نیشتیمانپەروەری ل دهوکێ ئەوێن سەروک بارزانی شانازی پێ کری وپێ دلخوش بووی هەردوو ب حەزا نەحەزان هاتنە داختن و ژناڤبرن**

**هندەک هێزێن ئیسلامی یێن سیاسی ژی هەنە و هندەک ژ ڤان پارت و هێزان ب ژدەرڤە د گرێداینە وب ڤێ چەندێ زیانێ د گەهیننە ئێککگرتنا گەلێ کوردستانێ**


مەلا مصطفى بارزانی (ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ) هاتە دامەزراندن ل (٢١/ ٩/ ١٩٧٠) ب پشکداری وب سەرپەرشتیا بارزانی یا راستەوخوە.

*** دێ شێین بێژین هەتا نهو هزرا گرێدانا ئایین و نەتەوەی بەردەوامیا هەی؟**

- بێگومان هەتا نوکە ئەو هزر وبیرا ئایینی وجڤاکی پێکڤە گرێدەدت یا بەردەوامە ل باشورێ کوردستانێ بەلێ نە ب وی پلا بلند یا سەردەمێ مەلا مصطفى بارزانی وشورەشا ئەیلولێ... چونکو هینگێ ئێک پارتا دەستهەلات وئێک کارگێری وئێک لەشکەرێ ئێککگرتی (پێشمەرگە) هەبوو.. هەر ژ شنگال و زاخو هەتا خانەقین ومەندەلی هەمی مللەتی ب گشتی گوهداریا بارزانی دکر... بەلێ مخابن نوکە چەندین حیزب ودەستهەلات وئێدارە وهێزێن چەکدار یێن جودا جودا ل باشورێ کوردستانێ هەنە.. ژ وانا هندەک هێزێن ئیسلامی یێن سیاسی ژی هەنە و هندەک ژ ڤان پارت و هێزان ب ژدەرڤە د گرێداینە وب ڤێ چەندێ زیانێ د گەهیننە ئێککگرتنا گەلێ کوردستانێ و بزاڤا بدەستڤەئینانا مافێن وان یێن رەوا وعادیلانە!!، و رێزدار مسعود بارزانی ژی بزاڤ دکر ژ بو راگرتنا هزرا نەتەوی وئایینی ب هەڤرا.. لەوما دەمێ سەرەدانا (کولیژا شەریعێ وخواندنێت ئیسلامی) و(پەیمانگەها ئیسلامی) ل دهوکێ کری ل تیرمەها سالا (١٩٩٢ێ) وهایداری پروگرام وربێازا وان بووی- وەک ئێکەمین کولیژە ل دەڤەرا بادینان هاتیە دامەزراندن ل سەر بونیاتێ زانستی وئایینی وخزمەتکرنا جڤاکێ کوردستانێ- ڤەکرنا ڤێ کولیژێ پیروز کر وپەیڤەک د تومارگەها کولیژێ دا تومارکر وگوت: (ب ناڤێ خودێ مەزن ودلوڤان: دەمێ من سەرەدانا کولیژا شەریعەتێ ئیسلامێ وپەیمانگەها ئیسلامی ل دهوکێ کری، من پێشکەفتنەکا بەرچاڤ دیت د کار وباریێن وان دا، کە ئەڤ چەندە جهێ شانازی ودلخوشیا مە بوو، چونکو تێکەلکرنا ئالیێ نەتەوی د گەل ئالیێ ئایینی دێ شێت مەزنترین خزمەتێ پێشکێشی گەلێ کورد کەت، ئەز هیڤیا هەمی پێشکەفتنێ وسەرکەفتنێ دکەم بو کولیژا نوی وپەیمانگەها ئیسلامی ژ بو خزمەتا ئایینی و نیشتیمانی و خودێ هاندەر بیت / بسم الله الرحمن الرحيم... لدى زيارتي لكلية الشريعة الاسلامية والمعهد الإسلامي في دهوك شاهدت تقدما ملحوظا في أوضاعهما ، وكان ذلك مبعث فخر وسرور لنا ، لأن خلط الجانب القومي بالجانب الديني يستطيع أن يقدم أكبر خدمة للأمة الكوردية ، أرجو للكلية الفتية وللمعهد الاسلامي كل التقدم والنجاح لخدمة الدين والوطن ، والله الموفق ١٩٩٢/٧/٧)، کە مللەتێ مە مللەتەکێ موسلمان وئولدارە وداخواز وئارمانجێن خوە یێن نەتەوی وملەتینی هەنە ودڤێت هەردوو ئارمانج بجهبێن... بەلێ د نوکە دا دڤیا پێنگاڤێن باش بهێنە هاڤێتن ژ بو کاراکرنا رولێ (ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ) و(وەزارەتا ئەوقاف وکاروبارێن ئایینی) وپشتەڤانیکرنا وان، وڤەکرنا خواندنگەهـ وپەیمانگەهـ وکولیژە وزانکویێن ئایینی یێن فەرمی دا دەرچوویێن وان خزمەتا مزگەفتان و جڤاکێ کوردستانێ بکەن وبەردەوامیێ بدەنە وێ رێبازا گرێدانا مەرەمێن ئایینی ب مافێن جڤاکێ کوردستانێ ڤە، چونکو مخابن ئەو هەردوو مینبەرێن زانستێن ئایینی وکەلهێن هزرا نیشتیمانپەروەری ل دهوکێ ئەوێن سەروک بارزانی شانازی پێ کری وپێ دلخوش بووی هەردوو ب حەزا نەحەزان هاتنە داختن و ژناڤبرن!!.

*** ل خەباتا نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری هەتاچەند ئاینێ پیروزێ ئیسلامێ و قورئان و فەرمودا رولی بەرگری کرن و پشکداری د شۆرش و خەباتێدا لسەر مامۆستایا و زانایایێن ئیسلامی فەرز کریە؟**

- ئایینێ ئیسلامێ یێ پیروز یێ هاتی بو هەمی مروڤایەتیێ وب چ نەتەوا ڤە نە یێ گرێدایە بەلکو هەمی نەتەوە ( ژ وانا: کورد) دشێن بو خوە مفایی ژ ناڤەروک ومەرەمێن ئایینێ ئیسلامی بکەن دەربارا بەرەڤانیکرنێ ژ مافێن خوە یێن نەتەوی ونیشتیمانی یێن رەوا وعادیلانە... وزور ب ئاشکرایی قورئانا پیروز وئاخفتن وفەرمودێن پێغەمبەری (سلاڤێن خودێ ل سەر بن) دان یا ب هەمی مللەتان و زمان وئازادی و وەکهەڤیا وان دایی، هەروەسا دان یا ب ژیانا بەختەوەر و دادپەروەری بو هەمیان دایی، ومافێن وەلاتیان یێن پاراستین ومافێ



بسم الله الرحمن الرحيم

لدى زيارتي لكلية الشريعة الإسلامية
والمعهد الإسلامي في دهوك شاهدت
تقدماً ملحوظاً في أوضاعهما ، وكانت ذلك
مبعث فخر وسرور لنا ، لأن خلق الجانب
العلمي بجانب الديني يستطيع تقديم اكبر
خدمة للأمة الكردية .

أرجو للكلية الفتية وللمعهد الإسلامي
كل التقدم والنجاح لخدمة الدين والوطن
والله الموفق .

١٩٩٤/٧/٧

تۆمارا سەرۆك بارزانی ل دەمێ سەردانا كولیژا شەریعەت و خواندنێن ئیسلامی و پەیمانگەها ئیسلامی

**مەلا وماموستایێن ئایینی وەک ئەرکەکێ ئایینی ونیشتیمانی خەبات کریە وپشکداری شورەش وسەرهلدانان بووینە وسەرکێشیا وان زور جاران کریە دژی رژێمێن داگیرکەر و زوردار وهێرشبەر بو سەر سنور وئاخا کوردستانێ وگەلێ وێ**

**د ڤان چەرخێن دویماهیکێ دا بو هندەک رامانێن دی ژی دهێتە گوتن ژ وانا: (ئیسلامی/ إسلامي) ئانکو ئەو روژهەلاناس (مستشرق)ێن د هاتنە ناڤ جیهانا ئیسلامی وڤەکولین ونڤێسین دکر د گوتە وان: (ئیسلامی/ إسلامي)**

بەرڤانیکرنێ ژ خوە وژ مولک ومال و ژ وەلاتێ خوە وژ هەمی مافێن خوە (یێن مادی ومەعنەوی) یێ دایە هەمیان... خودایێ مەزن ودلوڤان د بێژیت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)- سوره الحجرات ١٣-، (وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ...) — إبراهيم ٤-، و(وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ)- روم ٢٢-، و دڤێت هەر مللەتەک ئازاد وسەربەست بژیت (متى اسْتَعْبَدْتُمُ الناسَ وقد وَلَدَتْهُم أمهاتهم أحراراً)، وپێغمبەرێ خودێ (سلاڤێن خودێ ل سەر بن) گوتیە:(لا فضل لعربي على عجمي، ولا لعجمي على عربي، ولا الأحمر على الأسود، ولا الأسود على الأحمر إلا بالتقوى)، ویا گوتی: (مَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ قُتِلَ دُونَ أَهْلِهِ ، أَوْ دُونَ دَمِهِ ، أَوْ دُونَ دِينِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ)، هووسا ئایینێ ئیسلامێ ب چەندین ئایەتێن قورئانا پیروز وب فەمودێن پێغمبەری (سلاڤێن خودێ ل سەر بن) مافێ دایە هەر مروڤەکی وهەر مللەتەکی بەرڤانیێ ژ خوە وژ مالێ خوە، وژ مللەت وژ وەلاتێ خوە بکەن بەرامبەری هەر هێرەشبەرەکی زوردار وهەکە مروڤ هاتە کوشتن ژی (شەهیدە) وهەکە هێرەشبەر هاتە کوشتن مروڤ نە گونەهبارە وهەر ئەو هێرەشبەرێ زوردار دێ چیتە ئاگرێ دوزەخێ، لەوما ژی مەلا وماموستایێن ئایینی وەک ئەرکەکێ ئایینی ونیشتیمانی خەبات کریە وپشکداری شورەش وسەرهلدانان بووینە وسەرکێشیا وان زور جاران کریە دژی رژێمێن داگیرکەر و زوردار وهێرشبەر بو سەر سنور وئاخا کوردستانێ وگەلێ وێ.. وجڤاک ژی یێ هاندایی دا پشکداریێ د شورەشێ دا بکەن هەر ئێک ل دویف شیان وپێچێبوینا خوە وەک ئەرکەکێ ئایینی ومللەتینی بەرڤانیێ ژ مللەت و وەلاتی خوە بکەن ل دویف فەرمانا خودێ و پێغمبەرێ وی ورێنماییێن ئایینی ئیسلامێ یێ پیروز.

*** نیزیک بوونا جەنابێ سەروکێ حکومەتێ ل ماموستا و زاناێین ئیسلامێ چەندە پێتڤییە بو هندێ کو رولْ و پێگەیا ماموٚستایاێین ئاینی ل پاراستنا نەتەوەو نیشتمان بزڤریتەڤە؟ ڕێزلێنانا سەروٚکی حکومەت بوٚ ماموٚستایاێین ئاینی چەندا گرنگ بوو؟**

- بێگومان زور گرنگە سەروکێ حکومەتێ وهەمی وەزیر وبەرپرس ودەستهەلات بگشتی نێزیکی (ئێکەتیا زانایێن ئایینی) وماموستا وزانایێن ئولی ببن ورێزێ لێ بگرن وپشتەڤانیا وان بکەن وگوهداریا پێشنیار وشیرەتێن وان بکەن دا رولێ وان یێ کاریگەرتر بیت د ناڤ جڤاکی دا ژ بوو ئێکگرتنا رێزێن مللەتی وپاراستنا مافێن وەلاتییێن کوردستانێ ل دویف بنەما وشەنگستێن ئایینێ ئیسلامێ یێ پیروز، کە ئەڤ چەندە د بیتە هێزەکا مەزن وموکم ژ بو دەستهەلاتەکا خورت ودادپەروەر، وهووسا مللەت دێ بسەرکەڤیت وجڤاک دێ ب خوشی وب بەختەوەری ژیت ودێ یێ ئێکگرتی بیت.. هەروەسا گومان تێدا نینە کە رێزگرتنا سەروکێ حکومەتێ ودەستهەلاتێ بگشتی بو مەلا وماموستایێن ئایینی ل سەر بنەماێێن پێشکێشکرنا خزمەتەکا دروست و ساخلەم بو ئایینی وبو جڤاکی کارەکێ زور گرنگ وپێدڤی یە، وجهێ دەستخوشیێ وسوپاسیێ یە.

*** جوداهیا ناڤبەرا موسڵمان و ئیسلام چییە؛ ئەرێ مللەتی کورد موسڵمان نییە، بۆچی هندەک کەسێن پەیدابووی دڤێت ببینە ئیسلامەکا سیاسی یان بوچی ژ لایێ لەلایەن داگیرگەرێن کوردستانێ کوردێ موسڵمان تێت قەتلوعام کرن؟**

- (موسلمان/ مسلم) ئەو کەسە یێ شەهدە ب ئێکاتیا خودێ وب فرێکرنا پێغەمبەرێ وی ددەت (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله)، ئانکو دانێ پێ ددەت کە موسلمانە، زێدەباری کرنا نڤێژان ودانا زەکاتێ وگرتنا روژیان ل مەها رەمەزانێ و چوونا حەجێ یێ پێ چێببیت، وهەکە ئەڤ چەندە ژ دلێ خوە کر ئەڤە موسلمان و ئێماندارە (مسلم ومؤمن)، و(ئیسلامی/ إسلامي) ژی هەر ب ڤێ رامانێ د هاتە گوتن د بەرێ دا، بەلێ د ڤان چەرخێن دویماهیکێ دا بو هندەک رامانێن دی ژی دهێتە گوتن ژ وانا: (ئیسلامی/ إسلامي) ئانکو ئەو روژهەلاناس (مستشرق)ێن د هاتنە ناڤ جیهانا ئیسلامی وڤەکولین ونڤێسین دکر د گوتە وان: (ئیسلامی/ إسلامي)، پاشی ڤێ دویماهیکێ پتر بو وی کەسی د دهێتە گوتن: ئەوێ د مەیدانا

سیاسی دا کار دکەت وبانگخوازیا ئیسلامیێ دکەت و دخوازیت (شەریعەت) ببیتە پێگەهێ حوکمڕانییێ، ئانکو نوکە د بێژنە ئەوی سیاسییێ ب ناڤێ ئایینێ ئیسلامێ د ئاخڤیت (ئیسلامی/ إسلامي) دا بگەهیتە مەرەمێن خوە یێن دونیاییێ... بێگومان مللەتێ کورد پڕانیا وی موسلمانە وئێماندارە ورێزێ ل ئایینێن دی ژی دگریت، ڤێجا هەوجە ناکەت بو مەرەمەکا سیاسی یا دونیاییێ یان ژ بو بدەستڤەئینانا پوست وکورسیکا و پول وپارا بچیتە د ناڤ حیزبەکا سیاسی دا بتایبەتی دەمێ دەستهەلات وحوکمڕانی رێزێ ل ئایینێ ئیسلامێ بگریت ودەرفەتێ بدەتێ و رێکا بانگخوازیێ بو ڤە بکەت... نەخاسمە دەمێ ئەو حێزبێن ئیسلامی گرێدایی داگیرکەرێن وەلاتێ مە (کوردستانێ) بن، و ل پێش چاڤێن وان وهەمی دونیاییێ ئەو رژێمێن داگیرکەر وزوردار هێرەشێ بکەنە سەر وەلاتێ مە و ملەتێ مە قڕبکەن وببرینن وکومکوژ وجینوسایدێ وئەنفال بکەن !!!، وئەوان چ هەلویستێن دیار وئاشکرا وەرن نەبن !!، کە دڤیا گەلێ کوردستانێ هەمی یێ ئێکگرتی بیت دژی ڤان رەنگە رفتار وکریارێن دژی ئایینی ومروڤایەتییێ.

*** بوچی ملەتێ کورد نەشیایە وەکی عەرەب و فارس و تورکا مفایێ لە ئاینێ ئیسلامێ وەرگرێت بو پاراستنا کیان و ئاڤاکرنا دەولەتا خو؟**

- عەرەب وفارس وتورکا بو خوە مفا ژ ئایینێ ئیسلامێ یێ پیروز کریە و قازانج ژێ وەگرتیە وب رێکا ئایینێ ئیسلامی کیانێن خوە یێن سەربخوە پاراستینە وگەهشتنە دامەزراندنا دەولەتێ... بەلێ بوچی کورد نە بووینە دەولەت ؟ ب دیتنا من ئەڤ چەندە زڤریت ژ بو گەلەک ئەگەران ژ وانا :

أ-ئەڤ ملەتێن جیرانێن مە (عەرەب وفارس وتورکا) هەمی دەما نەتەوێ خوە ل پیشیا ئایینێ ئیسلامێ هەمبێز کریە وگرنگی پێ دایە پتر ژ ئایینی، وجهێ پویتەدانا وان یا سەرەکی نەتەوێ وان بوو نە ئایین، بەلێ ملەتێ کورد یێ دلسافە و راستگوویانە رفتار دگەل ئایینی ئیسلامێ کریە وژدل باوەری پێ ئینایە، وئیسلام بکار نە ئینایە بو گەهشتنا مەرەمێن نەتەوی وەکی ملەتێن دی.

ب- جوگرافیا وەلاتێ کوردستانێ وپارچەکرنا وێ د ناڤبەرا تورکا وفارسا وعەرەبێن عیراقێ وسوریا کەتوارەکێ زور ئاسێ وتژی ئاستەنگ وپڕی گرێ یێ بو کوردا پەیدا کری وەکی گەلێ کشمیر وبلوشی، دورمان ودوری کوردا داگیرکەرێن دوژمن وهوف ودڕوندنە ب چ رەنگا رێک نە دایە کوردا خوە رزگار بکەن ودەولەتەکا سەربخوە ئاڤا بکەن، وچ دەریا ورێک وسنورێن نە دوژمن ژی مە نینن، وجڤاکێ ناڤدەولەتی ودەولەتێن مەزن وزلهێز ژی هەردەم پشتگیریا دەولەت وملەتێن خودان هێز دکەن!، وکارێ خێرخوازی ومروڤایەتی نا کەن!!.

ت- کوردا بخوە ژی زور ناکوکیێن ناڤخویی هەنە، چ یێن ئایینی بن وچ یێن سیاسی وجڤاکی بن، هەردەم کوردا شەڕێ ئێک ودوو یێ کری وپێئالینگ یێن داینە بەر ئێکودوو هەتا هێزا سەرخوەبوونێ وپروژێ وێ لاواز و زەعیف کری.

ث- کورد بگشتی زور د ئازا وزیرەکن، وشەڕکەر وبەرڤانێن گەلەک د باشن د داستان ود روبروبوونێن مەیدانی دا، بەلێ زوربەیا بەرپرسێن وان ل سەر مێزێ د لاواز ود بێچارە نە، بتایبەتی هەکە پوست وکورسیک وپارە د بازاری دا هەبن.

ج- پڕانیا وان دەستهەلات وحوکمڕانیێن کوردا یێن خومالی ئەوێن پەیدا بووین د دیروکێ دا نموونەیەکێ وەسا جوان ومفادار ودادپەروەر نیشا ملەتی نە دایە کو ملەت هەمی ب حوکمڕانیا خوە داخبار ببیت وب روحا خوە بەرەڤانیێ ژی بکەت وداخوازا سەربەخوییێ بکەت.. چونکو هندە جاران تەخا هەژارێن ملەتی بەرێ خوە ددەنە سیستەمێ ژیانێ (وەکی:ساخلەمییێ، وپەروەردێ وخواندنێ، وڤەدیتنا دەلیڤێن کاری، وبەرهنگاریا گەندەلیێ ب هەمی شێوازێن خوە ڤە) د حوکمڕانیا خومالی دا نە یێ باشتر وچێترە ژ حوکمڕانیا داگیرکەری دا، لەوما ئەو جوش وخروشا وەلاتیێ کوردستانی هەی بو دەستهەلاتا خومالی لاواز دبیت ونامینیت، ڤێجا پشتەڤانیا وی ژی بو بزاڤا سەربەخوییێ وئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ بهێز نا مینیت، تەنها دبیتە خوزیەکا بێکار وکریار وبێ ئامادەکاری.

**ملەتێ کورد پڕانیا وی موسلمانە وئێماندارە ورێزێ ل ئایینێن دی ژی دگریت، ڤێجا هەوجە ناکەت بو مەرەمەکا سیاسی یا دونیاییێ یان ژ بو بدەستڤەئینانا پوست وکورسیکا و پول وپارا بچیتە د ناڤ حیزبەکا سیاسی دا بتایبەتی دەمێ دەستهەلات وحوکمڕانی رێزێ ل ئایینێ ئیسلامێ بگریت ودەرفەتێ بدەتێ و رێکا بانگخوازیێ بو ڤە بکەت**

**ملەتێ کورد یێ دلسافە و راستگوویانە رفتار دگەل ئایینی ئیسلامێ کریە وژدل باوەری پێ ئینایە، وئیسلام بکار نە ئینایە بو گەهشتنا مەرەمێن نەتەوی وەکی ملەتێن دی.**




## ئایدن مەعرووف

وەزیری کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی وەکو خەمخۆر و مەرجەعی گەلی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان داوە

**یەکێك لە سیما جوانەکانی هەرێمی کوردستان پرسی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانە، کە نەك تەنیا لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە، بەڵکو لە ڕووی جیهانییشەوە کوردستان بە مەکۆی پێکەوەژیانی نێوان ئایین و ئایینزا و پێکهاتەکان دادەنرێت. ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ئایدن مەعرووف وەزیری کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

*** یەکێك لە جوانییەکانی هەرێمی کوردستان کە بووەتە جێگای شانازیی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو پێکەوەژیانەیە کە ئێستا لە کوردستان هەیە، هەموو جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم لێبوردەیی و پێکەوەژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەن، ئایا ئێوە وەك نەتەوەی تورکمان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- کوردستان بە هەرێمی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی ناسراوە، لێرە هەمووان بە جیاوازیی پێکهاتەکانەوە بە ئاشتییانە و بێ گرفت پێکەوە دەژین، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتی ئەم کەلتوورە جوانەی پێکەوەژیانەیە و، کار بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی دەکات، بە ڕادەیەك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەنگاوی باشتر و زیاتر بۆ دەستەبەری مافی نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاوازەکان دەنرێت، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ پاڵپشتیکردنی پێکەوەژیانێکی لێبوردەیی و ئاشتییانە و مافی مرۆڤ و بەرجەستەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی بنەماکانی دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردستاندا.

نەتەوەی کورد و تورکمان دوو نەتەوەی زۆر لە یەك نزیکن و خزمایەتی و دۆستایەتییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و خوێنیان تێکەڵی یەك بووە، پێکەوەژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لە ڕابردووەوە لە هەرێمی کوردستان هەبووە و مێژوویەکی قووڵی هەیە، دەبێت بە هەمووان پارێزگاری لێ بکەین. ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، دەبینین کەلتووری یەکترقبووڵکردن هەبووە و هۆکار و فاکتەری سەرەکیی ئەو پێکەوەژیانە، ئاشتی و تەبایی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بووە، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە زیاتر گرنگی بە بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکان بدرێت، تاوەکو پێکەوەژیانەکە لە ڕووی سیاسی و دیپۆماسی و پەروەردە و کەلتوورەوە بەهێزتر ببێت. هەبوونی وەزارەتێکی تایبەتیش لەم کابینەیەدا بۆ کاروباری پێکهاتەکان کە بۆ یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا دادەمەزرێت، بە گۆڕانکارییەکی بەرچاو و گەورە دادەنرێت، بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان هەیە، یەکێکە لەو هەنگاوە کردەییانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسی، بەتایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی کە مەرجەعی گەلی کوردستانە، گرنگی بە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە و ئایینی و ئایینزاکان لە کوردستان دەدەن.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیرکردنی تەواوی ئەو پێکەوەژیانەیە، هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەم پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد و ڕووداوێکی گەورەش بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لە کوردستان چییە؟**

- وەك لە پێشتریش ئاماژەم پێ دا، لەم کابینەیەدا چەندین دامەزراوە کە تایبەتە بە کاروباری پێکهاتەکان دامەزراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاڵپشتییەکی گەورە و تەواو بۆ پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمدا هەیە، هەموو لایەك بەتایبەت ئێمە وەك نەتەوەی تورکمان و کلد و ئاشوور و سریانی و هەموو پێکهاتەکانی دیکە و ئایین و ئایینزاکان، دەبینین لە کابینەی نۆیەمدا کار دەکرێت بۆ پشتگیری و زیاتر بەدیهاتنی مافەکانمان، دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین کە هێزی پێشمەرگە بە بێ جیاوازی بەرگری لە خاك و هەموو نەتەوە و ئایینزاکانی نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە عێراقیشی کرد و مێژوو شاهیدە کە هێزی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتی و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی شنگالی لە دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار کرد، لەو پێناوەشدا ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندارمان بەخشی، لەلایەکی دیکەوە لەو خول و کابینەیەدا

**نابێت نەتەوە و پێکهاتەکان بخرێنە ناو ململانێ و موزایەدەی سیاسییەوە و هەر بڕیارێک لە دەرەوەی ئێمە بدرێت، جێگای قبووڵ نییە**

**پێکەوەژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لە ڕابردووەوە لە هەرێمی کوردستان هەبووە و مێژوویەکی قووڵی هەیە، دەبێت بە هەمووان پارێزگاری لێ بکەین**

**لەم کابینەیەدا چەندین دامەزراوە کە تایبەتە بە کاروباری پێکهاتەکان دامەزراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاڵپشتییەکی گەورە و تەواو بۆ پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمدا هەیە**

**بە فەرمانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار دراوە کە ئەکادیمیای نەتەوەی تورکمان و ئەکادیمیای کلد و ئاشووری لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە شاری هەولێر دابمەزرێت**

**ئەو ڕەوشە باش و پاڵپشتی و گرنگیدانەی بۆ پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان هەیە، بە هیچ شێوەیەک بەشێکی بچووکیشی لە عێراق بەرچاو ناکەوێت**

**داوامان کردووە لەو کاتەی کە لیژنەی نووسینەوە و ئامادەکردنی دەستوورەکە دادەنرێت، نوێنەری پێکهاتەکان بەتایبەت تورکمان و کلد و ئاشوور و سریانی لە ناو لیژنەکەدا بەشداربن**

**هەموو کات لە پرۆژە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا چ لە کوردستان و چ لە عێراق بووبێت، جەنابی سەرۆک بارزانی لەسەر بەشداری و مافی هەموو پێکهاتەکان پێداگری کردووە**

جگە لە دامودەزگاکانی حکومەت، بەشدارییەکی باش و بەرچاوی پێکهاتەکان لە پەرلەمان هەیە، لە وانە بەڕێز خاتوو مونا قهوەچی وەك نەتەوەی تورکمان سکرتێری پەرلەمانە و لە ئەنجومەنی وەزیران و چەندین جومگەی ئەو کابینەیەدا بەشداری کارای هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان هەیە، هەروەها لەم دواییانە بە فەرمانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار دراوە کە ئەکادیمیای نەتەوەی تورکمان و ئەکادیمیای کلد و ئاشووری لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە شاری هەولێر دابمەزرێت، کە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا ئەو دامەزراوە گرنگە کە گرنگیدانە بە کەلتوور و مێژوو و زمانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت و دەست بەکار دەبێت، ئەو ڕەوشە باش و پاڵپشتی و گرنگیدانەی بۆ پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان هەیە، بە هیچ شێوەیەك بەشێکی بچووکیشی لە عێراق بەرچاو ناکەوێت.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەك تورکمان دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا چۆن دیاری بکرێت؟**

- سەرەتا ئێمە بە پێویستی دەزانین هەرێمی کوردستان دەستوورێکی هەبێت کە لە ئێستادا پرۆژە دەستوورێکی هەیە و کار لەسەر ئەو پرۆژە دەستوورە دەکرێت، ئەگەرچی دیارە دووبارە لایەنە سیاسییەکان نەگیشتوونەتە یەك بۆ تەواوکردنی نووسینەوەی پرۆژە دەستوورەکە، ئێمە داوامان کردووە لەو کاتەی کە لیژنەی نووسینەوە و ئامادەکردنی دەستوورەکە دادەنرێت، نوێنەری پێکهاتەکان بەتایبەت تورکمان و کلد و ئاشوور و سریانی لەناو لیژنەکەدا بەشداربن، بۆ ئەوەی ئێمە ئاگاداری ماف و ئیمتیازەکانی خۆمان بین، کە لە ناو دەستوورەکەدا هەبێت و جێگیر بکرێت. هەموو کات لە پرۆژە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا چ لە کوردستان و چ لە عێراق بووبێت، جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر بەشداری و مافی هەموو پێکهاتەکان پێداگری کردووە، لە نووسینەوە و ئامادەکردنی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا سەرۆك بارزانی وەك خەمخۆری هەمیشەیی و مەرجەعی گەلی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێمە هەموو پێکهاتەکان ڕاستەوخۆ بەشدار بین لە نووسینەوەی پڕۆژەی دەستوورەکەدا و، ئەوەی کە ماف و پێویستە بۆ پێکهاتەکان بە بێ کەموکووڕی لەلایەن خۆمانەوە دیاری و جێگیر بکرێت.

*** لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا هەر لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا ئێستا، بۆ پاراستنی فرەڕەنگی سیستمی کۆتا بۆ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دانراوە و، ژمارەی کورسییەکانی کۆتا ١١ کورسییە کە بە سەریاندا دابەش کراون، لە بەرانبەر ئەم ١١ کورسییە ١٠٠ کورسیی دیکە هەیە کە بەسەر هێزە کوردییەکاندا دابەش کراون، پرسیار ئەوەیە بۆچی کە دێتە سەر باسی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن لە کوردستان، هەندێك لە لایەنە کوردییەکان دێنە سەر کورسیی کۆتاکان و ئەم پرسەیان کردووە بە کێشە، ئایا لە پێناو چارەنووسی خۆتان وەك پێکهاتە جیاوازەکان و بەشێکی سەرەکیی گەلی کوردستان، سەبارەت بە گوشاری ئەو حزبە سیاسییانە بۆ لەبەر یەکهەڵوەشاندنی کورسیی پێکهاتە جیاوازەکان هەڵوێستتان چۆنە؟**

- ئەو قسانەی لەو بارە بەتایبەت لەلایەن هەندێ لایەنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەسەر کورسیی کۆتاکان دەکرێت، زیاتر مەبەستیان موزایەدەی سیاسییە و هەموو کات داوامان لە لایەنە سیاسییەکان کردووە کە لە گفتوگۆ و کێشەکاندا پێکهاتەکان نەخەنە ناو ململانێ و موزایەدەی سیاسییەوە، چونکە بوونی نەتەوە و پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان زۆر لەوە گرنگتر و گەورەترە، پێویستە هەموو لایەك بەرگری لە پێکهاتەکان بکەن، چونکە لە ساڵی ١٩٩١ـەوە تاوەکو ئێستا، ئەوە ٣٠ ساڵە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەشدارن لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، کە بە یاسا ڕێك خراوە و ئێمە بە فەرمی داوامان کردووە و لێرەش لە گۆڤاری گوڵان جەختی لەسەر دەکەینەوە، کە پێنج کورسی بۆ نەتەوەی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان زۆر کەمە، چونکە بەپێی دەستووری عێراقی تورکمان سێیەم نەتەوەی عێراقە و لە هەرێمی کوردستانیش نەتەوەی دووەمە، بۆیە داوامان کردووە لە پێنج کورسیی کۆتا بۆ تورکمان بکرێتە ١٠ کورسی و بۆ پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەش ژمارەی کورسیی پەرلەمانی زیاد بکرێت، ئێمە هیچ کاتێك لە نێوان ململانێی لایەنە سیاسییەکاندا لایەنگر

نین، بەڵكو ئێمە دەمانەوێت ببینە فاكتەرێكی گرنگ بۆ چارەسەركردنی گرفتەكان لە نێوان لایەنە سیاسییەكان، بەتایبەتی پارتی و یەكێتی، چونكە دوو حزبی سەرەكین لە هەرێمی كوردستان و تەواوكاری یەكترن لە ناو حكومەتی هەرێمدا.

*** كورسیی كۆتای نەتەوە و ئایینە جیاوازەكانی كوردستان زۆرجار لە ناو پەرلەماندا لەگەڵ فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی هاوهەڵوێستن، ئەمەش وای كردووە كە حزبەكانی دیكەی كورد بەوە تاوانبارتان بكەن كە ئێوە پارتین، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان هاوهەڵوێستن؟ بۆچی لەگەڵ فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە پەرلەمانی كوردستانیش هاوهەڵوێستن؟**

- لێرەدا جەخت لەوە دەكەمەوە كە وجوودی كۆتای پێكهاتەكان لە پەرلەمانی كوردستان بۆ بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە

یەكەم: نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی نەتەوەكانی خۆیان دەكەن.

دووەم: ئێمە وەك نەتەوەی توركمان و وەك لایەنی سیاسی لە كابینەی نۆیەمدا هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان هەیە لە پێكهێنانی حكومەتی هەرێمدا، هەر وەك ئەو ڕێككەوتن و هاوپەیمانییەی كە یەكێتی و گۆڕان لەگەڵ پارتی هەیانە، ئێمەش وەك توركمان پابەندین بەو هاوپەیمانییەی كە لەگەڵ پارتی كردوومانە، بە دڵنیاییەوە ئێمە لایەنگری هیچ لایەنێكی سیاسی نین و دەبێت هەموومان، لەوانەی كە بەشدارن لە پێكهێنانی كابینەی نۆیەم، پابەند بین بە بڕیارەكان، بەو بڕیارانەشی كە لە سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، لەلایەكی دیكەوە ئێمە وەك نوێنەرانی توركمان لە پەرلەمانی كوردستان زۆرجار لە چەندین بابەت لەگەڵ لایەنی سیاسیی دیكە یەك ڕاوبۆچوونمان هەبووە و وەك ئەوان سەرنج و تێبینیمان هەبووە، بەڵام لە یاسا و بەرژەوەندییە نیشتمانییەكاندا هەموومان پێویستە بە یەكەوە كار بكەین، كە لە بەرژەوەندیی هەموو گەلی هەرێمی كوردستانە، هەروەها پارتی دیموكراتی كوردستان لە هەموو جومگە و دامودەزگاكانی حكومەت و لە ناو پەرلەمانی كوردستانیشدا زیاتر بەرگری لە دۆسییەی پێكهاتە و ئایین و ئایینزاكان دەكات و، هەموو كات بەتەنگ پێكەوەژیانە لە كوردستان و لە عێراقیشدا.

*** هەتا ئێستاش پارتی دیموكراتی كوردستان پشتگیری لەوە دەكات كە هەڵبژاردنی كوردستان یەك بازنەیی بێت و دابەش نەكرێت، ئایا بۆچی گرنگە كورسیی كۆتاكان لە یەك بازنەدا دەنگی پێ بدرێت؟**

- ئەم پرسیارە زۆر گرنگە كە بۆ ئێمە بەتایبەت لەو كات و ساتەدا، وەك توركمان و پێكهاتەكان و ئایین و ئایینزاكان پەیوەندیمان بە جیاوازیی ڕاوبۆچوونی حزبەكانی وەك پارتی و یەكێتی و ئەوانی دیكەوە نییە، بەڵام بۆ توركمان و كلد و ئاشوور و سریانی كە وەك نەتەوە لە پەرلەمان بەشدارین، ئەوە داوامان كردووە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان یەك بازنەیی بێت، ئەمەش هیچ پەیوەندیی بە ڕاوبۆچوونی پارتی و یەكێتی نییە، چونكە ئێمە بارودۆخێكی تایبەتمەندمان هەیە، لە كاتێكدا هەڵبژاردن بە یەك بازنەیی نەبێت، ئەوە دەنگەكانی ئێمە پەرش و بڵاو دەبێت و دەنگەكانمان بزر دەبێت، داوا دەكەین پێكهاتەكان لە دەنگدانی تایبەتدا وەك پێشتر نەبێت، چونكە زۆر دەستتێوەردانی تێدا كراوە و داوامان كردووە كە نوێنەری نەتەوەی توركمان و كلدان و ئاشووری و سریانی لە كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن هەبێت، لێرەدا داواكارین لە هەموو لایەنە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان، بە پارتی و یەكێتی و گۆڕان و حزبەكانی دیكەش، بەوەی پاڵپشتی داواكاریی ئێمە بن، چونكە لە ئێستادا توركمان لە پارێزگای هەولێر و كفری هەیە و توركمان لە هەڵەبجە و ڕاپەڕین و دهۆك و زاخۆ نییە و، كریستیانیش لە هەولێر و دهۆك هەیە لە شار و شوێنەكانی دیكە هەشبێت زۆر كەمن، بۆیە پێداگری لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بە یەك بازنەیی دەكەینەوە، لە كاتی پێداگری لەسەر چەند بازنەییش، ئەوە ئێمە وەك نەتەوەی توركمان داوا دەكەین لە جیاتی پێنج كورسیی پەرلەمان بكرێتە ١٠ كورسی و ئەندامێكیشمان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەبێت، جەخت لەسەر ئەوەش دەكەمەوە هەر كار و بڕیارێك لە هەرێمی كوردستان، پێویستە بە ئاگاداری و ڕاوێژكردن بێت لەگەڵ ئێمە و نوێنەرانی هەموو پێكهاتەكان بێت، لە دەرەوەی ئەوەدا هەر بڕیارێك بدرێت، ئەوە ئێمە وەك توركمان و پێكهاتەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان قبووڵی ناكەین.

**ئێمە بە فەرمی داوامان كردووە و لێرەش لە گۆڤاری گوڵان جەختی لەسەر دەكەینەوە، كە پێنج كورسی بۆ نەتەوەی توركمان لە پەرلەمانی كوردستان زۆر كەمە**

**هەر وەک ئەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییەی کە یەکێتی و گۆڕان لەگەڵ پارتی هەیانە، ئێمەش وەک تورکمان پابەندین بەو هاوپەیمانییەی کە لەگەڵ پارتی کردوومانە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو جومگە و دامودەزگاکانی حکومەت و لە ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا زیاتر بەرگری لە دۆسییەی پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان دەکات و، هەموو کات بەتەنگ پێکەوەژیانە لە کوردستان و لە عێراقیشدا**

**لە ئێستادا تورکمان لە پارێزگای هەولێر و کفری هەیە و تورکمان لە هەڵەبجە و ڕاپەڕین و دهۆک و زاخۆ نییە و، کریستیانیش لە هەولێر و دهۆک هەیە لە شار و شوێنەکانی دیکە هەشبێت زۆر کەمن، بۆیە پێداگری لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە یەک بازنەیی دەکەینەوە**

دیمانەی تایبەت



## پرۆفیسۆر جەیمس لێبۆڤیج بۆ گوڵان:

# ڕووسیا ستراتیژیەتی تێکشکاندنی ژێرخانی کردووەتە بەدیلی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی

جەیمس هێنری لێبۆڤیج پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتییە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، تایبەتمەند و پسپۆڕی چەند بوارێکی گرنگە وەك تیۆریی سیاسەتی نێودەوڵەتی، داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان. بۆ تاوتوێکردنی ڕەهەندەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و لەبەرچاوگرتنی ئەگەر و ئاراستەکانی ئەم شەڕە و دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی، هەروەها پرسی ئەوەی کە ئایا دەکرێت شەڕەکە لە ڕێی سەربازییەوە یەکلا بکرێتەوە، یان هێشتا ئەگەری ئەوە ماوە لە ڕێی گفتوگۆوە کۆتایی پێ بهێنرێت، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

**ناکرێت بە چەشنێک گوشار بخەیتە سەر ئۆکرانیا کە لە دەرئەنجامدا رێککەوتنێک بێتە ئاراوە کە نەبێتە هۆی دەستەبەربوونی ئاسایشی ئەو وڵاتە**

**راستە ئۆکرانیا سوپای هەیە، بەڵام شەڕەکانی زیاتر هاوشێوەی شەڕی پارتیزانییە و تاکتیکی زەبروەشاندن و لێدان و هەڵاتن بەکار دەهێنێ**

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا نزیکە لەوەی ساڵێکی بەسەردا تێپەڕ ببێت و هێشتا هیچ ئەگەر و ئومێدێك بۆ یەکلابوونەوەی شەڕەکە لە ڕێی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە لە ئاسۆدا دیار نییە، پێ ناچێت بتوانرێت شەڕەکەش لە ڕووی سەربازییەوە یەکلا بکرێتەوە، پێتان وایە بارودۆخەکە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەندیی بە گرتنەبەری ڕێگەچارەی گفتوگۆوە هەبێت (کە ئەمە هەمیشە شێوازێکی گونجاوە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان)، ئەوا دوودڵییەك بەدی دەکرێت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، لە دروستکردنی فشار لەسەر ئۆکرانیا لەبارەی ئەم پرسەوە، چونکە ناکرێت بە چەشنێك گوشار بخەیتە سەر ئۆکرانیا کە لە دەرئەنجامدا ڕێککەوتنێك بێتە ئاراوە کە نەبێتە هۆی دەستەبەربوونی ئاسایشی ئەو وڵاتە، ئەوەی پەیوەست بێت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەوە، ئەوا هەندێك جار باس لە حاڵەت و هەلومەرجێك دەکرێت، کە تێیدا شەڕەکە دەچێتە قۆناغێکەوە، کە دەکرێت پێی بگوترێت بە بنبەستگەیشتنێکی زیانبەخش بۆ هەردوولا (hurting stalemate) کە هەردوو لایەنی شەڕەکە بە چەشن و ڕاددەیەکی گەورە تووشی زیان دەبنەوە و، پێیان وانییە درێژەپێدان و بەردەوامیدان بە شەڕەکە هیچ دەستکەوتێکی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام هێشتا بارودۆخی شەڕەکە بەو ڕاددەیە نەگەیشتووە، چونکە ئەوەتا هێشتا چەك و تەقەمەنی بۆ ئۆکرانیا دابین و دەستەبەر دەکرێت و، هێشتا سوپای ئەم وڵاتە بە ورەیەکی بەرزەوە شەڕ دەکەن و بەرگری دەکەن، لە هەمان کاتدا ڕووسیاش خاوەنی چەکی زۆرە، بەتایبەتی مووشەك، ئامادەیە کە لە شەڕەکەدا بەکاریان بهێنێت، کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێ کرد، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ڕەنگە هێشتا بارودۆخەکە نەگەیشتبێتە ئەو ڕاددەیەی کە لایەنە بەشەڕهاتووەکان پێیان وابێت چیتر درێژەدان بە شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و بگرە مایەی زیان و خەسارەتی زیاترە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە دا کە هێشتا دەستەبەرکردن و دابینکردنی چەك و تفاقی سەربازی بۆ ئۆکرانیا بەردەوامە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا و، بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کە لەم ڕووەوە ڕووسیا هەڕەشەی ئەوە دەکات کە دابینکردنی ئەو چەکانە بەتایبەتی تانك، شەڕەکە دەباتە قۆناغێکی دیکە، پێشتریش ڕووسیا ئاماژەی بە ئەگەری پەنابردنەبەر چەکی ناوکی کردبوو، ئێوە چۆن لەم دۆخە پەرەسەندووە دەڕوانن؟**

- ئەوە ڕاستە کە پرسی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی لەلایەن ڕووسیاوە ئاماژەی پێ کراوە و ئەم پرسەش مشتومڕ و لێدوان و شرۆڤەی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و، لە چەندین ڕووەوە ئەگەرەکان تاوتوێ کراون، هەروەها لە سەرەتادا ئاماژە بەوە کرا کە ڕەنگە ئەگەرێکی زۆر لە ئارادا بێت کە ڕووسیا پەنا بۆ ڕێگەچارەیەکی لەم چەشنە ببات، بەڵام پێم وایە دوای ئەوەی فشارێکی زۆر کرا لەسەر سەرۆك ڤلادمیر پوتین (بەتایبەتی لەلایەن هەردوو وڵاتی چین و هیندستان)ـەوە، ئەوا تا ڕاددەیەك ئەم ئەگەرە بەرەو داکشان چوو، بەتایبەتی کە بەکارهێنانی ئەم چەکە شەڕەکە دەباتە ئاست و قۆناغێکی تەواو جیاواز، ئاڵۆزییەکی لە ڕاددەبەدەری لێ دەکەوێتەوە، دواتر با ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بەکارهێنانی ئەم چەکە دەستکەوت و سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، چونکە وێنای ئەوە بکە کە ئەگەر ڕووسیا ئەم چەکەی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکار هێنا، ئەوا ئەو ناوچەیە بە کەڵکی ژیان و نیشتەجێبوون نامێنێت و داگیرکردن و دەستەبەردارگرتنیشی بەهایەکی ئەوتۆی نابێت بۆ ڕووسیا، واتە سەرکەوتنێك دەبێت بە تامی دۆڕان و زیان. ئەوەی پەیوەست بێت بەوەی پێی دەڵێن چەکی ناوکیی تەکتیکی، ئەوا ڕەنگە ئەمەیان بتوانێت زیاتر ئامانجەکانی بپێکێت لە بەرە و گۆڕەپانی شەڕدا، ئەویش بە مەرجێك کە شەڕەکە شەڕێکی تەقلیدی بێت و بتوانێت بنکە و بارەگا و کۆبوونەوەی سوپای بەرانبەر

**ئومێدی من ئەوەیە کە بەدواداچوونی دادوەری و بە سزاگەیاندنی یاسایی ئەنجام بدرێت بۆ ئەم پێشێلکارییەی وڵاتی ڕووسیا ئەنجامی داوە**

**ڕەنگە هێشتا بارودۆخەکە نەگەیشتبێتە ئەو ڕادەیەی کە لایەنە بەشەرهاتووەکان پێیان وابێت چیتر درێژەدان بە شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و بگرە مایەی زیان و خەسارەتی زیاترە**

و ڕکابەر بکاتە ئامانج، کە ڕاستە ئۆکرانیا سوپای هەیە، بەڵام شەڕەکانی زیاتر هاوشێوەی شەڕی پارتیزانییە و تاکتیکی زەبروەشاندن و لێدان و هەڵاتن بەکار دەهێنێت، یان با بڵێین، لە یەکەی بچووکدا خۆیان ڕێك خستووە و چالاکییە سەربازییەکانیان ئەنجام دەدەن، کەواتە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، ئەوا بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژی شارەکان ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لە بەرەژەوەندیی ڕووسیای لێ بکەوێتەوە، بۆ نموونە بە ئامانجگرتنی شاری کییێف بەم چەکە، لێرەدا کێشەکە ئەوەیە کە لەم حاڵەتەدا دەرئەنجام و دەرهاویشتە سیاسییەکان بە چەشن و ئەندازەیەکی گەورە و ئاڵۆز دەبن، بەتایبەتی کە ئەم شارە دانیشتووانێکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێت سەرۆك پوتین ئەم دەرئەنجام و لێکەوتەیە لەبەرچاو بگرێت.

*** ڕەنگە ئەو دەرئەنجام و دەرهاویشتانەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، هۆکاری ئەوە بووبن کە پەنا براوەتە بەر بەکارهێنانی ئەم چەکە، بەڵام ئاشکرایە کە نەك هەر پێ ناچێت ڕووسیا ڕەوتی شەڕەکە خاو بکاتەوە، بەڵکو بە گوڕ و تینێکی زیاترەوە هەڵمەت و پەلامارەکانی چڕ کردووەتەوە، بە ڕای ئێوە ستراتیژییەتی ڕووسیا بۆ سەرکەوتن لە شەڕەکەدا چییە؟**

- ئێمە نابێت لەم ڕووەوە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی مووشەکی کرۆز و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نادیدە بگرین، کە ڕووسیا بەکاریان دەهێنێت بۆ تێکشکاندن و هەڵتەکاندنی ژێرخانە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی شارەکانی ئۆکرانیا، بەتایبەتی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە دەیەوێت لەم ڕووەوە ئۆکرانیا دەستەوەستان بکات، کەواتە دەکرێت ئەمە ناو بنێین ستراتیژیەتی سزادان، کە پێ دەچێت لە بنەڕەتدا دانیشتووانە مەدەنییەکە تێیدا ئامانج بێت، کە بە لای ڕووسیاوە ئەمە دەرئەنجامی خوازراوتری لێ دەکەوێتەوە بەراورد بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی.

*** هەندێك لە شرۆڤەکاران و توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرهەڵدان و بەرپابوونی ئەم شەڕە پەیوەستە بە شکستی سیستمە جیهانییەکەوە (ئەوەی پێی دەگوترێت سیستمی بنیادنراو لەسەر بەهاکان) واتە ئەمە سیستمە نەیتوانی ڕێگری بکات لەوەی شەڕێکی گەورەی لەم چەشنە دروست ببێت، لەم ڕووەوە ئایا پێیان وایە دەبێت ئەم سیستمە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین هەموو سیستمە نێودەوڵەتییەکان لەسەر هەندێك بنەما و بەهای دیاریکراو بنیاد نراون، بەڵام پێم وایە ئێوە کاتێك ئاماژە بە سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان دەکەن، ئەوا ئاماژە بە بەهای پەیوەستبوون بە یاسا و سەروەریی یاسا و بنەمای پەنانەبردنە بەر بەکارهێنانی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان و ڕەتکردنەوەی شەڕ و.. هتد دەکەن، ئەوەی پەیوەست بێت بەم شەڕە و بە بڕیاری ڕووسیاوە بۆ بەرپاکردنی ئەم شەڕە، ئەوا جێی سەرسوڕمانە کە هێزێکی گەورە کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، پابەندە بە ڕێسا و یاساکانەوە، بەم چەشنە بێت و پێشێلکاری بکات و شەڕ بەرپا بکات و، ژیان و گیانی خەڵکانی مەدەنی بکاتە ئامانج و بیانکانە قوربانی. هەر لەم ڕووەوە پێم وا نییە وەڵامدانەوە و کاردانەوەی ڕاست و درست و گونجاو بریتی بێت لە تەبەنیکردن و گرتنەبەری ئەم شێوازەی کە ڕووسیا پیادە و پەیڕەوی کردووە، واتە ڕەوایەتی بدەین بەو بەربەرییەتەی کە حوکمڕانەکان لە مێژووی دووردا دژی خەڵکی مومارەسە و پیادەیان دەکرد، چونکە وێنای ئەوە بکە کە ماڵێك لە گەڕەکێکدا دەست بدەنە تاوانی کوشتن، ئایا چارەسەرەکە ئەوەیە کە سەرجەم ماڵەکانی دیکەش هەمان ڕێچکە بگرنەبەر و ئەوانیش دەست بدەنە ئەنجامدانی ئەم تاوانە، یان چارەسەرەکە ئەوەیە کە هەوڵی ئیحتیواکردن و کۆنترۆڵکردنی لایەنی تاوانبار و پێشێلکار بدرێت؟ واتە پێشێلکارەکە دەکەیتە کەسێکی گۆشەگیر و نەخوازراو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لەم ڕووەوە ئومێدی من ئەوەیە کە بەدواداچوونی دادوەری و بە سزاگەیاندنی یاسایی ئەنجام بدرێت بۆ ئەم پێشێلکارییەی کە وڵاتی ڕووسیا ئەنجامی داوە.

دیمانەی تایبەت



## پرۆفیسۆر جێفری ڤان دێن بێرگ بۆ گوڵان:

# ژیرانەترین بڕیار ئەوەیە پوتین دەستپێشخەرییەک ڕابگەیەنێت کە لەلایەن ئۆکرانیاوە مایەی قبووڵکردن بێت

**جێفری ڤان دێن بێرگ، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی درووری، بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و ئەگەرەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە زۆرێك لە شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن، کە ئەمە بڕیارێکی تاکەکەسیی سەرۆك ڤلادمیر پوتین بووە، بڕیارەکەشی نەك هەڵە یان دروست بووە، بەڵکو مایەی کارەسات و کاولکاری بووە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و چۆن لەم بڕیارە تاکەکەسییە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە لەم ڕووەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەمە حاڵەتێکە لە ڕژێمە تاکڕەو و خۆسەپێنەکاندا بەدی دەکرێت و بەرجەستە دەبێت، واتە سەرکردە و سەرۆکەکانی ئەم وڵاتانە کەسانێك لە نزیك خۆیان دادەنێن، کە ڕاستییەکانیان پێ ناڵێن، یان ناوێرن ڕاستییەکانیان پێ بڵێن، کاتێك کەسانێکیش لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە کە بوێریی ئەوەیان نییە ڕاستییەکان بڵێن، ئەوا غرورێکی گەورەیان بۆ دروست دەبێت، ئەمەش دۆخێك دەخوڵقێنێت کە وایان لێ دەکەن، بڕیاری زۆر هەڵە و کارەساتبار بدەن، ئەمە خەسڵەتێکی حوکمڕان و خاوەن دەسەڵاتەکانی ڕووسیا بووە.

*** لە پەیوەندی بە درێژەکێشانی شەڕەکەوە، ئەوا لە ئێستادا هیچ ئەگەرێك لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت، کە ببێتە هۆی ئەوەی شەڕەکە بە ڕێگەی دانوستاندن کۆتایی پێ بهێنرێت، یان بە شێوەی سەربازی بتوانرێت یەکلا بکرێتەوە، پێشبینیی ئێوە لەبارەی چارەنووسی ئەم شەڕەوە چییە؟**

- من پێم وایە ژیرانەترین و باشترین هەنگاو و بڕیارێك بۆ سەرۆك ڤلادمیر پوتین لە ئێستادا ئەوەیە کە دەستپێشخەرییەك ڕابگەیەنێت، کە مایەی قبووڵکردن بێت لەلایەن ئۆکرانیاوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت شەڕەکە ڕابگیرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت. دواتر ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵوێستی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەوا پێ ناچێت هیچ گۆڕانێك لە هەڵوێستیدا ڕووی دابێت، ڕەنگە ڕووبەڕووی هەندێ پرس و کێشە ببێتەوە، بەڵام پێم وانییە لە کۆتاییدا گۆڕانێك لە هەڵوێستی سەبارەت بەم شەڕە دروست بکات. ئەگەر بێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە، ئەوا من باوەڕم وایە سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەیەوێت ئەوەی بەدەستی هێناوە، پارێزگاریی لێ بکات و دەسەڵاتی خۆی تێدا بچەسپێنێت، دواتر بانگەشەی ئاشتی بکات و ڕای بگەیەنێت با ئاشتی بەرپا بکرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ڕووسیا دوای چەند ساڵێکی دیکە دەگەڕێتەوە و چاوی لە داگیرکاری و دەستەبەردارگرتنی خاکی زیاترە و پەنا بۆ بەرپاکردنەوەی شەڕێکی دیکە دەبات. ئەمەش کێشەیەکی دروست کردووە کە بریتییە لەوەی هیچ کەسێك باوەڕی پێ ناکات و هیچ کەسێك نایەوێت ڕێککەوتنی لەگەڵدا ئەنجام بدات، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوامە لە دەستەبەرکردنی هاوکارییەکان بۆ ئۆکرانیا، سەربازانی ئۆکرانیاش بە ئیرادەوە شەڕی سەربەخۆیی دەکەن.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە یەکێك لە ڕێگەکانی دەرچوون و کۆتاییهێنان بەم شەڕە بریتییە لەوەی ڕووسیا دەستپێشخەری ڕابگەیەنێت، ئایا هیچ بیرۆکەیەکت هەیە دەربارەی ئەوەی دەبێت ناوەڕۆکی ئەو دەستپێشخەرییە چۆن بێت؟**

- من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە دەبێت بە چەشنێك بێت کە بەڕاستی مایەی تاوتوێکردن و قبووڵکردن بێت لەلایەن ئۆکرانیاوە، ئەوەی پەیوەست بێت بە ناوەڕۆکەکەیەوە، ئەوا من پێم وایە ڕەنگە ڕاگەیاندنی چۆڵکردن و کشانەوە لە سەرجەم ئەو خاکانە لەخۆ بگرێت کە ڕووسیا دەستی بەسەردا گرتوون و داگیری کردوون لە دوای هەڵگیرساندنی شەڕەکەوە، هەروەها ڕاگەیاندنی ئەوەی دەبێت هەرێمی کریمیا هەرێمێکی بێلایەن بێت و لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ناوەڕۆکەکەی بە چەشنێك بێت کە بە ڕاستیی ئۆکرانیا لەبەرچاوی بگرێت و بە جددی وەری بگرێت.

*** ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەردەوامن لە دەستەبەرکردن و دابینکردنی چەك و هاوکاری بۆ ئۆکرانیا، ئەمەش هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بووە بۆ ئەوەی ئۆکرانیا بتوانێت بەو چەشنە**

**سەرۆک ڤلادمیر پوتین دەیەوێت ئەوەی بەدەستی هێناوە، پارێزگاریی لێ بکات و دەسەڵاتی خۆی تێدا بچەسپێنێت، دواتر بانگەشەی ئاشتی بکات**

**ئەمریکا بەردەوامە لە دەستەبەرکردنی هاوکارییەکان بۆ ئۆکرانیا، سەربازانی ئۆکرانیاش بە ئیرادەوە شەڕی سەربەخۆیی دەکە**

**وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەروویانەوە ئەمریکا بە چەشنێک گوشار لەسەر ئۆکرانیا ناکەن کە هەر ڕێککەوتنێک واژۆ بکات**

**بەرگری بکات و بەر بە سوپای ڕووسیا بگرێت، پێتان وایە لە حاڵەتی درێژەکێشانی زیاتری شەڕەکەدا، ئەم هاوکارییانە بەردەوام بن، یان لە کۆتاییدا فشار لەسەر ئۆکرانیا دەکەن تاوەکو سازش بکات؟**

- من دەمەوێت لێرەدا ئەوەتان پێ بڵێم کە ڕوونادات، ئەوەی پێم وایە ڕوونادات ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەروویانەوە ئەمریکا بە چەشنێك گوشار لەسەر ئۆکرانیا ناکەن کە هەر ڕێککەوتنێك واژۆ بکات، تەنیا بۆ ڕازیکردن ڕووسیا و لە پێناو کۆتاییهێنان بە شەڕەکە، مەبەستم ئەوەیە شەڕەکە چەند درێژە بکێشێت، ئەوا وڵاتانی ڕۆژئاوا ئامادەن بۆ ئەوەی هاوکاری و یارمەتیی پێویست بۆ ئۆکرانیا فەراهەم بکەن. من دێمەوە سەر وەڵامی پێشوو، پێم وایە دەبێت ڕووسیا دەستپێشخەرییەك بکات کە مایەی قبووڵکردن بێت لەلایەن ئۆکرانییەکانەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە سەرۆك پوتین ئامادە نییە ئەم کارە بکات، لە ڕاستیدا سەرۆك ڤلادمیر پوتین بەو ئاست و ئەندازەیە زیرەك نییە کە لێی دەڕوانرێت، چونکە هێندە شکستی شەرماوەری بەسەردا هاتووە، کە ناتوانێت وەك کەسێکی زیرەك هەڵسوکەوت بکات و بڕیار و هەنگاوی ژیرانە هەڵبگرێت بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە. کێشەکە لەوەدایە کە سەرباری ئەوەی کە بەسەر سوپاکەیدا هاتووە، هێشتا پوتین باوەڕی وایە ڕووسیا هێزێکی مەزنە، من نازانم ئەم باوەڕەی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوە پێم وایە پوتین کەسێکی کەللەڕەق و سەرکێشە. دواتر بە مەزەندەی من پوتین دوای چەند مانگێك لە شەڕەکە قەناعەتی ئەوەی بۆ دروست بوو کە دۆخەکە لە بارێکی خراپدایە و دواتر بڕیاری دا بە زیادکردنی ٣٠٠ هەزار سەرباز لە سوپاکەیدا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەم سەربازانە بێ کەرەستەی پێویست ڕەوانەی شەڕەکان کراون، کەواتە ئەم ٣٠٠ هەزارە بە مانای ١٠٠ هەزار گۆڕی زیاتر و ٢٠٠ هەزار برینداری زیاتر دێن، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر چەك و کەرەستەی پێویستیان بۆ دابین نەکەیت، ئەوا ناتوانن هیچ بکەن.

*** کەواتە چارەسەرەکە لە چیدایە؟**

- من پێم وایە دەبێت گۆڕانکارییەك لە نێو حوکمڕانی ڕووسیادا ڕوو بدات، یان دەبێت سەرۆك پوتین بگاتە ئەو دەرئەنجام و قەناعەتەی کە دەبێت سیاسەتێکی واقیعبینانە بگرێتەبەر و، هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوە بدات کە مومکینە و دەرئەنجام و دەرهاویشتە درێژخایەن و دوورمەوداکانی درێژەکێشانی شەڕەکە لەسەر ڕووسیا لەبەرچاو بگرێت، خۆ ئەگەر ئەمەش ڕوو نەدات، ئەوا پێویستە کەسانی دەوروبەری هەوڵ بخەنەگەڕ کە بیهێننەسەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێت ڕێچکە و ڕێگەچارەی خۆی بگۆڕێت، ئەگەر ئەمەش ڕووی نەدا، ئەوا ئەم کەسانە بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێت خۆیان کارێك ئەنجام بدەن، چونکە سەرۆك پوتین زیانێکی زۆری بە ڕووسیا گەیاندووە و چیتر ناکرێت دۆخەکە بەم چەشنە بەردەوام بێت، مەبەستم ئەوەیە گرنگ نییە کە چەندە دەسەڵاتەکەی مەرکەزی و خۆسەپێن و چەند دامودەزگای ئەمنیی لە ژێر دەستدایە، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بە چەشنێك بێت کە ڕووسیا لەبەردەم دوو بژاردەدا بێت، ئەوا یا ئەوەتا پوتین لە دەسەڵات بمێنێتەوە، یانیش ڕووسیا تووشی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە ببێتەوە، ئەوا لەم کاتەدا کەسێك دێتە پێشەوە و بڕیاری ئەوە دەدات کە بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکە شتێك بکرێت.

*** ئەی چۆن پەنابردنی ڕووسیا بۆ تێکشکاندنی ژێرخانی بنەڕەتیی ئۆکرانیا لێك دەدەیتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە ئاماژەیەکە بۆ دۆڕانی ڕووسیا، چونکە ڕووسیا دەزانێت ناتوانێت لە بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دەیەوێت بەم شێوەیە ورەی ئۆکرانییەکان بڕووخێنێت و لە ناویان ببات. من لێرەدا ئەم پرسیارە دەکەم، ئایا ئەو هەموو بۆردومان و بەکارهێنانی فڕۆکە و مووشەکە لە ئەفغانستاندا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بووە هۆی تێکشکاندنی ئیرادەی تاڵیبان، نەخێر، هەروەها هەوڵەکانی ڕووسیاش لە ئەفغانستاندا نەبوونە هۆی شکاندنی ئیرادەی ئەفغانییەکان، ئەمە دوا ڕێگەچارەیەکە کە لایەنێکی دۆڕاو پەنای بۆ دەبات.

**پوتین بەو ئاست و ئەندازەیە زیرەک نییە کە لێی دەڕوانرێت، چونکە هێندە شکستی شەرماوەری بەسەردا هاتووە، کە ناتوانێت وەک کەسێکی زیرەک هەڵسوکەوت بکات و بڕیار و هەنگاوی ژیرانە هەڵبگرێت**

**هەوڵەکانی ڕووسیا لە ئەفغانستانیشدا نەبوونە هۆی شکاندنی ئیرادەی ئەفغانییەکان، ئەمە دوا ڕێگەچارەیەکە کە لایەنێکی دۆڕاو پەنای بۆ دەبات**




**د. نەرمین مەعرووف**

ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# لابردنی پارێزگاری بانکی ناوەندی چارەسەری ناجێگیریی بەهای دینار و هەڵکشانی دۆلار ناکات

# بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق، بڕیارێکی زاڵمانەی دیکەیە دژی خەڵکی کوردستان و ئابووریی هەرێم

**ناجێگیری بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی و دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتیی ٢٠٢٣ی عێراق، بەو پرسە گرنگ و هەستیارانە دادەنرێن کە مشتومڕێکی زۆریان لەسەرە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر نەرمین مەعرووف ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ساز دا.**

*** وەکو ڕوونە ناجێگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی کۆمەڵێک کاردانەوەی بە دوای خۆیدا هێناوە، لەوانە لابردنی پارێزگاری بانکی ناوەندی و جێبەجێکردنی کۆمەڵێک بڕیاری تایبەت بە فرۆشتنی دۆلاری ئەمریکی، ئایا تا چەند ئەم کاردانەوانە و دواخستنی چارەسەرەکان زیانی لەسەر هاووڵاتیان و ئابووریی عێراق دەبێت؟**

- ناجێگریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی مشتومڕێکی زۆری لەسەرە و وا بۆ مانگێك دەچێت، ئەم شڵەژانەی بازاڕی دراو و هەڵکشانی بەهای دۆلاری ئەمریکی بە واتا زانستییەکەی داشکانی بەهای دیناری عێراقی بەردەوامیی هەیە. بە تەئکید دواخستنی چارەسەرکردنی پرسێکی وا گرنگ کاریگەری لەسەر بژێویی ژیانی هاووڵاتیان و هەڵاوسان و بێ بەهاکردنی دینار و کەمبوونەوەی توانای کڕین لای مووچەی فەرمانبەران دەبێت، دواجار کاردانەوەی خراپیشی لەسەر شەقام لێ دەکەوێتەوە. عێراق بە وڵاتێکی هاوردەکراو ناو دەبرێت و، زۆربەی پێداویستییەکانی لە دەرەوەی وڵات بە دۆلاری ئەمریکی دەهێنرێت، بەمەش ڕاگرتنی بەهای دیناری عێراقی لە کۆنترۆڵ دەرچووە، کە زیاتر لە ١٨ ساڵە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە پاڵپشتی لە نرخەکەی دەکرێت و تا ڕاددەیەك جێگیر کرابوو. بانکی ناوەندی بە درێژایی ئەم ساڵانە ئەم سیاسەتە نەختینەیەی جێبەجێ کردووە، ئەمەش لە ڕێگەی فرۆشتنی دۆلارەوە بە نرخێکی پاڵپشتیکراو و لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نەختینەیی کە مەبەست لێی کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی هەڵاوسان بوو. تێکچوونی دۆخەکە ئەگەر بە زانستی و زۆر وریایی و واقیعبینانە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، وا بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت. هەموو ئەو ڕێ و شوێن و کار و کردەوانەش ماوەیەکی زۆری دەوێت تاوەکو دۆخەکە جێگیر ببێتەوە.

*** وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی دارایی و ئابووری و ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، پێت وانییە هاووڵاتیان و مووچەخۆران زیانمەندی سەرەکیی بەردەوامبوونی داشکانی بەهای دینارن؟ ئایا دۆخەکە چۆن بە ژیری و زانستی و واقیعبینانە، دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟**

- بانکی ناوەندیی عێراق بە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دادەنرێت و دەبێت بەپێی ڕێکاری زانستی و نەختینەیی هەڵسوکەوت بکات، چونکە بەرپرسیارێتی یەکەم لە پارێزگاریکردن لە نرخی دینار و جێگیربوونی بەهاکەی، دەکەوێتە ئەستۆی بانکەکە، کێشەکە لە خستنەڕووی دۆلاری حەواڵەدا بوو، لەلایەن بانکی ناوەندییەوە کە قەبارەکەی زۆر لە خستنەڕووی دۆلار بۆ مەبەستەکانی دیکە زیاترە، لە ئێستادا بەپێی کۆمەڵێك ڕێکاری نوێ دەدرێتە ئەو کۆمپانیا و بازرگانانەی هاوردە لە دەرەوە دەهێنن، بانکەکە ڕایگەیاندووە کە پرۆسەکە خێراتر دەکات، چونکە ڕۆتینی زۆر هەیە، بۆ

**بانکی ناوەندیی عێراق بە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دادەنرێت و دەبێت بەپێی ڕێکاری زانستی و نەختینەیی هەڵسوکەوت بکات**

**پێش دوو ساڵ ئەم دۆخەی هەڵاوسانی نرخ و زیانگەیاندن بە مووچەخۆران و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و زیادبوونی بێکاریمان بینی**

**پێویستە بۆ ئەو گەشتیارانەی لە فرۆکەخانەکان و دەروازە فەرمییەکانەوە گەشت دەکەن، تا ٥٠٠٠ دۆلار دابین بکرێت**

**پێویستە ئەو سستبوون و پووکانەوە ئابوورییە کە بە هۆی هەڵکشان و ناجێگیریی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی دروست بووە، کەمتر بکرێتەوە**

**زۆربەی هەرە زۆری بازرگانەکان خۆیان لە هێنانی قەبارەی گەورەی پێداویستییەکان دەپارێزن، هەڵاوسانەکەش لەسەر خاوەن دەرامەتە دیاریکراوەکان، یان جێگیرەکان، کاریگەرتر و مەترسیدارتر دەبێت**

**بودجەی ئەمساڵ بودجەیەکی گەورەیە و لە مێژووی عێراقدا بێ وێنەیە. بەپێی زانیارییەکانم خۆی لە ٢٠٠ تریلیۆن دینار دەدات**

**فەلسەفەی بودجە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و ئابوورییەکەی بە یەکێک لە هەرە فاکتەرە بەهێزەکان دادەنرێت، لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو وەکو پێوەرێکیش بۆ حوکمڕانیی باش سەیر دەکرێت**

نموونە ١٥ ڕۆژی پێ دەچێت، تاوەکو وردبینی لە پۆرتاڵی ئەلەکترۆنی مامەڵەکانی فرۆشتنی دۆلار دەکرێت، ئەم ماوەیەش وا بڕیارە، کەم بکرێتەوە، چونکە بازرگان ناتوانێت ئەو ماوە زۆرە چاوەڕوان بکات، ڕاستەوخۆ دەچێت پێداویستییەکانی لە بازاڕی دراودا دەستەبەر دەکات، بەمەش خواست زیاتر دەبێت لەسەر دۆلار و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەڵکشانی بەهاکەی بەرانبەر دیناری عێراقی دەبێت. کاتێک دۆلاری حەواڵە زیاتر و پرۆسەکە خێراتر بوو، دۆخەکە ورده ورده ڕوو لە باشی دەکات. ئەم ڕێکارانەش پێویست بوون بۆ ئەوەی ڕێگا لە چوونە دەرەوەی دۆلار بە نرخی پاڵپشتیکراو بگیرێت. سەبارەت بە زیانەکانی بەردەوامی دۆخەکە منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام داشکانی بەهای دینار بەرانبەر دۆلار کاریگەریی خراپی لەسەر بارودۆخی هاوولاتیان بەگشتی و مووچەخۆران و هەژار و کەم دەرامەت دەبێت. لە کاتی داشکانی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە پێش دوو ساڵ ئەم دۆخەی هەڵاوسانی نرخ و زیانگەیاندن بە مووچەخۆران و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و زیادبوونی بێکاریمان بینی. ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات، شەپۆلێکی دیکەی ئەم دۆخە ناجێگیر و دەرهاویشتەکانیەتی کە لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاری دیکە دەبێت بە زووترین کات چارەسەر بکرێت. من وەکو ئەندامێکی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق داوام لە بانکی ناوەندی کردووە، هەر ٢٠ لقەکانی بانکەکەی لە پارێزگاکان ڕێگەپێدراو بەفرۆشتنی دۆلار بە لقەکانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە، کارئاسانیی زیاتر بۆ هاوولاتیان بکات، تاوەکو هەموو ئەو بازرگانانەی بۆ هاوردەکردنی کاڵا و شمەك و پێداویستییەکان ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، دۆلاریان بە ئاسانی و خێرا دەست بکەوێت و، ڕوو لە بازاڕی گۆڕینەوەی ئاڵوێری دراو نەکەن، کە خۆی لە خۆیدا ئەم بازاڕانە تووشی شڵەژانێکی نەختینەیی بوون و توانای پڕکردنەوەی خواستی زۆریان نییە. هەروەها پێویستە بۆ ئەو گەشتیارانەی لە فڕۆکەخانەکان و دەروازە فەرمییەکانەوە گەشت دەکەن، تا ٥٠٠٠ دۆلار دابین بکرێت، پێویستە ئەو سستبوون و پووکانەوە ئابوورییە کە بە هۆی هەڵکشان و ناجێگیریی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی دروست بووە، کەمتر بکرێتەوە، چونکە لە دۆخی ناسەقامگیریی دارایی و نەختینەیی، زۆربەی هەرە زۆری بازرگانەکان خۆیان لە هێنانی قەبارەی گەورەی پێداویستییەکان دەپارێزن، هەڵاوسانەکەش لەسەر خاوەن دەرامەتە دیاریکراوەکان، یان جێگیرەکان، کاریگەرتر و مەترسیدارتر دەبێت. مەسەلەی لادانی پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق زیاتر بڕیارێکی سیاسییە و بۆ دامرکاندنەوەی نارەزایەتییە، هەرچەندە بەپێی ماددەی ١٣ لە یاسای بانکی ناوەندی باس لەوە کراوە، دەبێت پارێزگاری بانکی ناوەندی پسپۆڕییەکەی لە بواری دارایی و ئابووریدا بێت و لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە پێشنیار کرابێت و پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندی لەسەر دابێت. دیارە پارێزگاری پێشوو پسپۆڕایەتی لە بواری یاسادا بووە و یەکێك لە مەرجەکانی تێدا نەبووە و هەندێك لە پەرلەمانتارانیش نەبوونی ئەم مەرجەیان وەکو پاساوێك هێنابووەوە و داوای دوورخستنەوەیان کردبوو. بانکی ناوەندی لە ڕووی بەڕێوەبردن و بڕیارەکانیەوە بە تاکە کەسی بەڕێوە ناچێت، بەڵکو بانکەکە خاوەنی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنە و بڕیارەکانی بە دەستە جەمعیی دەردەچێت، بۆیە لادانی پارێزگاری بانکەکە کاریگەری لەسەر دۆخەکە نییە، چونکە فاکتەر و هۆکارەکانی ناجێگیریی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی پەیوەندیی نییە بە پۆستی پارێزگاری بانکی ناوەندییەوە و تەنانەت بانکەکەش هیچ گۆڕانکارییەکی لە بەهای فەرمیی دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی نەکردووە. لە کۆتاییەکانی ٢٠٢٠ـەوە بڕیار لەسەر نرخی فەرمیی پێشوو دراوە و بەرپرسانی بانکەکەش بەنیاز نین دەستکاریی نرخەکە بکەن، ئەوەی ڕوو دەدات، هەڵکشانی بەهای دۆلارە لە بازاڕی ڕەشدا، کە بەپێی جووڵەی بازاڕ و خواست و خستنەڕووی دۆلار لە دەرەوەی بانکی ناوەندی دروست بووە. بۆیە ڕەنگە لابردنی پارێزگاری بانکەکە و کۆمەڵێك کار و کردەوەی سیاسییانە لە ڕووی دەروونییەوە تا ڕادەیەکی کەم کاریگەری لەسەر هێوربوونەوەی دۆخەکە بۆ چەند ڕۆژێك هەبێت و هەرواش بوو، بەڵام دواجار دەبێت بگەڕێینەوە سەر ڕێکارە زانستی و ئابوورییەکان، وەکو بەهێزکردنی ئابووریی عێراق و خێراکردن لە پەسەندکردنی بودجەی گشتیی ٢٠٢٣ی عێراق کە

لەسەر هەمان نرخی ١٠٠ دۆلار بۆ ١٤٨ هەزار دینار پرۆژە یاسای بودجەکە دانراوە.

*** باسی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی ٢٠٢٣ی عێراقت کرد، بەوەی گرنگە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەی زۆر و گەورە و جووڵاندنەوەی بازاڕ و ئابووری، ئایا دوا ئامادەکارییەکانی ئەم بودجەیە بە کوێ گەیشتووە؟**

- بودجەی حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٣ لە وادەی خۆی دواکەوتووە، ئەوەتا بۆ دوارۆژەکانی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ دەڕۆین، کەچی تا ئێستا پرۆژە یاساکە نەگەیشتووەتە پەرلەمان، خۆ ئەگەر بگاتە پەرلەمانیش بۆ گفتوگۆکردن و خوێندنەوە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بە لانی کەمەوە دوو مانگی پێویستە. هەر چۆنێك بێت ساڵی ٢٠٢٢ حکومەتی عێراق پرۆژە یاسای بودجەی نەبووە و هەر بە شێوەی یەك لەسەر دوانزەی بودجەی ٢٠٢١ بەردەوام بووە، بەپێی زانیارییەکانم ڕەنگە لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا یان لە سەرەتای مانگی نوێدا وردەکاریی پرۆژە یاسای بودجەکە لە ئەنجومەنی وەزیران تەواو بێت و، ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە ناو بودجەدا کۆمەڵێك خەرجی تایبەت وەکو خەرجی حاکیمە و سیادی هەیە، کە هەرێمی کوردستانیشی تێدا بەشدارە و ئەو بڕە پارەیەی تەرخان دەکرێت بۆ ئەم خەرجییانە، هەر بەپێی یەك لەسەر دوانزەی ساڵی ٢٠٢١ خەرج دەکرێت، تا بودجە پەسەند دەکرێت، بودجەی ئەمساڵ بودجەیەکی گەورەیە و لە مێژووی عێراقدا بێ وێنەیە. بەپێی زانیارییەکانم خۆی لە ٢٠٠ تریلیۆن دینار دەدات، نرخی بەرمیلێك نەوتیش بە ٦٥ دۆلار خەمڵێنراوە، هەرچەندە بەشێکی زۆری بودجەکە بۆ بواری بەکارخستن دەڕوات، بەشی کەمی بۆ وەبەرهێنانە، بەڵام خۆ دەکرێت لە گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان بە شێوەیەکی زانستی و بۆ خێر و خۆشیی گەلانی عێراق و کوردستانیش زۆر مادده و بڕگەی چارەسەر بکرێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر بە شێوەیەکی ئابوورییانە، پلان و بەرنامەیەکی ڕێکوپێك و زانستی بەسەر پارێزگا و سێکتەر و خەرجییەکاندا دابەش بکرێت، ڕۆڵی گەورەی لە دەرچوونمان لەم هەموو قەیران و گرفتانە دەبێت، بە قەیرانی بێ بەهابوونی دینار و ناجێگیریی نرخەکەشیەوە، چونکە فەلسەفەی بودجە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و ئابوورییەکەی بە یەکێك لە هەرە فاکتەرە بەهێزەکان دادەنرێت، لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو وەکو پێوەرێکیش بۆ حوکمڕانیی باش سەیر دەکرێت.

*** زۆر جار جەختت لەسەر گرنگیی باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کردووەتەوە، بەڵام ئەوەتا بەردەوام گرفت و کێشە لە بەردەم ئەم ئاساییکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان دادەنرێت. ئایا ئومێدت هەیە بەوەی وا بە ئاسانی ئەم لێکتێگەیشتنە و پەیوەندییانە ئاسایی ببێتەوە؟**

- سەرەتا با باسێکی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق بکەم. پێش بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەبوایە حکومەتی عێراق ئەو ٤٠٠ ملیارەی تایبەت بە مانگەکانی ١١ و ١٢ بە شێوەی قەرزێکی بانکی بناردایە، تا ئەو کاتەی لە بودجەی گشتیی ٢٠٢٣ی عێراق جێگیر دەکرێت و، دواتر لەگەڵ بانکی بازرگانیی عێراق پاکتاوی دارایی بۆ دەکرا، ئەمە نەکرا و دوور لە هەموو کارێکی یاسایی و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان، بە خێرایی دادگای فیدراڵی بە هاوشێوەی بڕیارەکەی دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێم بڕیاری داوە. من وەکو شارەزایەکی دارایی و ئابووری دوور لە سیاسەتەوە ڕاوبۆچوونەکانم دەردەبڕم، ئەمە بڕیارێکی زاڵمانەی دیکەیە دژی خەڵکی کوردستان و ئابووریی هەرێم. ئیتر ئەمە عێراقە و ئابووریی هەرێم گرێ دراوە بە ئابووریی عێراقەوە و تەنانەت هیچ ئابوورییەك لە دونیای ئەمڕۆدا بەو شێوە ڕەهایە ئازاد نییە و هەمووی گرێ دراوە بە یەکترەوە، بەڵام لە عێراقدا بابەتە ئابوورییەکان گرێ دراون بە بابەتە سیاسییەکانەوە و وەکو چەك دژی یەکتر بەکار دەهێنرێت، بێگومان ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەبێت. کێشەی عێراق ئەوەیە هەموو دەقە دەستووری و مادده و یاساکانی بەپێی مزاجی شەخسی و سیاسییانە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، هەر کەس و لایەنێکی سیاسی و تەنانەت ئەجندەی دەرەکی بەپێی بۆچوون و ویستی خۆی سەرنج و تێبینییەکانی گەڵاڵە دەکات و، بەو ئاراستەیە دەڕوانێت و کاری لەسەر دەکات، ئەمە کێشەی سەرەکی و ڕاستەقینەی نەهامەتی و مەینەتییەکانی گەلانی عێراق و کوردستانە.

**پێش بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەبوایە حکومەتی عێراق ئەو ٤٠٠ ملیارەی تایبەت بە مانگەکانی ١١ و ١٢ بە شێوەی قەرزێکی بانکی بناردایە، تا ئەو کاتەی لە بودجەی گشتیی ٢٠٢٣ی عێراق جێگیر دەکرێت**

**دوور لە هەموو کارێکی یاسایی و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان، بە خێرایی دادگای فیدراڵی بە هاوشێوەی بڕیارەکەی دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێم بڕیاری داوە**

**لە عێراقدا بابەتە ئابوورییەکان گرێ دراون بە بابەتە سیاسییەکانەوە و وەکو چەك دژی یەکتر بەکار دەهێنرێت، بێگومان ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەبێت**

**کێشەی عێراق ئەوەیە هەموو دەقە دەستووری و مادده و یاساکانی بەپێی مزاجی شەخسی و سیاسییانە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت**



## نەوزاد شێخ کامیل

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان
بۆ گوڵان:

# دروستکردنی سایلۆکان و ساغکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت بوو بۆ برا جووتیارەکان و گەشەکردنی بازرگانی

# داتا و ئامارەکان دەری دەخەن لە کابینەی نۆیەمدا گەشەی بازرگانی زیادی کردووە

**هەناردەکردنی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ دەرەوە، قۆناغێکی نوێی بووژانەوەی جموجووڵی بازرگانی و گرنگیدانە بە بەرهەمی ناوخۆیی و، لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بازاڕەکانی ناوخۆ و ئاڵوێری بازرگانی گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە. لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** وێڕای ئاستەنگەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خەریکە ئاستی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەچێتە قۆناغێکی باشتر، ئایا لە ماوەی سێ ساڵی ئەم کابینەیەدا تا چەند بەرنامەی حکومەت لەسەر ئاستی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی وەك پێویست جێبەجێ کراوە؟**

- لەسەر ئاستی بازرگانی کارنامە و بەرنامەکانی حکومەت بە شێوەیەکی باش جێبەجێ کراون، ئەگەرچی ئاستەنگ و گرفتیش هەبووە و بەردەوام کار لەسەر هەڵگرتن و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە و پێشکەشکردنی ئاسانکاری و پاڵپشتیی بازرگانەکان کراوە، تاوەکو بە سەرکەوتوویی کارەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن، بۆ نموونە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا ئەنجامدانی مامەڵە بازرگانییەکان نووسینگەی بازرگانیمان لە بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی بازرگانیی دهۆك کردەوە و، ڕۆتینیاتی زیاد لا براون، بۆ بابەتی پاکتاوی کۆمپانیاکانیشیان لە هەوڵی ئەوەداین ئەو باجە زۆرەی خراوەتە سەر کۆمپانیاکانیان کە بە هۆیەوە پاکتاوی کۆمپانیاکانیان نەکەن و لە کارەکانیان بەردەوام بن و ئاسانکاریی زیاتریان بۆ بکەین. داتا و ئامارەکانیش ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە چەند کەرتی بازرگانی ڕووی لە بووژانەوە کردووە، ئەگەر وەك داتا هەژماری بکەین لە ساڵی ٢٠١٩دا (١١٧٣٠) مۆڵەتمان داوە بە بڕی ٦ ملیارو ٨٣٠ ملیۆن دۆلار، هەروەها ٧٧٥٤ مۆڵەت لە ساڵی ٢٠٢٠ دراوە بە بڕی ٤ ملیار و ٧٢١ ملیۆن دۆلار و، لە ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی مۆڵەتی بازرگانی ٥١٥٢ مۆڵەت بووە کە بڕی ئەو بازرگانییە کە ڕەسیدی بۆ دانراوە، زیاتر لە ٧ ملیار و دوو ملیۆن دۆلار بووە، لە ساڵی ٢٠٢٢شدا بڕی ١١ ملیار دۆلار ڕەسید دانراوە بۆ بازرگانی، واتە بەپێی ئەو داتایانەی باسی دەکەین، ئەوە جموجووڵی بازرگانی لە کابینەی نۆیەمدا ساڵ لە دوای ساڵ زیادی کردووە، جگە لە ساڵی ٢٠٢٠ کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا لە هەموو جیهاندا جموجووڵی بازرگانی ڕاگیرابوو، سەبارەت بە هەناردەش لە ساڵی ٢٠١٩ ئەوە (١٩٨) مۆڵەتی هەناردە هەبووە بە بڕی (٢٧٨) ملیۆن و (٤٣٤) هەزار دۆلار بووە، لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەوە (١٦٠) مۆڵەتی هەناردە دراوە کە بەبڕی (٢٢٦) ملیۆن و(٤٦)هەزار دۆلار مامەڵە کراوە و لە ساڵی ٢٠٢١دا (٢٠٥) مامەڵەی هەناردە کراوە کە (٢٣٠)ملیۆن و(٤٢١) هەزار دۆلار ڕەسید دانراوە بۆ هەناردەکردن، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ بە هەمان شێوەی هاوردەی ساڵی ٢٠٢٢ ئەوە (١٦٨)مۆڵەت دراوە و (٦٧٢) ملیۆن و (٧٦٧) هەزار دۆلار ڕەسید دانراوە بۆ هەناردەکردنی دەرەوە کە بازرگانەکان ئەو ڕەسیدەیان داناوە و ئەو داتایانە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەشەی بازرگانی زیادی کردووە و

**هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەت بە دوو ئاراستەیە و ئاراستەیەکی بۆ ئەوەیە کە ژێرخانێکی باشی ئابووری بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان فەراهەم بکات، ئاراستەی دووەمیش بۆ ئەوەیە کە بازاڕ بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکان لە دەرەوە بدۆزرێتەوە**

**بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا ئەنجامدانی مامەڵە بازرگانییەکان نووسینگەی بازرگانیمان لە بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی بازرگانیی دهۆک کردەوە و، ڕۆتینیاتی زیاد لا براون**

**جموجووڵی بازرگانی لە کابینەی نۆیەمدا ساڵ لە دوای ساڵ زیادی کردووە، جگە لە ساڵی ٢٠٢٠ کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا لە هەموو جیهاندا جموجووڵی بازرگانی ڕاگیرابوو**

**تەنیا لەم مانگەدا کە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣یە زیاتر لە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار ڕەسید لەلایەن بازرگانەکانەوە دانراوە، کە ئەوەش بەڵگە و نیشانەی زیاتربوون و گەشەکردنی جموجووڵی بازرگانییە لە هەرێمی کوردستاندا**

**بەردەوام تیمەکانی چاودێریی بازرگانی چاودێریی بازاڕ دەکەن و هەر کەس و شوێن و دووکانێک هەوڵ بدات، نرخی کاڵایەک بەرز بکاتەوە، سزا دەدرێت**

هۆکارەکەشی بریتییە لە یەکەم: هەندێ ئاسانکاری لە ڕێنماییەکانی بازرگانی، دووەم: بە هۆی ئەو نووسینگەیەی کە بۆ مامەڵەی بازرگانان لە دهۆک کراوەتەوە کە ئاسانکاری لە هاتوچۆی بۆ بازرگانەکان دەستەبەر کردووە، سێیەم: بە هەمان شێوەی دهۆک لە ڕێگای چاودێریی بازرگانی لە سلێمانیش ئاسانکاریمان بۆ بازرگانەکان کردووە، بەتایبەت لە مامەڵە و خاڵە سنوورییەکاندا، تاوەکو بتوانن بە شێوەیەکی ئاسان و کەمترین ڕۆتین بازرگانییەکانیان بکەن. ئەم داتا و ئامارانە دەری دەخەن لە کابینەی نۆیەمدا جموجووڵی بازرگانی لە زیادبوون بووە، هەر بۆ ئەمساڵیش تا ئێستا ٢٠٠ مامەڵەی بازرگانی کراوە و تەنیا لەم مانگەدا کە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣یە زیاتر لە (٣٠٠)ملیۆن دۆلار ڕەسید لەلایەن بازرگانەکانەوە دانراوە، کە ئەوەش بەڵگە و نیشانەی زیاتربوون و گەشەکردنی جموجووڵی بازرگانییە لە هەرێمی کوردستاندا.

*** لە سەرەتای جێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەنگاوی ستراتیژی ئەوە بوو کە بیر لەوە کرایەوە ڕێگەیەک بۆ کڕینەوەی بەروبوومی جووتیاران و دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراک دابنرێت، بۆ ئەمەش چەندین سایلۆ بۆ کڕینەوەی دانەوێڵە (گەنم و جۆ) دروست کران و چەندین کارگەش بۆ پیشەسازیی خۆراک دامەزران، ئەمانەش هەموویان دەبنە سەرچاوەیەک بۆ بارزگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئایا تا چەند ئەم هەنگاوە جووڵەی بارزگانی زیاتر کردووە؟**

- هەنگاوەکانی حکومەت بۆ کڕینەوەی بەروبوومی جووتیاران لە ئاستێکی زۆر باشدایە و ئاستی هەناردەکردنی بەروبوومەکانی هەنار و هەنجیر و ترێ و دۆشاو زۆر پێش کەوتووە. لە کاتێکدا ئاستی هەناردەکردن زیاتر بکرێت، ئەوە پێویستە حکومەت پاڵپشتیی زیاتری کەرتی کشتوکاڵی بکات، بە دابینکردنی سولفەیەک بۆ برا جووتیارەکان تاوەکو ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرز بکرێتەوە و سوود لە ئاوی دەریاچەکان وەربگیرێت، بە ڕاکێشانی هێڵێکی ئاودێری بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکانیان، یان سوود لە ئاوی پیسی ماڵان وەربگیرێت، بە دامەزراندنی کارگەی ڕیسایکلین و دووبارە پاککردنەوەی ئاوە پیسەکە و لە پاشان دووبارە بەکارهێنانی بۆ کاری کشتوکاڵی و لەلایەن حکومەتەوە بە مڕەشە و بنەتۆی باش کە بگونجێت لەگەڵ ئاو و هەوای کوردستان بە جووتیاران بدرێت، بۆ ئەوەی ئەو بڕە گەنمەی بەرهەم دێت، جۆرێکی باش بێت. بۆ گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ و هاندان و پشتگیریی جووتیاران لەو چەند ساڵەی دوایی لە کابینەی نۆیەمدا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان چەندین سایلۆ دروست کراون، بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراکیش چەندین پڕۆژەی دانەوێڵە لە شار و شوێنی جیاجیا دانراون، ئەمەش هەر بۆ دابینکردن و پاراستنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستاندا بووە. هەموو هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمیش بۆ ئەوەیە کە چۆن بتوانین پەرە بە بەرهەمی ناوخۆ بدەین و، سەرچاوەکانی داهات هەمەچەشن بکەین، بۆ ئەوەی تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستین و، ئەو بەرهەمانەی کە خۆشمان لە هەرێمی کوردستان هەمانە، بگاتە ئەو ئاستەی کە بەشی خۆمان بکات، لە پاشان ئەوەی زیادە لە ڕێگای بازرگانەکانەوە بنێردرێتە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی وەک براندێک هەژمار بکرێت بە کوالێتییەکی باش تاوەکو جێگای ڕەزامەندیی کڕیارانی ئەو وڵاتانە بێت و بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت.

*** بۆ زیاتر هاندانی جووڵەی بارزگانی، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی هەوڵەکانی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی بەرهەمی جووتیارانی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکرێت. ساڵی پار لە کۆنفرانسی داڤۆس لە میانەی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ نوێنەران و بزنێسمانەکانی دەوڵەتی کەنداو توانی هەناری کوردستان هەناردەی بازاڕەکانی کەنداو بکات، ئەمساڵیش هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بوو کە لە ئەورووپاش بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی جووتیاران بدۆزێتەوە، ئایا گرنگیی ئەم پرسە لای شەخسی سەرۆک وەزیران بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک لە سەرەتای بەرنامەی کابینەکەیدا لە ڕایگەیاند کە پاڵپشتیی بەرهەمی خۆماڵی دەکات، لەو پێناوەدا لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی بەبەردەوامی تا ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە گرنگی بە بەرهەمی ناوخۆیی بدرێت و، هانی جووتیار و بازرگان و بزنێسمانەکان و خاوەن کارگەکان دەدات، تاوەکو بەرهەمی ناوخۆ بە کوالێتییەکی باش زیاد بکەن، لە سەردانەکانی بۆ دەرەوەی وڵات لە کۆنگرە

نێودەوڵەتییەکاندا بەتایبەت لە داڤۆس لە ساڵی ڕابردوو و ئەمساڵیش ڕێزدار سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان کارو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بووە کە بەرهەمە ناوخۆییەکان بە وڵاتانی جیهان بناسێنێت و داوایان لێ دەکات کە بازرگانەکان و خاوەن کۆمپانیاکانیان بێن ئەو بەرهەمانەی هەرێمی کوردستان بکڕنەوە و بیبەن لە وڵاتەکانی خۆیان و لە بازاڕ ساغی بکەنەوە، لەو ڕوانگەیەوە هەوڵەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان پاڵپشتیەکی زۆر گرنگە، بەتایبەت بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکان کە لە ساڵی پار لە کۆنفرانسی داڤۆس لەگەڵ بزنێسمانەکان توانرا بەرهەمی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بگەیەندرێتە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و وڵاتە ئەوروپییەکان، هەروەها هەوڵەکانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت بۆ پاڵپشتیی زیاتری برا جووتیارەکانە و بۆ دۆزینەوەی بازاڕی زیاترە لە وڵاتانی جیهان و هانی کۆمپانیا ناوخۆییەکانیش دەدات بە دامەزراندنی کۆگای ساردکەرەوە بە کواڵێتی و ستانداردی جیهانی تاوەکو بەرهەمەکانی ناوخۆیان تێدا هەڵبگیرێت، تا ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن، کە هەندێکجار بە هۆی نەبوون، یان کەمیی بازاڕ ئەوا برا جووتیارەکان بە هۆی نەبوونی کۆگای ساردکەرەوە تووشی زیان دەبن، هەر بۆیە هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەت بە دوو ئاراستەیە و ئاراستەیەکی بۆ ئەوەیە کە ژێرخانێکی باشی ئابووری بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان فەراهەم بکات، ئاڕاستەی دووەمیش بۆ ئەوەیە کە بازاڕ بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکان لە دەرەوە بدۆزرێتەوە.

*** دۆلار کۆڵەگەی سەرەکیی هەر وڵاتێك بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانییە لە هەموو جیهاندا، لە ئێستادا هەم لە هەرێمی کوردستان و هەمیش لە عێراق، بەهای دۆلار لە بەرانبەر بە دینار لە هەڵکشاندایە و ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی نەرێنی لەسەر جوولەی بارزگانی و ئاڵوگۆڕ کردووە، ئایا ئێوە وەك وەزارەتی بارزگانی و پیشەسازی چ بەرنامەیەکتان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەرزبوونەوەی دۆلار هەیە؟**

- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵکشانی بەهای دۆلار تاوەکو نرخەکان لەناو بازاڕدا زیاد نەکات، بە چەند ئاراستە هەوڵەکانمان چڕ کردووەتەوە، چ لە ڕووی دابەشکردنی ڕێکوپێکی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان و زیادکردنی مادده خۆراکییەکان، یان لە ڕووی بەدواداچوونی نرخەکانی بازاڕەوە بێت، کە بەردەوام تیمەکانی چاودێریی بازرگانی چاودێریی بازاڕ دەکەن و هەر کەس و شوێن و دووکانێك هەوڵ بدات، نرخی کاڵایەك بەرز بکاتەوە، سزا دەدرێت، هەوڵیش دەدرێت نرخی هەر کاڵایەك بە دۆلار بێت، بکرێت بە دیناری عێراقی، تاوەکو بڕی دینار زیاتر بکەوێتە بازاڕەکان، بەمەش ئاراستەیەکی پێچەوانە دروست بکات، کە بەهای دۆلار لە بازاڕ دابەزێنێت، هەروەها لە هەوڵی ئەوەداین ئەو بەشە خۆراکەی دابەش دەکرێت، بەشێوەیەکی ئاوا بێت کە بەشی هاووڵاتیان بکات و بە ڕێکوپێکی و بە بێ دواکەوتن دابەشی بکەین.

*** لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی جارێکی دیکە پسولەی پێدانی خۆراك بە هاووڵاتیان درێژ کرایەوە، بۆ ئەمەش خۆراکێکی هەمە جۆر بە ئاستێکی زۆر هەناردە کراوە و لە کۆگاکان خەزن کراوە، ئەم پرۆسەیە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، لە ئێستا کە نرخی خۆراك لە بەرزبوونەوەدایە، ئایا تا چەند پرۆسەی دابەشکردنی خۆراك بەسەر هاووڵاتیان بەردەوام دەبێت؟ ئایا ئێستا لە کۆگاکان چەند خوراکی پێویست هەیە بۆ ئەوەی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکرێت؟**

- لە ساڵی ڕابردوو (٢٠٢٢) ئەوە ١١ بەشە خۆراك بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش کراوە و لە ئەمساڵیشدا چەند ڕۆژێکە دەست بە دابەشکردنی بەشی یەکەمی بەشە خۆراك کراوە، کە ماددەکانی شەکر و زەیت و برنج و نیسك و دۆشاوی تەماتە و لەتکەنۆك و فاسۆلیا لەخۆ دەگرێت، هەروەها زۆربەی بەشە خۆراکی مانگی دوو و سێش هاتووە و لە کۆگاکان هەڵگیراون، واتە پڕۆسەی دابەشکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان بەردەوام دەبێت، تاوەکو ئەو کاتەی کە خەڵکی عێراق بەگشتی لە ئاستی هەژاری دوور دەکەوێتەوە، یان هەژاری بە تەواوی لە عێراق نامێنێت. دابەشکردنی ئەو بەشە خۆراکە کاریگەرییەکی زۆر باشی لەسەر بازاڕ هەیە، کە ناهێڵێت نرخی ئەو جۆرە کاڵانە لە بازاڕەکان بەرز ببێتەوە، هەژارەکانیش بەکاری دەهێنن و نایفرۆشنەوە، دابەشکردنی ئەو بەشە خۆراکە لە عێراق و لە هەرێمی کوردستانیش بەردەوام دەبێت و هەوڵیشمان هەیە بۆ زیادکردنی چەندین جۆری بەشە خۆراك و زیادکردنی بڕی ئەو بەشە خۆراکەی دەدرێت.

**لە هەوڵی ئەوەداین ئەو بەشە خۆراکەی دابەش دەکرێت، بەشێوەیەکی ئاوا بێت کە بەشی هاووڵاتیان بکات و بە ڕێکوپێکی و بە بێ دواکەوتن دابەشی بکەین**

**لە ساڵی ڕابردوو (٢٠٢٢) ئەوە ١١ بەشە خۆراك بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش کراوە و لە ئەمساڵیشدا چەند ڕۆژێکە دەست بە دابەشکردنی بەشی یەکەمی بەشە خۆراك کراوە، کە ماددەکانی شەکر و زەیت و برنج و نیسك و دۆشاوی تەماتە و لەتکەنۆك و فاسۆلیا لەخۆ دەگرێت**

**زۆربەی بەشە خۆراکی مانگی دوو و سێش هاتووە و لە کۆگاکان هەڵگیراون، واتە پرۆسەی دابەشکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان بەردەوام دەبێت**

**دابەشکردنی ئەو بەشە خۆراکە کاریگەرییەکی زۆر باشی لەسەر بازاڕ هەیە، کە ناهێڵێت نرخی ئەو جۆرە کاڵانە لە بازاڕەکان بەرز ببێتەوە**

# ئاوڕدانەوەیەک لە پرسی سووریا

دوای تێپەڕبوونی دوازدە ساڵ بەسەر بەرپابوونی شۆڕشی سووریا، هەموو هاووڵاتیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بە شۆڕشی ستەملێکراو ناوی بەرن، پاش ئەوەی گرووپگەلێکی ئیسلامیی سیاسی کۆنترۆڵیان کرد و لە باریان برد. ئەو گرووپانە ناوەڕۆکی نیشتمانی و دیموکراسیی ئەو شۆڕشەیان پووچەڵ کردەوە و خستیانە خزمەت ئەجێنداکانی ڕژێمی عەرەبی و هەرێمییەوە، دوای ئەو ماوە دوور و درێژە کە ملیۆنان شەهید و بریندار و ڕفێنراو و ئاوارەی خەڵکی سووریای لێ کەوتەوە لە عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی دیکە، تا ڕاددەیەك کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی سووریا ئاوارە بوو، یان بوونە پەنابەر، پاش ئەو ماوەیە دەڵێین، تا ئێستا ڕژێمی سووریا کە دەستی بە خوێنی ئەو خەڵکە سوورە و بە سەدان تاوانی قێزەوەنی ئەنجام داوە، کەچی تا ئێستا هەر لەسەر حوکمە و بە بەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بێ ئەوەی دەوڵەتان قسەیەکیان هەبێت، تا ئێستاش دۆز و پرسی سووریا بێ چارەسەری سیاسی ماوەتەوە. بۆیە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و پەرەسەندنی ڕووداوەکان ڕاستیی تازەی تاڵ و زۆر دڵتەزێن و نامۆ لەسەر ئەرزی واقیع ڕوون دەبێتەوە، لەوانە:

کێشەی یەکەم: سوپای ڕووسیا یەکێکە لە لایەنە داگیرکارەکانی وڵاتەکەمان، پاڵپشتیکاری سەرەکیی سەربازی و دیپلۆماسی و ئابووری و ئەمنیی ڕژێمی ستەمکاری ئەسەدە و سوپاکەی تاوانی کوشتن و کۆمەڵکوژی دەرحەق سوورییەکان ئەنجام داوە، لەوەتەی ساڵی ٢٠١٥ تا ئێستا یەکێکە لە هێزە بنەڕەتییەکان کە ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا و کێشەی ئازادی و دیموکراسی دەبێتەوە لە هەموو شوێنێك، لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین، ڕاستەوخۆ لە ڕێی بەکرێگیراوەکانی وەك ڕێکخراوی (ڤاگنەر)ی سەربازی و هەندێ ڕێکخراو و گرووپگەلی دیکە.

چەندین مانگە ئەم سوپایەی ڕووسیا لە شەڕی دوژمنکاری و فراوانخوازی دژی ئۆکرانیای ئاشتیخواز تێوە گلاوە، ئەو سەرکەوتنەیشی کە بە ئاواتی دەخواست، لە ماوەیەکی کورتدا بۆی نەهاتە دی، بەڵکو لەلایەن ئۆکرانیاوە ڕووبەڕووی بەرهەڵستیی توند بووەوە، کە هەرگیز بیری لێ نەدەکردەوە، سوپاکەی زیانی زۆری گیانی و ماددی بەرکەوت، ئەمە تەنانەت ڕەنگدانەوەی هەبوو بۆ سەر میللەت لە ناوخۆدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ تووڕەبوون و نارەزایی خەڵکەکە دژی پوتین لە بەرزبوونەوەدایە، بێ گومان ئەوەی ئێستا بۆ ڕژێمی مۆسکۆ هاتووەتە دی، دەرفەتێکە بۆ ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا کە دژی ئەو ستەمەن، تەنانەت بۆ ڕۆژئاواش بەگشتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێشهاتە، ئەویش بە تەنگەتاوکردنی ئەو هێزانەی ڕووسیا کە لە سووریادان بۆ ئەوەی بە یەکجاری لەم وڵاتە دووریان بخەنەوە. ئەگەر ئەمە بێتە دی، ئەوا بۆ سوورییەکان ئاسانتر دەبێت تاکو لەو ڕژێمەی ئەسەد ڕزگاریان بێت، پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکە ئەوەیە: بۆچی چاوەڕوان دەکەن، تا کەی ئەگەر ئەو لایەنانە لە سیاسەتەکەیاندا ڕاستگۆ بن؟

وێڕای ئەمە، دەبینین سستی و خەمساردییەك لە ئارادایە لەلایەن ڕۆژئاواوە بەگشتی و لە ژێر پاساوی یاسایی و ناواقیعی، لە وەدیهێنانی داواکاریی ئۆکرانییەکان لەبارەی پڕچەککردنەوە، هەروەها لە ڕووی هاوکاریی سەربازییەوە، بەتایبەتی تانکی تازە کە دەتوانێت ئەنجامەکانی هێرشەکانی

**سوپای ڕووسیا یەکێکە لە لایەنە داگیرکارەکانی وڵاتەکەمان، پاڵپشتیکاری سەرەکیی سەربازی و دیپلۆماسی و ئابووری و ئەمنیی ڕژێمی ستەمکاری ئەسەدە و سوپاکەی تاوانی کوشتن و کۆمەڵکوژی دەرحەق سوورییەکان ئەنجام داوە**

**ڕووسیا لە شەڕی دوژمنکاری و فراوانخوازی دژی ئۆکرانیای ئاشتیخواز تێوە گلاوە، ئەو سەرکەوتنەیشی کە بە ئاواتی دەخواست، لە ماوەیەکی کورتدا بۆی نەهاتە دی**



سەلاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سەربازیی ئایندەی رووسیا بۆ بەرژەوەندیی گەلی ئۆکرانیا بگۆڕێت.

کێشەی دووەم: سەرەڕای پەرەسەندنی راپەڕینەکان لە ئێران و کەوتنەوەی هەزاران قوربانی لە شەهید و بریندار و دەستگیرکراوان، و لە بەرامبەریشدا ئێران وەك دەوڵەت لە بڕیارەکانی تایبەت بە سزاکانی ئەم دواییە لەلایەن پەرلەمانەکانی ئەورووپا و ئەمریکاوە، گورزی توندی لە دانوستانەکانی ئەتۆمی بەرکەوتووە، بەڵام زۆریش بەداخەوە جیهان وەك تەماشاکەر وەستاوە، تەنانەت چاویش دەپۆشن لە هەڵکشان و قایمکردنی پێگەی زیاتری ئێران لە عێراق و لوبنان و یەمەن، تەنانەت لە کەنداو و ڕێڕەوە ئاوییەکانی کەنداویش، لەوەش زیاتر ئەم ڕژێمە بەردەوام کار دەکات بۆ فراوانکردنی هاوپەیمانییەکانی بە بنیادنانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەگەڵ رووسیا، دواتریش لەگەڵ چین و کۆریای باکوور و جەزائیر، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی کەنداو زانیارییان دەربارەی ئەو شتە نییە، یان خەمساردن و لە بەرپرسیارێتیی کرۆیی و ئەخلاقی رادەکەن؟

کێشەی سێیەم: بە دیاریکراوی پەیوەستە بە دۆخی کوردەوە، بێدەنگیی تەواوی حزبەکانی هەردوو لایەنی جەمسەرگیری لە گۆڕەپانی کوردی سووریا (هەردوو لایەنی پەیەدە و پەکەکە) سەبارەت بە ڕۆڵی نەرێنی تاران و بەگشتی چالاکییەکانی لە سووریا، هاوکات لە هەندێ ناوچەی کوردنشین بەتایبەتی، ڕەنگە لە ناوەڕۆکدا هەندێ نهێنی تێدا شاردراوە بێت، کە ئاشکرا نەکراون، لەوانە چاوپۆشینی هەمووان لە سوورییەکان و لە کورد لە باسکردنی ئەو ڕاستییە کە تا چەند ناوەندی قەندیل (پەکەکە) پەیوەندییان بە سیاسەتەکانی تارانەوە هەیە، هەروەها هاوپەیمانیی زۆر پتەوی لەگەڵ پاسداران و دامەزراوە فەرمییەکانی دیکە، دیسان هاوکاریی هاوبەشی نێوان هەردوو لا، لەگەڵ هەماهەنگی لە ناوچەکانی کەرکووك و شنگال، بە مەبەستی لەباربردنی ئەو دەستکەوتانەی گەلی کوردستانی عێراق کە لە ماوەی دەیان ساڵ بە قوربانیی زۆر وەدی هاتوون، هەروەها لە زۆر شوێنی سووریا، ئەو ناوەندە (قەندیل) کە سەرکردایەتی بەرێز مەزلووم عەبدی و هاوڕێکانی و ئیدارەی خۆیەتی و سەربازی دەکات، هەروەها سەرپەرشتیی داهاتی دارایی دەکات لە سنوورەکان، ئەو نەوتەشی کە دەگاتە سەدان ملیۆن دۆلار، پەیوەندییان لەگەڵ هاوپەیمانان دادەڕێژێت، بەڵام کە پێویستە باس لەو حزبانە(ئەنەکەسە) بکرێت کە توانا و شیانیان نییە، هیچ ڕۆڵیشیان نییە، لە بنەڕەتدا سەربەخۆ نین لە وەرگرتنی هەڵوێستی کاریگەری سیاسیی تایبەت بە پرسە جیاوازەکان، لەوانەش هەڵوێست بەرانبەر بە تاران.

پێویستە چالاکانی بزووتنەوەی کورد لە سووریا و عێراق زۆر وریا بن لە هەمبەر پاشکۆکانی، وەك حزبوڵڵای لوبنانی و چەکدارانی حەشدی شەعبیی عێراقی، ئەوانەی ئاشکران، یان لە ژێرەوە کار دەکەن، ئەوانە هەوڵ دەدەن دزە بکەنە نێو ڕیزەکانی کوردەوە، بەتایبەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، لەپێناو وەدیهێنانی مەرامەکانیان و تێکدانی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردی.

پێگەی ئەوانە لە پێشەوەی ڕیزەکانی ئەو هێزانەیە کە دژایەتیی بزووتنەوەی کوردی دەکەن، هەروەها دژایەتیی فیدراڵیی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەن، چ پێشتر کردوویانە، یان ئێستا یان لە ئایندەدا دەیکەن.

**پێویستە چالاکانی بزووتنەوەی کورد لە سووریا و عێراق زۆر وریا بن لە هەمبەر مەترسییەکانی وەک حزبوڵڵای لوبنانی و چەکدارانی حەشدی شەعبیی عێراقی**

**تا ئێستاش دۆز و پرسی سووریا بێ چارەسەری سیاسی ماوەتەوە. بۆیە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و پەرەسەندنی ڕووداوەکان ڕاستیی تازەی تاڵ و زۆر دڵتەزێن و نامۆ لەسەر ئەرزی واقیع روون دەبێتەوە**

# چەند کورتە باسێکی ژینگەیی

**یەکەم: هەنگاوی بچووك بەڵام ئەنجامی گەورە**

ئەم چەند هەنگاوەی لای خوارەوە لە رووالَەتدا بچووکن، بەلام لە ئەنجامدا کاریگەریی گەورەیان هەیە، چونکە بەپێی زانیارییەکان لە سایتی نەتەوە یەکگرتووەکان مرۆڤ وەك تاك دەتوانێت بەم هەنگاوە بچووکانە بەشدار بێت لە کەمکردنەوەی تێکرای ساڵانەی خۆی لە گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن، لە ٦,٣ تۆن بۆ دوو تۆن:

١. کەمتر بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل.
٢. زیاتر بەکارهێنانی خۆراکی رووەکی.
٣. بەفیڕۆنەدانی خۆراك.
٤. دووبارە سوودوەرگرتن لە کەرستەکان.
٥. کڕینی شتومەکی ژینگەدۆست.
٦. بەشداربوون لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی.

**دووەم: بایەخدان بە خاك، وەك پێکهێنەرێکی سەرەکیی ژینگە:**

خاك بریتییە لەو شوێنەی کە خۆراك لەوێوە دەست پێ دەکات.

لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، راسپێردرا بۆ زیندووراگرتنی رۆژی تایبەت بە خاك، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتەکاندا، لە پێناوی رووبەڕووبوونەوەی بەبیابانبوون لەو وڵاتانەی تووشی وشکەساڵی بوون، بەتایبەت لە کیشوەری ئەفریقا.

ئامانجەکانی بەرزڕاگرتنی بابەتی خاك:


١. زیادکردنی هۆشیاری لای بڕیاربەدەستان و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتیان لە بارەی گرنگیی خاك بۆ مرۆڤ و ئاسایشی خۆراك.
٢. پشتگیریکردنی ئەو رێکارانەی کە دەبنە هۆی پاراستنی خاك بە بەردەوامی.
٣. هاندان بۆ وەبەرهێنان لە باشتر بەڕێوەبردنی خاك.
٤. رێگرتن لە داخورانی خاك، کە هۆکاری سەرەکیی تێکچوونی سیستمی ژینگەیە.

**سێیەم: غازی هاوەڵ بۆ دۆستی ژینگە**

ئەو گازەی کە پێی دەڵێن غازی هاوەڵ یان (الغاز المصاحب) و بە بێ سوود دەسووتێت، ئێستا بۆ ساڵی چوارەمە لەسەر یەك، کە عێراق لە پلەی دووەمدایە لەم بەهەدەردانە لە دوای وڵاتی رووسیا.

لە کاتێکدا ئەم غازە ئەگەر نەسووتێنرێت، لە توانایدا هەیە کە رۆژانە کارەبا بۆ نزیکەی سێ ملیۆن ماڵ دابین بکات، گرفتەکە ئەوەیە عێراق ئەو دامەزراوانەی لەدەست داوە کە هەیبوون بۆ سوودوەرگرتن لەم غازە، بەڵام هەرێمی کوردستان توانییەتی لە زیاتر لە ناوچەیەکدا ئەم غازە بەکار بهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، لە هەوڵیشدایە ئەو تەکنۆلۆژیا گرانبەها و نوێیانە دەست بخات، تا بتوانێت سوودی زیاتر لەم غازە وەربگرێت بۆ ئەوەی بەفیڕۆ نەچێت.

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت لەسەر وەبەرهێنان لە بواری غازی هاوەڵدا، بۆ دامەزراندنی ژێرخانی پرۆژەیەکی تایبەت بە غازی هاوەڵ کاری پێکەوەیی بکەن، ئەم پرۆژەیەش لە کارە لەپێشینەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە، چونکە سووتاندنی بەردەوامی ئەم غازە، واتە لەدەستدانی ساڵانەی ملیارەها دۆلار، لەلایەکی دیکەشەوە سوودوەرگرتن لەم غازە واتە پاراستنی ژینگە بەگشتی و هەوا بەتایبەتی.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەمە جگە لەوەی ئەم پڕۆژەیە هەنگاوێکە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و بنیادنانی ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام.

**چوارەم: چاکبوونەوەی لەسەرخۆی چینی ئۆزۆن**

چینی ئۆزۆن قەڵغانێکی تەنکە لەو غازەی کە زەوی دەپارێزێت لەو بەشە زیانبەخشەی تیشکی ڕۆژ، بۆ ئەوەی بەم جۆرە ژیان لەسەر گۆی زەوی بەردەوام بێت، بە هەوڵەکانی ساڵانی ڕابردوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانی بە شێوەیەکی پلەبەندی، جیهان لەو ماددانە ڕزگار بکات، کە دەبوونە هۆی زیانگەیاندن بە چینی ئۆزۆن، بەمەش توانرا ڕێگری بکرێت لە گەیشتنی تیشکی سەروووبنەوشەیی زیانبەخش بە ژیان و ژینگە و مرۆڤ. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پرۆتۆکۆڵی مۆنتریال توانی کاری پێکەوەیی و هاوکارییەکی جیهانی بهێنێتە ئاراوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ماددە مەترسییدارانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئێستا و داهاتووش هەیە، وەك کلۆر، فلۆر، برۆم، یۆد و ماددە کیمیاییە دەستکردەکانی وەك پێکهاتەکانی هایدرۆ کلۆر و فلۆر و کاربۆن.

ڕێککەوتننامەی ڤییەنا بۆ پاراستنی چینی ئۆزۆن کە لە ئاداری ساڵی ١٩٨٥ پەسەند کرا، هەروەها پرۆتۆکۆڵی مۆنتریال کە لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٧ پەسەند کرا، بەم جۆرەش ڕێککەوتننامەی ڤییەنا و پرۆتۆکۆڵی مۆنتریال بوونە یەکەم دوو پەیماننامە لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بۆ بەدیهێنانی پەیمانێکی جیهانی لە بارەی چینی ئۆزۆنەوە. کۆبوونەوەی لایەنەکانی نێو پرۆتۆکۆڵی مۆنتریالیش لە کیگالی ڕواندا لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٦، سەلماندی کە بە پێکەوەکارکردن هەموو بەئەنجام گەیشتنێك ئاسان دەبێت، لە پێناو پاراستنی هەسارەکەمان و ئەو ژینگەیەی کە هەموومان خاوەنین.

لەبەر گرنگیی چینی ئۆزۆن، عێراق یاسای چوونە نێو ڕێککەوتننامەی ڤییەننا و پرۆتۆکۆڵی مۆنتریالی پەسەند کرد، بەپێی ڕەزامەندیی پەرلەمانی عێراق و، واژۆکردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە ٢٠٠٧/٨/١٢ بە مەبەستی بەشداریکردنی عێراق لەگەڵ وڵاتانی جیهان، لە پاراستنی چینی ئۆزۆندا. بەم پێیەش لە وەزارەتی ژینگەی عێراقدا (سەنتەری نیشتمانیی ئۆزۆن) هەیە، (هۆبەی ئۆزۆن)یش لە فەرمانگەی تەکنیکیی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان نوێنەری هەرێمە لە ڕێککەوتننامەکەدا.

بۆیە بەردەوام دەستەی ژینگە و فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا، لە پەیوەندیدان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و خاوەن شوێنەکانی ساردکەرەوە، بۆ جەختکردنەوە لەسەر هاوردەکردنی ئەو جۆرە لە سپلیت و بەفرگر و ساردکەرەوەی ئۆتۆمبێل و ئاگرکوژێنەوە و سپرای، کە پێکهاتەکانی کلۆر، فلۆر و کاربۆنیان تێدا بەکار نەهاتبن، بەڵکو ئەو کەلوپەلانە بەکار بهێنن کە غازەکانی دۆستی ژینگەیان تێدا بەکار هاتووە و، هەروەها خۆ بە دوور بگرن لەو تەختە و دارانەی کە بە برۆمیدی مێسیل چارەسەر کراون، ئەمەش لە ڕێگەی ناسینەوەیان بەو پیتانەی کە لەسەریان نووسراوە، چونکە ئەگەر پیتی (ئێچ تی)یان لەسەر بوو، مانای وایە بە گەرمی چارەسەر کراون، بەڵام ئەگەر پیتی (ئێم بی) یان لەسەر نووسرابوو، ئەوە مانای وایە کە بە برۆمیدی مێسیل برۆمید چارەسەر کراون.

# خوێندنی زمانی کوردی، پەروەردە و دەوڵەت
## (تیۆرییەکانی خوێندنی زمان)



کاوە حەمەمراد
بۆ گوڵان نووسیویەتی

١-٢

### بەشی ١- خوێندنی زمان و پەیوەندییەکان


سەرەتا بە پێویستم زانی ئاماژە بەوە بکەم کە خوێندنی زمان و خوێندنی ئەدەب، دوو ماددەی\ دیسپلینی جیاوازن. ئەدەب گرنگی دەدات بە ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکان وەك: شیعر، پەخشان، ڕۆمان، و کاردەکات لەسەر قەبارەی گشت بابەتەکە. بەڵام خوێندنی زمان زانستیتر و وردتر سەیری بەشەکانی زمان دەکات، بۆ نموونە: ڕستەسازی، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی. مەودای گەورەتر و فراوانترە بۆ شیکاری و کارکردن لەسەر هەموو جۆرە دەقێك[1]، لە ریکلامێکی بچووکەوە تا بەندە قانوونی و دەستوورییەکان. لە پرۆسەی خوێندنی زمانی فەرمیی دەوڵەتدا پێویستە گرنگی بدرێت بە خوێندنی زمان و پەیوەستکردنی بە پەیوەندییە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە خوێندنی ئەدەب، چونکە ژیانی سەردەم و بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەت پێویستییان بە تێگەیشتن و نووسینی دەقە، نەك شرۆڤەکردن و لەبەرکردنی شیعر، بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە، ئەوەیە کە خوێندنی ئەدەب، بەتایبەتی شیعر زیاتر گرنگی پێ دەدرێت و پانتاییەکی زۆری گرتووە لە پەروەردەی هەرێم، تا خوێندنی دەق، بەتایبەتی دەقی سەردەم، ئەو دەقەی لە دەزگاکانی دەوڵەت، چاپەمەنییەکان و میدیای کوردی (بیستراو و نووسراو)دا ڕۆژانە بەکاردێن و بەشێکن لە ژیان، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی داناوە لە توانای فێرخواز لە تێگەیشتن و نووسینی دەق بە باشی، هەروەها لە ڕووی مێژووییەوە کاریگەریی پەروەردەی عێراقی لەسەر ماوە کە خوێندنی زمانی کوردی وەك زمانی پێکهاتەیەك دەخوێندرا، نەك وەك زمانی فەرمیی دەوڵەت، بۆیە ئەم بابەتەم نووسی.

لە دوای ڕاپەڕینەوە سیستەمی حوکمڕانی کەوتە دەست کورد، بە بڕیارێکی سیاسی سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەت کران بە کوردی، بە فەرمیکردن و خوێندن بە زمانی کوردی لە دەستووری عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٥ چەسپێندرا. زمانی کوردی زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانە، پتر لە شەش ملیۆن کەس ژمارەی دانیشتووانیەتی و، نزیکەی سێ تا چوار ملیۆن کورد لە دەرەوەی بازنەی هەرێم لە عێراقدا دەژین، پەیوەندیی کارگێڕی، بازرگانی، پیشەسازی و کەلتوورییان لەگەڵ هەرێمدا هەیە، هەروەها کوردی بەشەکانی دیکە و کوردی تاراوگە (باشوور) بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمدا هەیە، ئەمەش پێویستی بە کادری بەتوانا لە پەیوەندییەکاندا هەیە.

**نزیکەی سێ تا چوار ملیۆن کورد لە دەرەوەی بازنەی هەرێم لە عێراقدا دەژین، پەیوەندیی کارگێڕی، بازرگانی، پیشەسازی و کەلتوورییان لەگەڵ هەرێمدا هەیە**

جێی خۆیەتی ئەم پرسیارانە بکرێت:

١. ئایا خوێندنی زمانی کوردی کادری کارا و کارامە دروست دەکات بۆ حوکمڕانیی کوردی و کۆمەڵگە؟ ٢- ئایا بابەتەکانی خوێندنی زمانی کوردی لکاون بە ژینگە و ژیانی قوتابی/ خوێندکارەوە، کە کادرێك بێتە بەرهەم بتوانێت پشت



بەخۆی ببەستێت بە ئاخافتن و نووسین لە بازاڕی کار و دەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەتدا؟

تیۆرییەکانی خوێندنی زمان سەرچاوەی زانستین بۆ وڵامدانەوەی پرسیارەکان، هەڵسەنگاندن و دارشتنی پرۆگرامی خوێندن.

لە ڕووی تیۆرییەوە بیرمەندان گرنگییان داوە بە زمان کە پێویستییەکی سەرەکییە بۆ بنیادنانی تاک و کۆمەڵگە، پەیوەستیان کردووە بە توانای ئەنجامدانی\ئەدا و بەکارهێنانی لە پەیوەندییەکاندا.

چۆمسکی (١٩٦٥) چەمکی ئەدای زمانەوانی "performanc Linguistic و لێهاتوویی زمانەوانی (Lin-guistic Competence) ناساند\ داهێنا. توانایی ئەدای زمانەوانی گرێ دا بە لێهاتوویی زمانەوانییەوە. توانایی و لێهاتوویی زمانەوانی (ڕێزمان) هەیمس (١٩٦٦) دەڵێت: "لێهاتوویی زمانەوانی هەر لێهاتوویی ڕێزمانی نییە"، ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرت و گرێی دا بە کەلتوور و کۆمەڵگەوە (ئیتنۆگرافیک).

هابەرماس خاوەن تیۆریی پەیوەندیدار- کردار Com-municative Action زمان وەك بنچینەترین ئەستوونی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو، "بە سوود وەرگرتن لە تیۆری سیستەمەکان (لوهمان)، دەروونناسی گەشەسەندن (پیاژێ، کۆلبێرگ)، و تیۆری کۆمەڵایەتی (ڤێبەر، دورکهایم، پارسۆنس، مید و .. هتد). بەمەش هەوڵێکە بۆ نوێکردنەوەی مارکسیزم"[٢] ماتریالیزمی مێژوویی- مارکس، بە کورتییەکەی ماتریالیزمی مێژوویی بە زمانەوە گرێ دەدات.

تیۆرییەکان، هەروەها ژیانی سەردەمیش ڕوانگە و تێگەیشتنی مرۆڤایەتییان سەبارەت بە پێویستی و گرنگیی زمان بۆ ژیان و کۆمەڵگە گۆڕیوە. تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گرنگی و ئەولەوییەت بە ڕێزمان درابوو، لەچاو پێکهاتەکانی دیکەی زمان: گوێگرتن و خوێندنەوە و تێگەیشتن، ڕێبازی پەیوەندیکردن(communicative approach) لە میتۆی وانەوتنەوەدا هاتە بوون، لە هەشتاکاندا شۆڕشی دیجیتاڵ زیاتر بەرپا بوو، بەتایبەتی بە هۆی\ PC کۆمپیتەرەوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان خرایە سیستەمی کارگێڕییەوە و کەوتە دەست خەڵکی ئاساییەوە، پەیوەندییەکانی ئاسان و چڕتر کرد، ئەمەش کاریگەریی لەسەر سیستەمی پەروەردەیی وڵاتێکی وەك بەریتانیا هەبووە.

پەیوەندییەکان (خوێندنی زمان بە ئاراستەی پەیوەندییە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکان) گرنگیی زیاتریان پێ درا، دواتر شۆڕشی ئینتەرنێت جیهانی بە یەکەوە گرێ دا، پەیوەندییەکان چوونە بالایەکی بەرزتر لە سنووری تەسکی تاك (لادێ، شار، جێگای کار) دەرچوون و بە نیشتمان و جیهانەوە گرێ دران، دەستەواژەی شەستەکان جیهان لە گوندێکی بچووکە بووە بە ئامێرێکی بچووك\مۆبایل بەدەستەوە. پەیوەندییەکان بوونە فاکت\حەقیقەت هەر وەك ڕێزمان گرنگییان پێ دەدرێت.

### بەشی ٢– کورتەیەك لە خوێندنی زمانی کوردی لە کوردستان و عێراقدا

دوای شۆڕشی فەرەنسا سیستەمی پەروەردە گۆڕا، زمانی فەرەنسایی لە بری لاتینی دانرا، بابەتەکانی خوێندن پەیوەست کران بە نیشتمانەوە وەك: ئەدەب، مۆسیقا و بابەتەکانی دیکەی کەلتووری. پێشتر گرێدرابوون بە زانستی لاهوت\دینەوە. حوسەری لەسەر شێوازی پەروەردەی فەرەنسایی پەروەردەی عێراقی دامەزراند، بەڵام سیستەمی پەروەردەیی پەیوەست کرد بە مێژوو و ئەدەبەوە، بابەتەکانی

**تیۆرییەکان، هەروەها ژیانی سەردەمیش ڕوانگە و تێگەیشتنی مرۆڤایەتییان سەبارەت بە پێویستی و گرنگیی زمان بۆ ژیان و کۆمەڵگە گۆڕیوە**

**گرنگی نەدراوە بە ئاخافتنی منداڵ کە بنچینەیە لە ڕووی پەروەردەیی و فێربوونی زمانەوە. هەروەها جۆری بابەتەکان نەلکاون بە ژینگە و ژیانی قوتابییەوە**

**لە کاتی بەعسدا هەندێ بابەت دەربارەی ئایدیۆلۆژیی بەعس خرانە پڕۆگرامەکانەوە. لە هەندێ وێنەدا کەسایەتییەکان پۆشاکی کوردییان پۆشیوە، بەتایبەتی کاسبکار و خانمیماڵەوە و گوندنشینەکان، ئەمە نایخاتە ڕیزی خوێندنی زمانی پێکهاتەیەک کە ئاشنای بکات بە کەلتوور و مێژووەکەی**

**لەتەک خوێندنی ڕێزماندا گەلێک گرنگی دەدرا بە ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا، ئەمە بووە هۆی ڕەزامەندی و دڵخوازیی سیاسەتمەداران، ڕۆشنبیران و شەقامی کوردی**

**جگە لە زمانی ئینگلیزی خوێندنی زمان بە هەند وەرنەگیراوە، کە دەبوایە زیاتر لە ماددەکانی دیکە گرنگی و ئەولەوییەتی پێ بدرایە**

**گرنگی نەدراوە بە خوێندنی زمانی کوردی لە ڕووی چەندی و چۆنایەتییەوە بۆ گەشەدانی تاک و کۆمەڵگە و ئامادەکردنی بۆ ئەم ئەزموونەی کە دەوڵەتی بەدەستەوەیە**

دیکەی کەلتووری لا برد، ئەمەش بڕیارێکی ئایدیۆلۆژییە لەوەی زانستی و پەروەردەیی بێت ٣، بەمەش پەروەردە لە ژینگە و ژیانی فێرخواز دابڕا.

گەلێک ڕوونە، بەرنامەی خوێندنی زمانی کوردی- سەرەتای لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا هەر وەك خوێندنی بەرنامەی کۆڵونیزمە کە ئامانجی سەرەکیی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینە (ڕێنووس). گرنگی نەدراوە بە ئاخافتنی منداڵ کە بنچینەیە لە ڕووی پەروەردەیی و فێربوونی زمانەوە. هەروەها جۆری بابەتەکان نەلکاون بە ژینگە و ژیانی قوتابییەوە، گشتگیریین\ یونیڤیرسەڵن لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەن: هۆنراوە بۆ منداڵان، بەسەرهاتی ئاژەڵان، سمکۆ لە دارستانێکدا، یارمەتیی نابینا، دایك، وەرزەکانی ساڵ، سرووشت (کوردستان)، مام زۆراب مێوژ دەفرۆشێ و...هتد.

هەروەها لە کاتی بەعسدا هەندێ بابەت دەربارەی ئایدیۆلۆژیی بەعس خرانە پڕۆگرامەکانەوە. لە هەندێ وێنەدا کەسایەتییەکان پۆشاکی کوردییان پۆشیوە، بەتایبەتی کاسبکار و خانمی ماڵەوە و گوندنشینەکان، ئەمە نایخاتە ڕیزی خوێندنی زمانی پێکهاتەیەك کە ئاشنای بکات بە کەلتوور و مێژووەکەی.

دوای ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠، بەرنامەی خوێندنی زمانی کوردی- ئامادەیی وەك سیستەمە عەرەبییەکە سێ بەش بوو: ڕێزمان، ئەدەب و خوێندنەوە. بابەتەکانی بەرنامەی خوێندن پێمان دەڵێن کە بێ جیاوازی، یان چاودێری\سانسۆری حکومەتی ناوەند بەرنامەکان دانران، چونکە لەتەك خوێندنی ڕێزماندا گەلێك گرنگی دەدرا بە ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا، ئەمە بووە هۆی ڕەزامەندی و دڵخوازیی سیاسەتمەداران، ڕۆشنبیران و شەقامی کوردی. ئەگەر لە ڕووی جۆری بەرنامەی خوێندنی زمانەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، (زۆربەی) تایبەتمەندییەکانی خوێندنی زمانی پێکهاتە وەردەگرێت کە چەسپاندنی زمان و کەلتوورە، بۆیە دەکرێت ئەم قۆناغە وەك چەسپاندنی زمانی کوردی بناسرێت و، قۆناغی پێش ١١ی ئازار وەك ناساندن\دانپێدان بە زمانی کوردیدا.

نۆژەنکردنەوەی بەرنامەکانی خوێندن تا ساڵی ٢٠١٧ بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە کە بەگشتی هەنگاوی باشی ناوە لە زۆربەی بابەتەکاندا، بەڵام بەبێ کەموکورتی نییە، ئەمەش حاڵەتێکی سرووشتییە بۆ ڕیفۆرمێکی وا گەورە. ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە جگە لە زمانی ئینگلیزی خوێندنی زمان بە هەند وەرنەگیراوە، کە دەبوایە زیاتر لە ماددەکانی دیکە گرنگی و ئەولەوییەتی پێ بدرایە. واتە گرنگی نەدراوە بە خوێندنی زمانی کوردی لە ڕووی چەندی و چۆنایەتییەوە بۆ گەشەدانی تاك و کۆمەڵگە و ئامادەکردنی بۆ ئەم ئەزموونەی کە دەوڵەتی بەدەستەوەیە: (١ سەرجەم بەرنامەکانی خوێندنی زمان نۆژەن کراونەتەوە جگە لە پۆلی دوو- پۆلی شەش). (٢ بەرنامەکانی خوێندنی زمان پۆلی ٧- پۆلی ١٢ نۆژەن کراونەتەوە، بە هەمان شێواز، هەیکەلی\ ستراکتۆی پێشوو داڕێژراوە. بەرنامەی خوێندنی زمان (فەرمی) لە کوردستان و عێراقدا کراوە بە سێ بەشەوە، ڕێزمان، ئەدەب و خوێندنەوە (بەشی ڕێنووسی لاتینی خراوەتە بەرنامە کوردییەکە) بەرنامەی\پەڕتووکی "زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی هەشت، ٢٠١٥" وەك نموونەیەك دەخەمە ڕوو: (بەشی ڕێزمان: لە ٢٠ بابەت پێکهاتووە. بەشی ئەدەب: لە ١٣ بابەت پێکهاتووە، ٤ دەق و ٩ شیعر. بەشی خوێندنەوە: لە ١١ بابەت پێکهاتووە، ٤ بابەتی گشتی (هەمیشە بەدەم ژیانەوە پێبکەنە، مۆسیقا) و ٧ بابەتی مێژوویی (شێخ مەحموودی نەمر، هەڵەبجەی شەهید، یەکی ئەیار...). بابەتەکان تەنیا بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنن.

بە هەمان شێواز بەرنامەی پۆلەکانی دیکە دانراون جگە لە پۆلی ١١ و ١٢، بەشی ئەدەب گرنگی دەدات بە مێژووی ئەدەب و ڕێبازە ئەدەبییەکان زیاتر لە شیعر.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی خرانە ڕوو، یارمەتیم دەدات تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی خوێندنی زمانی کوردی دەستنیشان بکەم: ١) گرنگی دەدات بە ڕێزمان. ٢) گرنگی دەدات بە ئەدەب بەتایبەتی شیعر. ٣) گرنگی دەدات بە مێژوو. ئەگەر لە ڕووی جۆری پڕۆگرامی خوێندنی زمانەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، تایبەتمەندییەکانی خوێندنی زمانی پێکهاتەیەك وەردەگرێت کە چەسپاندنی زمان و کەلتوورە، کە تا ئێستا لەسەر بنەمای فکریی پەروەردەی عێراق دانراوە کە نزیکەی ١٠٠ ساڵە کاری پێ دەکرێت! پەیوەست کراوە بە ئەدەب و مێژووەوە و بووەتە نەریت، لە کاتێکدا خوێندنی زمان و تێگەیشتن لە گرنگیی زمان گۆڕانکاریی بنەڕەتییان تێدا کراوە.

## بەشی ٣- تیۆرییەکانی زمان

کورتەی چەند تیۆرییەك لە خوارەوە هاتووە کە بنەمایەکە بۆ هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئامانجی خوێندنی زمان.

١- مەعریفی Cognitive J (Piaget) پێژێ لە کتێبە ناودارەکەیدا ( زمان و هزری منداڵ-،thought of the child The language and) کە بنچینەیە و یەکێکە لە سەرچاوەکان بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی زمان، بەتایبەتی هەڵسەنگاندن لە قۆناغی سەرەتایی و پێش سەرەتاییدا. فێربوون و گەشەکردنی زمانی منداڵ\ زیرەکی بەپێی تەمەن دەگۆڕێت، چوار قۆناغی گەشەکردن پێشنیار دەکات: ١) لە لەدایکبوونەوە تا دوو ساڵ، کۆرپە سەرنج دەخاتە سەر هەستە جەستەییەکان و فێربوون و هەماهەنگیی جەستەی خۆی و مۆدێلێك لە جیهانی دەوروبەری لای دروست دەبێت ٢( لە ٢ تا ٧ ساڵ، ئیگۆی چەقی خودا\ ئیگۆ ئێکسەنتریك بەهێزە، هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا بە ئاخافتن و جۆرەکانی دیکەیەوە لە بازنەی سۆز و پێویستیدان، وشەکان و ڕستەکان مەدلولێکی جڤاتی ناگەیەنن. ٣)

لە ٧ - ١١ساڵ، زیرەکیی هزری جڤاکی چەکەرە دەکات، ئاخافتن مەدلولێکی پەیوەندیکردنی جڤاکی وەردەگرێت. ٤) لە ١٢ ساڵەوە و دواتر. لەگەڵ چوونە ناوەوەی قۆناغی هەرزەکار\مێرمنداڵ توانای بیرکردنەوە بە شێوەیەکی ئەبستراکت، پلە باڵاتر بەدەست دەهێنن. ئەمەش ڕێگەیان پێ دەدات، توانای تێکەڵکردن و پۆلێنکردنی شتەکان بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر لە سیاسەت و ئەخلاق و زانستی خەیاڵی تێبگەن.

٢- کەلتووری- جڤاکی (L. Vegotsky Socio-Cultural) ڤیگۆتسکی، گەشەسەندنی زمان و بەدەستهێنانی گرێ داوە بە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە (التفاعل الاجتماعی) و گەشە دەکات بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ دەرەوەی جیهانی خود، ئەمەش وەڵامێکە بۆ تیۆرییەکەی پێژێ، زمان بە گەورەترین ئامرازی مرۆڤ سەیر دەکات. کارلێکەکان (التفاعل) لەگەڵ کەسانی بەئەزموون و زانیاریی زیاتردا، وەك مامۆستا و دایك و باوك، هاوپۆل و هاوڕێکانی نەك تەنیا بڕی زانیاری و ژمارەی کارامەییانەی منداڵ پەرەی پێ دەدات و زیاد دەکات، بەڵکو کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی ئەرکە دەروونییە پلە باڵاکانی دیکە هەیە، بە کورتییەکەی ئاسۆی هزر و بیری فراوانتر دەکات. توانای فێربوون و گەشەسەندنی فێرخوازی لە زۆنێکدا\ شوێنێکدا دەستنیشان کردووە. چەمکی ناوچەی (زۆن گەشەکردنی نزیك Devel-opment ZPD zone of Proximal) لەم زۆنەدا فێرخواز دەتوانێت بە یارمەتیی کەسانی بەئەزموون و زانیاریی زیاتردا کێشە مەعریفییەکان چارەسەر بکات، مەودای ئەم زۆنە ZPD جیاوازییە لەنێوان ئەوەی فێرخواز دەتوانێت بەبێ یارمەتی ئەنجامی بدات و ئەوەی هێشتا ناتوانێت ئەنجامی بدات.

٣- ڕێزمانی گشتگیر/ یونیڤێرسەڵ N. Chom-sky Universal Grammar بە بۆچوونی چۆمسکی ڕێزمانێکی هاوبەش هەیە، وەك کار و ناو، لە هەموو زمانە جیاوازەکاندا و توانای فێربوونی زمان و ڕێزمان لە لەدایکبوونەوە لەگەڵماندایە، زگماکییە، مێشك میکانیزمێکی تێدایە کە بە ئامێری بەدەستهێنانی زمان (language acquisition device -LAD) ئاماژەی پێ کردووە، بەشێکی سەربەخۆیە و جیایە لە بەشەکانی دیکەی چالاکیی مەعریفیی مێشك. بەبێ ئەم ئامێرە (LAD) بە گوتەی چۆمسکی، منداڵ هەرگیز ناتوانێت زمان فێربێت لەو زانیارییانەی کە وەریان دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگەی پەراوێز نەکردووە، بۆ ئەوەی ئەم ئامێرە LAD بکەوێتە گەڕ، منداڵ زمان بەدەست بهێنێت\فێربێت، پێویستە زانیاریی دروست وەربگرێت، بە کورتییەکەی دەبێت بە زمانێکی دروست و ڕەوان لەگەڵ منداڵدا قسە بکرێت.

٤- لێهاتوویی\ توانای پەیوەندیکردن

(D. Hymes) Communication Competent هەیمس دەڵێت: بەکارهێنانی زمان تەنیا لەسەر زانین و لێهاتوویی زمانەوانی ڕانەوەستاوە، بەڵکو پێویستیی بە لێهاتوویی پەیوەندیکردنە، ئەمەش وەڵامێك بوو بۆ چۆمسکی، بۆ ئەمەش چوار بەند دەستنیشان کراوە:

١) لێهاتوویی زمانەوانی- زانینی کۆدی زمانە، نەك تەنیا ڕێزمان، وشەسازی، بەڵکو یاساکانی فۆتۆنی و نووسینیش.

٢) لێهاتوویی کۆمەڵایەتی- زمانەوانی بریتییە لە زانینی یاسا کۆمەڵایەتیی کەلتوورییەکانی بەکارهێنان.

٣) لێهاتوویی گوتار بریتییە لە زانینی چۆنیەتیی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە دەقی زارەکی، یان نووسراو.

٤) لێهاتوویی ستراتیژی بریتییە لە توانای ناسینەوە و چاککردنەوەی تێکچوونی پەیوەندی پێش لە کاتی دوای ڕوودانی.

**ئەگەر لە ڕووی جۆری پرۆگرامی خوێندنی زمانەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، تایبەتمەندییەکانی خوێندنی زمانی پێکهاتەیەک وەردەگرێت کە چەسپاندنی زمان و کەلتوورە، کە تا ئێستا لەسەر بنەمای فکریی پەروەردەی عێراق دانراوە کە نزیکەی ١٠٠ ساڵە کاری پێ دەکرێت**

**لەدایکبوونەوە تا دوو ساڵ، کۆرپە سەرنج دەخاتە سەر هەستە جەستەییەکان و فێربوون و هەماهەنگیی جەستەی خۆی و مۆدێلێك لە جیهانی دەوروبەری لای دروست دەبێت**

**بە بۆچوونی چۆمسکی ڕێزمانێکی هاوبەش هەیە، وەک کار و ناو، لە هەموو زمانە جیاوازەکاندا و توانای فێربوونی زمان و ڕێزمان لە لەدایکبوونەوە لەگەڵماندایە**

**هەیمس دەڵێت: بەکارهێنانی زمان تەنیا لەسەر زانین و لێهاتوویی زمانەوانی ڕانەوەستاوە، بەڵکو پێویستیی بە لێهاتوویی پەیوەندیکردنە**

## لیا سەیفەدین بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کودستان لە سلێمانی:

# سزاکان وەک خۆی جێبەجێ ناکرێن، تا ببێتە پەند بۆ ئەوەی تاوانەکان بەرانبەر بە ئافرەتان دووبارە نەکرێنەوە



لیا سەیفەدین بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە سلێمانی، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە پرسە هەنوکەییەکانی پەیوەست بە دۆخی خانمان دەکات و، تیشك دەخاتە سەر ئەو دەستکەوتانەی کە ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکان بە دەستیان هێناون، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئاستی بەشداربوونی خانمان لە کایەی ئیداری و حزبی و سیاسی و ئابووری و بوارەکانی دیکەی ژیان هێشتا وەکو پێویست نییە.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



*** لە ئێستادا دۆخی خانمانی کوردستان لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟ ئایا تا چەند خانمان توانیویانە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم خۆیان بگونجێنن و لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا تا چەند ماندوو و شەکەتن؟**

- دۆخی کۆمەڵگە بەگشتی لە ئاکامی تێکۆشانی دەیان ساڵە و ڕاپەرینەکانی گەلی کوردستان پێشکەوتنی ئەرێنی بە خۆیەوە بینیوە. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین لەم ساڵانەی دواییدا چەندین گۆڕانکاری لە بواری ئابووری و تەکنەلۆژی و کەلتووری و کۆمەڵایەتیدا ڕوویان داوە و، بە باشی بەدی دەکرێن، لە بواری مەدەنیشدا، دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی تایبەت بە خانمان هەنگاوی بەرچاوی ناوە، ئەم ڕێکخراوانە ئەگەرچی ئیمکانیەتی ماددی و ڕێگرییەکانی بەردەمیشیان کەم نەبوون، بەڵام وێڕای ئەوەش هەنگاوی بەرچاویان ناوە و ڕۆڵی باشیان بینیوە لە بەرگریکردن لە خانمان و شەڕکردن لەسەر چەسپاندنی مافەکانیان و فراوانکردنی سنووری ئازادییەکانیان و گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگە و ڕەگەزی بەرانبەر و لە زۆر بواری دیکەشدا .

ئێستا باشتر و کاریگەرانەتر خانمان هاوشانی پیاوان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و هونەری و فەرهەنگی هاتوونەتە مەیدانەوە و بوونی خۆیان سەلماندووە، هەمیشەش لە هەوڵی زیاتردان بۆ سەلماندنی زیاتری تواناکانیان، لەو بوارانەشدا کە هاتوونەتە مەیدان جێگە دەستیان دیارە، ئەمە سەرباری ئاستەنگ و ڕێگریی خێزانی و دابونەریت و دابەشکردنی ڕەگەزییانەی کار و جیاکاری لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەردوو ڕەگەز، وێڕای ئەو هەموو ڕووبەڕووبوونەوانەش، ئافرەتان توانای خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا سەلماندووە .بەڵام وێڕای ئەمانەش کاتێك کە سەیری ئاستی بەشداربوونی خانمان لە کایەی ئیداری، حزبی، سیاسی، ئابووری و بوارەکانی دیکەی ژیان دەکەین، هێشتا بە جیاوازییەکی زۆر بەشداریی خانمان کەمترە لە پیاوان، بێگومان ئەمەش بەشێکی زۆری سەرچاوەی لە کەلتوور و زهنییەتی پیاوسالارانە و تێڕوانینی خێڵەکییەوە وەردەگرێت، کە هێشتا

**دۆخی کۆمەڵگە بەگشتی لە ئاکامی تێکۆشانی دەیان ساڵە و ڕاپەرینەکانی گەلی کوردستان پێشکەوتنی ئەرێنی بە خۆیەوە بینیوە**

**دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی تایبەت بە خانمان هەنگاوی بەرچاوی ناوە**

**ئێستا باشتر و کاریگەرانەتر خانمان هاوشانی پیاوان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و هونەری و فەرهەنگی هاتوونەتە مەیدانەوە و بوونی خۆیان سەلماندووە**

**سەرباری ئاستەنگ و ڕێگریی خێزانی و دابونەریت و دابەشکردنی ڕەگەزییانەی کار و جیاکاری لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەردوو ڕەگەز**

لە کۆمەڵگەکەماندا زاڵە. بە شوودانی کچان لە تەمەنێکی بچووکدا، بێبەشکردنیان لە خوێندن، پشتگوێخستنی ئیرادەیان و سووکایەتی پێکردنیان، ناکۆکی لە نێوان کەلتووری خێڵەکی و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و کاریگەریی لە سەر خانمان، ئاڵۆزییەکی مەزنی بۆ خانمان دروست کردووە.

*** هەموارنەکردنەوەی یاسای توندوتیژیی خێزانی تا چەند هاوکێشەکانی ئاڵۆز کردووە؟**

- یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیی ساڵی ٢٠١١ کە لە ١٠ماددە پێکهاتووە، یەکێکە لەو یاسایا باشانەی کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ سنووردارکردنی دیاردەی توندوتیژی خێزانی لە نێو کۆمەڵگەدا دەری کردووە. ئەو توندوتیژییەی کە دەکرێت لە لایەن کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو خێزانەوە، دەرهەق بە کەسێکی دی کە پەیوەندیی خێزانی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، وەك پەیوەندیی هاوسەرێتی، منداڵ، یان خزمایەتی تاوەکو پلە چوار، یان ئەو کەسەی بەپێی یاسا خراوەتە پاڵ خێزانەکەی، هەروەها ئەو توندوتیژییەی کە پێچەوانەی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤی نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە، هێشتا ڕێژەیان بەرزە. بەڵام ئەم یاسایە بۆ پاراستنی خێزان لە لەبەریەك هەڵوەشانەوە و بەرگرتن لە توندوتیژییە بەر لە ڕوودانی، یان چارەسەر کردنی دوای ڕوودانی، کەواتە ئاستی توندوتیژیی خێزانی نەك کۆنترۆڵ نەکراوە، بگرە لەگەڵ گەورەبوونی کۆمەڵگە و زیادبوونی ئامرازەکانی تاوانکردن توندوتیژییەکانیش زیادیان کردووە، لەبەر ئەم هۆیەشە کە پێویستە یاساکە هەموار بکرێتەوە و توندتر بکرێتەوە، تا تاك و ئەندامە زوڵملێکراو و بێدەسەڵاتەکانی بندەستی دەستڕۆیشتووە توندوتیژکارەکانی ناو خێزان و ماڵەکان بپارێزرێن و، ڕێگری بکرێت لە ئازاردانیان، کاتێك توندوتیژییش بەرانبەریان کرا، یاسایەك هەبێت بیانپارێزێت، بە دیوێکی دیکەشدا ڕێگری لە ئازادکردنی تاوانباران بکرێت بە کەفالەت و پاساوی جۆراوجۆر ئازاد دەکرێن.

بێگومان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیی ساڵی ٢٠١١ بۆشایی زۆری تێدایە، بۆیە هەوڵ درا کە هەموار بکرێتەوە، بە شێوەیەك کە ئەو بۆشاییانە پڕ بکرێنەوە، بەڵام بەداخەوە لەلایەن ئیسلامییە سیاسییەکان و خەڵکانی نەریتخوازەوە هەڵڵایەکی نائاسایی لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژە پێشنیارکراوەکە دروست کرا، بە هەندێك هۆکار کە دەکرا ئەو هۆکارانە، یان ئەو بابەتانە لە یاساکە دەر بکرێن و پڕۆژە یاساکە دەر بکرێت، بچووککردنەوەی بابەتەکە لە چەند بڕگەیەك و دروستکردنی هەڵڵا لەسەر زاراوە، یان چەمکێك بۆ چەواشەکردنی خەڵك بوو، نەك خەمخۆری بۆ خێزان و کۆمەڵگە. ئەوانەی ئەو کارەیان کرد و کێشەیان بۆ پڕۆژە یاسا هەموارکراوەکە دروست کرد، نایانەوێت کۆمەڵگە بەرەو کرانەوە بڕوات و خێزانەکان دوور بخرێنەوە لە توندوتیژی و مەترسیی کوشتن و لەناوبردن.

*** ئایا هۆکاری بەردەوامیی توندوتیژی بەرانبەر بە ئافرەتان و کوشتنیان بە پاساوی جیا جیا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- توندوتیژی دژی ئافرەتان پەیوەست نییە بە کات و شوێنەوە، لە هەموو کۆمەڵگەکاندا ئەم دیاردەیە هەیە، جا چ کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بن، چ کۆمەڵگەی دواکەوتوو، بەڵام بێگومان لە جۆر و ئاست و ئامرازەکانی توندوتیژیدا لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازی هەیە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ئێران، یان ئەفغانستان توندوتیژی لەسەر جۆری جلوبەرگ و سەرڕووتکردن توندە، ڕەنگە کوشتن، یان زیندانیکردنی لە دوادا بێت، بەڵام ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە وڵاتێکی ئەمریکای لاتین، یان هیندستان، یان ناوەڕاستی ئەفریقا نەبێت، بەڵکو لەوێ جۆری دیکەی توندوتیژی هەبێت، وێڕای ئەم جیاوازییەش زۆرێك لە توندوتیژییەکانی دیکە ڕەنگە وەك یەك بن، یان نزیك لە یەك بن، وەکو توندوتیژیی خێزانی و توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی و.. تادوایی. ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا لە لایەن باوك، برا، هاوسەر، کەسوکاری نزیك وەك خاڵ و مام و تەنانەت ئامۆزا و خاڵوزاش بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە، ئەوەش بەپێی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیف و خراپی دەبێت لەسەر

**بەشداربوونی خانمان لە کایەی ئیداری، حزبی، سیاسی، ئابووری و بوارەکانی دیکەی ژیان دەکەین، هێشتا بە جیاوازییەکی زۆر بەشداریی خانمان کەمترە لە پیاوان**

**ناکۆکی لە نێوان کەلتووری خێڵەکی و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و کاریگەریی لە سەر خانمان، ئاڵۆزییەکی مەزنی بۆ خانمان دروست کردووە**

**ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا لە لایەن باوک، برا، هاوسەر، کەسوکاری نزیک وەک خاڵ و مام و تەنانەت ئامۆزا و خاڵۆزاش بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە**

**جیاوازی لە نێوان تاوانباراندا دەکرێت. زۆرجار بکوژانی ئافرەت براونەتە زیندان و دواتر بە لێبووردنێکی تایبەت ئازاد کراون**



ئافرەتان وەك تاك، کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداریشی دەبێت لەسەر خێزان و کۆمەڵگە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەش لێك بترازێت.

لەگەڵ گەورەبوونی کۆمەڵگە و زیادبوونی ئامرازەکانی تاوان و هاتنە ناوەوەی کەلتووری جیا جیا و تێکەڵبوونی بە کەلتووری کورد، کێشە کۆمەڵایەتییەکان زیادیان کردووە، بە جۆرێك کە خەریکە لە کۆنترۆڵ دەردەچن. ڕێژەی کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی جۆراوجۆر زیاد بووە و جیاوازی لە نێوان تاوانبارانندا دەکرێت. زۆرجار بکوژانی ئافرەت براونەتە زیندان و دواتر بە لێبوردنێکی تایبەت ئازاد کراون، حوکمی یاسا جێگەی خۆی نەگرتووە، لەبەر ئەوەی کە سزا وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت، تا ببێتە عیبرەت و پەند بۆ کەسانی دی، بۆ ئەوەی تاوانەکان بەرانبەر بە ئافرەتان دووبارە نەکرێنەوە. بە کورتیەکەی ڕۆژ دوای ڕۆژ توندوتیژیەکان بەرانبەر ئافرەتان لە زیادبووندایە و جۆری توندوتیژییش لە زیادبووندایە و هۆکار و پاساوی ئەم توندوتیژییانەش لە زیادبووندایە، بەشێك لەم توندوتیژییانەش بەداخەوە پەل دەهاون بۆ کوشتن، هۆکاری ئەمانەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاربوونەوەی ئافرەتان بە مافەکانیان و چیتر قبووڵنەکردنی بندەستی و سووکایەتی پێکردن و ماف پێشێلکردن و وەك مرۆڤ سەیر نەکردنیان لەلایەن پیاوانەوە، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ داخراویی کۆمەڵگە و زاڵبوونی کەلتووری خێڵ و مێشك داخراوی بەشێك لە پیاوان، بەشەکەی دیکەشی پەیوەستە بە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کە پیاو و ئافرەت هەر دووکیان تێیدا بەر ئەو توندوتیژی و کوشتنە دەکەون، چارەسەر بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژیی خێزانی، چەسپاندنی یاسایە وەك خۆی و ڕێگریکردنە لە دەربازبوونی تاوانکاران بە کەفالەت و سوڵحی عەشایەری و پاساوی جۆراوجۆر لە لایەك، لە لایەکەی دیکەش پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە بە ماف و ئازادییەکانی هەر دوو ڕەگەز و مافەکانی منداڵ و ئەندامانی خێزان لە دایەنگاوە بۆ زانکۆ.



## دووریا نەسروڵڵا:

# کارگەیەکی گەورەم هەیە و زیاتر لە ٥٠ ئافرەتیشم فێری کاری دروومان کردووە

ئەو ئافرەتانەی کە سەرپەرشتیی خانەوادەکەیان لە ئەستۆ گرتووە و بوێرانە قوتی خێزانێك پەیدا دەکەن، ژمارەیان کەم نییە. ئەوان لەگەڵ هەموو بارودۆخێك خۆیان دەگونجێنن و سڵ لە ماندوو بوون و سەختیی کار و گرفتەکانی ژیان ناکەنەوە. دووریا نەسروڵڵا خانمێکی دەسترەنگینی دانیشتووی قەزای ناوەندی سۆرانە، دوای لە دەستدانی هاوژینەکەی ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ و دەستەبەری بژێوی خێزانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، دواجار بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی بە هاوکاری دایکی دەست دەداتە کاری دروومان و تا ئێستا لە کارەکەی بەردەوامە، ئەو لە ئێستادا لە قەزای ناوەندی سۆران لە گەڕەکی بارزان لەگەڵ شەش ئافرەت کارگەیەکی گەورەی دروومان بەڕێوە دەبەن و جلوبەرگ بە شێوەی کۆ دەنێرنە بازاڕەکان، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەم شێوەیە باس لە هەنگاوەکانی گەیشتن بە پیشەکەی بۆ خوێنەران دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





دووریا نەسروڵڵا بە حوکمی ئەوەی باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، دوای نسکۆی شۆڕش لە ئاوارەیی لە ئێران لە دایك بووە، بە هۆی ئاوارەیی و بارودۆخی سیاسیی ئەو کات نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، دوریا دایکی دوو کچ و کوڕێکە، دوای ئەوەی ساڵی ٢٠١٦ هاوژینەکەی لە دەست دەدات، بە پاڵپشتیی دایکی کاری دروومان هەڵدەبژێرێت. بەمجۆرەش باسی ژیانی خۆی و تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەکات: «کاتێك هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کرد، منداڵەکانم بچووك بوون، بۆ بەخێوکردنیان پێویستیم بەوە بوو کارێك بکەم، بۆ ئەوەی منداڵەکانم موحتاجی دەستی کەس نەبن، ئەوکات دایکم بەوە ئامۆژگاری کردم، کە لە ماڵەوە دەست بکەم بە کاری بڕین و دروومان، بەو پێیەی دایکم کاری دروومانی باش دەزانی، زۆر هاوکاری کردم و لە کارەکەم پشتی گرتم، سەرەتا بۆ من زۆر قورس و ناخۆش بوو، کە هەم پەروەردەی منداڵ و هەم پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکەم لە ئەستۆدا بوو، ئاسان نەبوو کە بۆ منداڵەکانم هەم دایك و هەم باوکیش بووم، بەڵام خوای گەورەی یارمەتیدام و ئەو هێز و توانایەی پێ بەخشیم، تا ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگەکان ببمەوە، کە کەوتمە سەر پێی خۆم دایکم داوای لێ کردم کارەکەی خۆم گەورەتر بکەم، لە ئێستادا سوپاس بۆ خوا کارگەیەکی گەورەم هەیە.»

سەبارەت بە کاری کارگەکەی و بەڕێوەبردنی کارەکانی، ئەو خاتوونە گوتی: «ماوەی چوار ساڵە کارگەیەکمان دامەزراندووە و جلوبەرگی مۆدە بە شێوەی جوملە بۆ بازاڕ دەنێرین، من ئەزموونی زیاتر لە ١٥ ساڵ لە بواری دروومانم هەیە و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی GIZ و ڕێکخراوی ڕوانگە کارم کردووە و چەندان خولی ڕاهێنان و فێرکردنی بڕین و درومانم کردووەتەوە، لەگەڵ بەخشینی بڕوانامە بەو خانمانەی کە خاوەن پیشەن لە بواری کاری دروومانی جلوبەرگ، زیاتر لە ٥٠ ئافرەتم فێری کاری دروومان کردووە».

دووریا نەسروڵڵا دڵخۆشە بەوەی کە توانیویەتی منداڵەکانی گەورە بکات، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «زۆر دڵخۆش و سەربەرزم کە دەبینم منداڵەکانم گەورە بوون و تا ئەمڕۆ نەمهێشتووە لە هیچ شتێکیان کەم بێت، کچە گەورەکەم خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە و لە ئێستادا لەگەڵ خۆم کار دەکات، کچە بچووکەکەشم قوتابی پەیمانگەیە و کوڕەکەشم تەمەنی ١٣ ساڵە و لە قۆناغی بنەڕەتی دەخوێنێت، دوای ئەوەی کارم کرد و تێکەڵی سەختییەکانی ژیان بووم، بەو ڕاستییە گەیشتم کە توانای ئافرەت هیچی لە توانای پیاو کەمتر نییە، ئەگەر ئافرەت هەوڵبدات و لەگەڵ ئاستەنگ و ڕێگرییەکان بجەنگێت، براوە دەبێت و هەوڵەکانی بێ ئەنجام نابن».

**کاتێک هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کرد، منداڵەکانم بچووک بوون، بۆ بەخێوکردنیان پێویستیم بەوە بوو کارێک بکەم، بۆ ئەوەی منداڵەکانم موحتاجی دەستی کەس نەبن**

**ماوەی چوار ساڵە کارگەیەکمان دامەزراندووە و جلوبەرگی مۆدە بە شێوەی جوملە بۆ بازاڕ دەنێرین**





## مامڵێ مەملەکەتێک لە گۆرانی

# لە یادی (٢٤) ساڵەی ماڵاوایی محەمەدی مامڵێ

ئامانج غازی
بۆ گوڵانی نووسیوە

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا و تێڕامانێکی چڕ بۆ گەنجینەی گۆرانیی کوردی، یان ڕاستتر بڵێین بۆ ئەو دەنگانەی کە خۆیان دەبنە ڕوخسار و ناوەڕۆکی ناساندن و هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی پۆلینکردن و دانانی پلە و پایە و پێگەیان لە نێوەندی هونەری کوردیدا، کۆمەڵێ لەو دەنگە پڕ زایەڵانە توانیویانە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە شێوەو شێوازی دەربڕین و (ئادا)ی نەتەوەییدا کە هەڵقووڵاوی نێو کانیاوی ڕەسەنایەتیی ژینگە و سرووشت و پێگە کۆمەڵایتیەکان بن .

بۆیە کە باس دێتە سەر دانانی چوارچێوەیەکی (هونەری ــ زانستی) بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە توانیویانە جێپەنجە و بابەت و هزری نوێ بخەنە سەر خەرمانی هونەرەکەیان، ئەوا بێگومان دەبێ لەو کەڵە هونەرمەندانەوە دەست پێ بکەین، کە هەرسێ کۆڵەگەی هونەری گۆرانی لە گۆرانی (فۆلکلۆری ــ میللی ــ دانراو) یان کردووەتە بنەما و سەرەتای چۆنیەتدی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هونەرەندا.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانی ئێمەیە سەبارەت بە هونەرمەندانی پێشەنگ، ئەوەیە کە ئەوان هەمیشە ویستوویانە دەروازەیەکی والا بۆ پەیوەندیی هونەری و گشتی بەیەکەوە لەگەڵ یەکتریدا پتەو بکەن و بەردەوامیی پێ ببەخشن، ئەم پەیوەندییانە (کە بە داخەوە ئێستا بەو شێوە نییە کە ئاڵوگۆڕی بیرو ڕاو و سەرنجی هونەریی بونیاتنەری بەدواوە بێ) کەواتە مەبەستم لەم پێشەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە هونەری گۆرانی لە نێو بنەماڵەی (مامڵێ)دا بووەتە پیشەیەك و ناتوانرێت دەستبەردار بین یان بەرێزەوە سەیر نەکرێت


لێرەدا ئەم پەیوەندییە توند و تۆڵە هاتووەتە کایەوە کە ئامانجەکانمان بە ڕوونی دەپێکێت (مامڵێ)ی باوك و هەڵگری پەیامی (ئادا و مۆرکی ئەو بنەماڵەیە) کاتێ کەوتوونەتە بەر ڕۆشنایی هونەری بە گشتی و موزیك و گۆرانیش بە تایبەتی، کە بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ (گۆرانی)دا کردووە کە دەبێ (گۆرانی) پێداویستییە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانی نێو کۆمەڵگە بپێکێت و لە هەمان کاتدا دابینیان بکات.

هونەری گۆرانیچڕین لەلای (مامڵێ)ی هونەرمەند بە سەلیقەییەوە لە دایکبووە و سات دوای سات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست نەشونمای کردووە. دوو خاڵی زۆر گرنگ هەن لە هونەری (مامڵێ)دا کە ڕێڕەو و پێگەی تایبەتی دەبەخشنە ئەو دەنگە:

١- ئادا و چۆنیەتی دەربڕینی هونەری پێش دەنگخۆشی کەوتووە و لە سەرجەم گۆرانییەکاندا ئەم خاڵە وەچەرخانێکی مێژوویی دانەبڕاوی داوەتە هونەری ئەم هونەرمەندە، کە بتوانێت لەگەڵ گشت سەردەمەکاندا خۆی بگونجێنێت و پیر و گەنج و چێژوەرگری بەسەلیقە، هەرسێکیان بەیەکەوە بخاتە نێو ئەندێشەکانی هونەری گۆرانییەوە.

٢- سوودوەرگرتن لە گۆرانییە (فۆلکلۆری و میللیەکان) بووەتە هەوێنی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی ئاوازی دانراو و خۆی بە واتایەکی دیکە (میلۆدی فۆلکلۆری و میللی کوردی) کە بە شێوەیەکی گشتی لە (٤ تا ٨)مازۆرەی موزیك پێك هاتوون.

لای مامڵێ ئەم میلۆدییانە بێ ئەوەی بە هیچ



بیانوییەك یان شێوەیەكی ڕاستەوخۆ دەستكاری بكرێت، دەبنە هەوێنێكی زیندووی سەهەڵدان و لەدایكبوونی كۆپلەی تازە، كە كتومت وەك بێچكەی شەرعیی میلۆدیەكانن و لە هەمان كاتدا دووبارەبوونەوەی ڕیتمی (٤/٦)ی دەروێشی لە زۆرینەی گۆرانییەكانی (ماملێ)دا جۆرێك لە تایبەتمەندی و ناسینەوەی هونەریی ئەم هونەرمەندە گەورەیەی پێ بەخشیووە.

هەڵبژاردنی دەقی شیعری كلاسیكی كوردی بۆ ئاداكردنی مەقامە كوردییەكان لەلای ماملێ بە شێوەیەكی (هەڕەمەكی) نەهاتووە، بەڵكو بە سەرنج و تێگەیشتنێكی ڕادەبەدەر هاتووە، لەوەی چ جۆرە مەقامێكی گونجاو لەگەڵ چەمكی شیعرەكاندا دەگونجێت، خوێندنەوەی شیعری كلاسیكی كوردی بە زمانی چڕین و موزیك جیاوازییەكی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ئەو دەقەی كە لەلایەن خودی شاعیرەكەوە نووسراوە.

هونەرمەند دەبێ هەمیشە بەرگێكی نوێ و تازە بخاتە بەر ئەو كاڵییەی كە لەبەردەستیا گەورە دەبێ، زۆر لەو تێكستانەی كە هەڵگری ئایدیایەكی دیاریكراوی شاعیر بوونە لە ئان و ساتی خۆیدا، دواتر لە هزری هونەرمەندی ئاوازدانەر و مەقامبێژدا كراونەتە بابەتی موزیكی ئایدیا و تێڕوانێكی گەورەتر و فراوانتریان هەڵگرتووە، كە زۆر جار بوونەتە هۆكاری گۆڕانكاری و تێگەیشتنێكی دیكە بۆ خودی شیعرەكە و بابەتە هونەرییەكە، گرنگیدانێكی بێسنووری (ماملێ) بە بابەتی موزیك لە شاكارەكانیدا، بابەتێكە پێویستی بە هەڵوەستەكردن هەیە لەسەری.

مامەڵەكردن لەگەڵ چەندین ژەنیاری بەتوانا لە نەتەوە جیاجیاكاندا هۆكاری ئەو گۆڕانكارییە بابەتییانەیە لە گۆرانیەكاندا كە هەمیشە ئەوان بە دوای ئەو نوێكاریانەدا وێڵن كە لە دەنگی هونەرمەندەوە دەكەوێتە سەر ژێی ئامێرەكانیان، لێرەدا هەردوو كۆڵەگە سەركییەكە (دەنگی پڕ سۆز و مەعریفەی ماملێ لە چۆنیەتی چڕینی گۆرانییەكان و موزیكی ئامێرەكانی وەك تار و زەرب و كەمانچە، كە بە ستایلێكی دیكە

دەکەونە بەر گوێچکەکانمان، لەلایەن ژەنیارەکانەوە جۆرێك لە ئاڵوگۆڕکردنی هونەری و بەراوردکاری بەخۆوە هەڵگرتووە، کە لە کاتی ژەنینی موزیکەکاندا وەك: پێشەکی ــ کۆپلە ــ باکگراوندی موزیکی لەگەڵ دەنگی هارمۆنی، مامڵێی هونەرمەند ویستویەتی ئیلهام و چەمکی نوێبوونەوە لەو موزیکانە ببەخشێتە گۆرانییەکانی، لە هەمان کاتدا وەکو پەیڕەوێکی بەردەوامی گۆرانیی کوردی، کە موزیکی گۆرانییەکان لە زۆرینەی هەرە زۆری گۆرانییە کوردییەکاندا دووبارە کردنەوەی میلۆدییە دەنگییەکەیە لەلایەن ژەنیارانەوە بە ئامێرەکانیان، بەڵام گەر بە وردی گوێ بۆ گۆرانییەکانی (مامڵێ) شل بکەین، هەست دەکەین هەمیشە موزیکی گۆرانییەکان لە گۆڕانکاری بەردەوامن و تەنانەت هەندێ لە میلۆدییەکان کە (مامڵێ) چڕیویەتی، پاش ئەوەی موزیکی بۆ کراوە لە کۆپلەیەك بۆ کۆپلەی دوای خۆی گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە باشەوە بۆ ئاداکردنێکی چاکتر.

مامڵێی هونەرمەندی بە سەلیقە و ئەزموونی چڕ، هەمیشە بە ڕێز و وردبوونەوەیەکی تەواوەم سەیری ڕابردوو و هونەرمەندانی پێشەنگی پێش خۆی کردووە، زۆر بە وردی گوێی بۆ هونەرمەندانی گەورەی وەک (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و مەلا کەریم و عەلی مەردان و سێوە) گرتووە و، لەوانەوە چۆنیەتی ئاداکردن و چڕینی بابەتە هونەرییەکان فێر بووە، بەڵام چ فێربوونێك؟! فێربوونێك کە وەکو وانەیەکی تەواوکەر بووە بۆ گەنجینەی هونەری مامڵێ، بە واتایەکی دی (مامڵێ) هەموو ئەو دەنگانەی بەلاوە زۆر گەورە و پیرۆز بوون، بەڵام کاتێ هاتووە ئادای گۆرانییەکی هونەرمەندی قوتابخانە (حەسەن زیرەك) بکاتەوە بە شێواز و ستایل و گوتنی (مامڵێ)یانە چڕیویەتیەوە، کەواتە گوێگرتن و کاریگەریی هونەرمەندانی پێش خۆی لەسەر هونەری مامڵێ تەنیا ئەزموون و دەوڵەمەندییەکی دیکەی بێسنووری پێ بەخشیووە، کە دواتر هەر هەمووی بە قازانجی هونەری کوردی بە گشتی و هونەری (مامڵێ) بە تایبەتی تەواو بووە.

بلیمەتییەکی دیکەی زیندووی هونەری مامڵێ گونجانی هونەرییە لە نێو بابەتە فرە جۆرەکانی گۆرانیگوتنی کورد کە لایەنەکانی (دڵداری و سۆز ــ قارەمانێتی ــ شین و لاواندنەوە ــ گۆرانی ڕۆژانە و کار و ژیانی کۆمەڵایەتی ــ گێڕانەوەی مێژوویی.. . هتد) بە خۆوە دەگرێت.

مامڵێ هەمیشە قەناعەتی بەوە هەبووە کە دەنگی ئەو دەنگێکی سۆزداری خۆشەویستی بارانئاسایە، کە هەموو سنوورەکانی دەبەزێنێت و هەموو کات گوشار دەخاتە سەر خۆشەویستییان، کە بەخۆیاندا بچنەوە و نەکەونە داوی خیانەتکاری و خۆجوینەوە، کەواتە بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ زۆر گرنگە کە (پێداویست و سنوور و قورگ و تایبەتمەندی و ستایل و شێواز)ی دەنگی خۆی بناسێت ئەوسا بتوانێت ئەم چڕینە بخاتە بەر گوێچکەی بیسەر و چاوی بینەر.

هونەریەتی (ئادا)ی مامڵێ لە چڕینی گۆرانییەکەدا زۆر زاڵترە بەسەر هونەریەتی (دەنگخۆشی)ی بە گشتی، (ئادا) بە چەمکی سەرکەوتنی بابەتێك هەمیشە لە بەشەکانی دیکەی گۆرانی ناترازێت، بەڵام بە پێودانگی هەڵسەنگاندن (ئادا)ی هونەرمەند پلە و پایەکەی بەرزترە لە چۆنیەتی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بە دەنگەوە. لە ڕستە میلۆدییەکانی (مامڵێ)دا جۆرێك لە (Sin-cup)ی هونەری هەست پێ دەکرێت و هەندێک جاریش (ڕیتم)ی ناوەوەی گۆرانی جۆرێك لە (bit) دەرچوونی تێدایە، بەڵام بە مانای ئێستەتیکەوە لێك دەدرێتەوە.

ڕستە میلۆدییەکان لەلای (مامڵێ) باڵا دەستن لە ڕووی داڕشتن و زمانی موزیکەوە، مەبەستم کاتێ کە شیعر مانا ئەزەلییەکەی بە دەستەوە نادات و چیرۆکی ژیانێك دەگێڕێتەوە، مامڵێ بە ئاواز و میلۆدی (کەدانزایەکی) هونەری بە بناگوێی کۆتایی ڕستە شیعرەکاندا دەدات، لێرە گوێگر هەست دەکات جۆرێك لە هاوکێشەی هونەری بە ئەندازەی دابەشکردنێکی هارمۆنتی گرنگی هەیە، ئەم هاوسەنگییە لای مامڵێ جۆرێك لە سادەیی و ساکاریی میلۆدی و دەربڕین دەبەخشێت، بۆیە هەست دەکەین کە هەوادارێکی زۆر لە ئارەزوومەندانی ئەم دەنگە دەتوانن بە ئاسایی لاسایی ئەم دەنگە بکەنەوە لە ڕووی دەنگەوە، بەڵام هەرگیز هیچیان ناگەنە ئاستی لاسایی کرنەوەی (ئادا)ی دەنگەکە لە ڕووی ڕستە و میلۆدی و تەجوید و لەرینەوە (Trill) و ئەکسنت و Forte Piano و ئەپۆجیاتورا موزیکییەکان.


بۆیە هونەری مامڵێ لە زۆرترین پانتاییەوە دەچێتە نێو مێژووی موزیك و گۆرانیی کوردی، چونکە ئەم هونەرە توانیویەتی (ئادا)ی هونەری بە یەکە جیاجیاکانی پێکهاتەی گۆرانییەوە گرێ بداو (دەنگ) بکاتە پێوەرێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی گۆرانی لەتەك ئاواز و شیعر و موزیکدا، بەم پێودانگە مامڵێ بە جیاوازتر دەبینم لە هونەرمەندانی دیکەی کوردستان و ناوچەکە و جیهانیش بە گشتی.

# سەهیم عومەر خەلیفە
# لە گرنگترین فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی بەلجیکا

**بەڵگەفیلمێکی سەهیم عومەر خەلیفە دەرهێنەری کورد، لەبارەی (لەتیف ئەلعانی) فۆتۆگرافەری عێراقی، وەک فیلمی دەستپێکی فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی دوکڤێلا هەڵبژێردراوە و لە بەشی فیلمە بەلجیکییەکانیش لە کێبڕکێدایە.**









بەڵگەفیلمەکە بەناوی (جوانیی شاراوەی عێراق)ـە، تێیدا باس لە لەتیف ئەلعانی و بەرهەمەکانی دەکات، کە وێنەی زۆری لە باشووری کوردستان گرتووە، بە تایبەتیش سەرکردەکانی کورد، لەوانە مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی.

فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی دوکڤێلا بە گرنگترین فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمە لە بەلجیکا دەناسرێت و لە شاری لۆڤین لە ٢٢-٣٠ـی ئازاری ئەمساڵ ٢٠٢٣ بەڕێوە دەچێت و یەکێک لەو فێستیڤاڵانەیە کە براوەی فیلمی لیژنەی دادوەرییە، دەچێتە لیستی درێژی بەربژێرکراون بۆ خەڵاتی ئۆسکار.

(باوکی هونەری فۆتۆگرافی عێراقی) نازناوێکە خەڵک بە لەتیف ئەلعانییان داوە کە بە کامێراکەی ژیانی رۆژانەی لە عێراق و باشووری کوردستان تۆمار کردووە. فیلمەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە بەغداد و چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان وێنەگیراوە و ساڵێک دوای وێنەگرتنی، ئەو فۆتۆگرافەرە کۆچی دوایی کردووەك بە گشتی بەرهەمهێنانی فیلمەکە پێنج ساڵی خایاندووە.

لەم بەرهەمەدا تیشک خراوەتە سەر ژیانی ئەو هونەرمەندە و وێستگە گرنگەکانی ژیانی، لە بەشێکیدا باس لە پەیوەندیی لەگەڵ کورد و تێڕوانینی بۆ کوردستان کراوە.

لەم بەرهەمەدا لاس بێلگاس بەرهەمهێنەری سەرکییە و لە نووسین و دەرهێنانی فیلمەکەدا هاوکاری خەلیفە بووە، هەروەها سۆمەریان بۆ بەرهەمهێنانی دراما لە عێراق و «Faitesun-voeu» لە فەرەنسا بەرهەمهێنەرینە، جگە لە کەناڵی «ART»ـی فەرەنسی و ١٢ کەناڵی دیکە بەرهەمهێنەری هاوبەشی فیلمەکەن.

لەتیف ئەلعانی، لە ١٨ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشییەوە لە بەغداد کۆچی دوایی کرد.

# هێڵی زێڕین

**لە ژمارەیەکی پێشووتری (گوڵان)دا گوتم، لە هونەری نیگاردا، ڕەنگ ڕەگەزی باڵادەستە. لەمەدا زێدەڕۆیی و زێدەگۆییم نەکردووە، دروست ڕاستیم درکاندووە. بۆ تەواو کردنی ئەو ڕستەیە، پێویستە بڵێم، هێڵ دووەمین شارەگەزی هونەری نیگارە لە پاش ڕەنگ. ئەو هونەرمەندەی سیحری هێڵ و تەلیسمی جووڵە و جمینی بگرێتە دەست، بیخاتە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی خۆیەوە، هونەر لە ئاستێکی باڵادا دەخاتە ڕوو. لە تەواوی ناوەندەکانی ئەکادیمیی خوێندنی هونەری شێوەکاریدا، پرۆگرامی خوێندن و هەوڵی مامۆستایانی هونەر بۆ ئەوەیە، شاگرد و شەیدای ئەم تەرحە هونەرە لە بەکار هێنانی ڕەنگ و کێشانی هێڵدا، توانا و خاوەن دەسەڵات بن.**


**ئا/ تاریق کارێزی**

گرفتار کاکەیی هونەرمەندێکی کوردستانە و لە ئەڵمانیا دەژی، نموونەی وانەیەکی سەرسوڕهێنەرمان دەخاتە بەردەم. ئەم هونەرمەندە نموونەیەکی گەشە بۆ باڵادەستیی بەهرە، ئەو نەچووەتە بەر خوێندنی هونەر لە بواری ئەکادیمیدا، کەچی هێڵی ئەو لە پلەی زێڕیندایە، کەمن ئەو هونەرمەندانەی هێڵ بەو ئاستە باڵایە دەگەیەنن. هونەرمەند کە سیحری هێڵی لە دەستدا بوو، ئیدی نیگار بکێشێت یان کاری دیکەی هونەر بکات، بەرهەمەکەی بەرز و دانسقە دێتە دەست. بەر لەساڵی ١٩٩١، باشووری کوردستان بەرحوکمی سیستەمی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بوو، هەم ئازادی هەم دەرفەتی کار کردن، وەك حوشتر و نووکی دەرزی وا بوون. بۆیە یەکەمین دەرکەوتنی گرفتار لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ بوو. ئەو ئیدی لە کەرکووکی ژێردەستی دیکتاتۆر دابڕا و لە هەولێری ئازاددا گیرسایەوە.

دوای تێپەڕ بوونی ٣٢ ساڵ بەسەر ڕووداو و وەرچەرخانەکەی ئاداری ١٩٩١، ئێستا گرفتار کاکەیی (ناوی ئازادە و گرفتاریش ناسناویەتی) هونەرمەندێکی فرە ناسراوی کوردستانە. ئەو یەکەمین جار زۆر بە تەوژم و تینەوە هونەری کاریکاتێری لە هەفتەنامەی (موئتەمەر) ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتیمانیی عیراق بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد چەلەبی، بڵاو کردەوە. ناوەڕاستی سەرەوەی دوایین لاپەڕەی هەموو ژمارەیەکی ئەو هەفتەنامەیە، کە ئۆرگانی لایەنێکی بەرهەڵستکاری ڕژێمی سەدام بوو، بە کاریکاتێرێکی گرفتار دەڕازایەوە، بە بێ ئەوەی کەس بزانێت ئەم گرفتار ناوە کێیە؟ هەر کەسە مەزەندەی بە لای شتێکدا دەچوو. ئەگەرچی ناوەکە (گرفتار) کوردی بوو، بەڵام زۆر کەس پێی وا بوو ئەمە یەکێکە لە گەورە کاریکاتێریستانی بەغدا، کە لە دنیای ڕۆژنامەوانیی ئەو شارەدا توانا و ئەزموونی خۆی قاڵ کردووەتەوە، ئەمڕۆش ها لە کوردستان و کاریکاتێر بە ناسناوێکی کوردی بڵاو دەکاتەوە.


زۆری نەبرد گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی شاری هەولێر لاپەڕەکانیان بە ڕووی بەرهەمەکانی گرفتاردا کردەوە. بە زۆری کاریکاتێر، لە پاڵ ئەویشدا نیگاری تایبەت بە منداڵانیشی لە گۆڤارەکانی منداڵاندا بڵاو دەکردەوە. تۆی خوێنەر ئێستا مافی خۆتە بپرسیت، ئاخۆ هێڵی زێڕین کە ناونیشانی بابەتەکەمانە، چ واتایەکی هەیە، چ پەیوەندییەکی بە گرفتارەوە هەیە؟ سوپاس بۆ پرسیارەکەتان، فەرموون با بۆتانی ڕوون بکەمەوە.

هەموو تەنێك لە جیهان و گەردووندا، شێوە و قەبارەی هەیە، شێوە و قەبارەش هێڵ سنووری دەرەوەی دیاری دەکات. نەك هەر من و تۆ، بەڵکوو منداڵێکی ساوای تەمەن دوو سێساڵیش، بە سووکە











قەڵەمکێشییەکی سەر کاغەز، وێنەی گیاندار یان بێ گیانێکی لە زەیندا بەرجەستە دەبێت. ڕوونتر دەڵێم، قەڵەمێك دەست بدێ و لە بەردەمی منداڵێکی ساوا بەسەر کاغەزیدا بهێنە و بە هێڵ وێنەی پشیلەیەك بکێشە، منداڵەکە ئەگەر توانای قسە کردنی هەبێت، دەڵێ: ئەوە پشیلەیە. لێرەدا تێدەگەین وزە و بڕست و توانستی هێڵ چەند گەورەیە. هێڵ لە لای هونەرمەندی شێوەکار سەنگی مەحەکە، چەندی ئەو بەسەر جووڵە و جمینی هێڵدا زاڵ بێت، چەندی هێڵ لە لای ئەو بەهێز و دامەزراو بێت، چەندی توانای سەپاندنی هەژموونی هزر و هەڵچوونی خۆی بەسەریدا باڵادەست بکات، هێندە لە دنیای هونەردا بەرز دەبێتەوە و لە پیشەی هونەرکاریدا هەڵدەکشێت.

لە هەر بەرهەمێکی شێوەکاریدا (نیگار، هێڵکاری، کاریکاتێر، قەڵەمکێشی) تەنانەت پەیکەریش، توانستی هونەرمەند لە بەرجەستە کردنی هێڵدا خۆی دەنوێنێت. ئەوە بەرهەمی هونەرە ساغی دەکاتەوە، کە ئاخۆ هونەرمەندی شێوەکار تا چ ئەندازەیەك لە پلیکانێی هونەردا بەرەو ژوور هەڵکشاوە. سێ نموونە دەری دەخەن هونەرمەندی شێوەکار تا چ ئەندازەیەك لە پیشە و بەهرەکەیدا باڵادەستە، وێنەی مرۆڤ، وێنەی ئەسپ و کاریکاتێر. لەم سێ بوارەدا بڕستی شێوەکار و توانای لە جۆشدانی هێڵ، زۆر ڕوون دەردەکەوێت. گرفتار بۆیە بە پلەی هێڵی زێڕین گەیشتووە، چونکە سەرووی (٣٠) ساڵە ئەو بە هێڵ سەلماندوویەتی مامۆستایەکی کارامەی مەیدانی هونەرە. گەورەترین گەواهیش بۆ قسەی ئێمە، بەرهەمەکانیەتی. ئەو پتر لە کاریکاتێردا بەهرەی خۆی تاقی کردووەتەوە، کاریکاتێرێك پڕ بە زار هاوار دەکات، تیر و توانج دەوەشێنێت، گاڵتە و لاقرتی بەم و بەو دەکات.



**شانۆ محەمەد:**
**گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی کچانی عێراق**

# وا بڕوات ساڵێکی دیکە لە کوردستان شتێک نامێنیت بە ناوی تۆپی دەست



**تۆپی دەستی کچان تاوەکو ئێستا لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە بۆ ئەوەی ساڵانە چەندین خولی جۆراوجۆریان بۆ بکرێتەوە، خولەکان تەنیا بۆ ماوەیەکی کورتە و کۆتایی دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەك کچە یاریزانی بەتوانا لە شارەکانی کوردستان ئومێدی ئەوەیان هەیە کە ئەم یارییە سەر لەنوێی زیندوو بکرێتەوە و بچێتە قۆناغێکی باشتر لە داهاتوو، لەگەڵ ئەوەش بەشێك لە یانەکانی کوردستان هێشتا ئومێدی ئەوەیان هەیە کە ئەم یارییە بەردەوام بێ و لایەنی پەیوەندیداریش پشتگیریی ئەم یارییە بکەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك کچە وەرزشکاری شارەکانی کوردستان کێبڕکێ بکەن لەسەر ئەنجامی باش، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی پارێزگای سلێمانیش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی ئافرۆدێت و یانەی نەجمەی عێراقی (شانۆ محەمەد)ـە کە گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراقە، شانۆ لەدایکبووی پارێزگای سلێمانییە، لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ئەنجام دا.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاریی تۆپی دەستی چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

- ئەگەر وا بڕوات ساڵێکی دیکە بە دڵنیاییی شتێك نامێنی بە ناوی تۆپی دەست، چونکە نە یانەکان نە یەکێتی تۆپی دەست نە لایەنە وەرزشییەکان، هیچیان گرنگی پێ نادەن.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم کە تەنیا یەك جارە لە ساڵێکدا، تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە ئێستا یاریزان و یانە نییە هەتا پاڵەوانێتی بکرێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەشبێت بەشداری کامە، ساڵی جارێك دەکرێت ئەوەندە ئاستی خراپە یاریزان تاقەتی نییە هەر باسی بکات.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە تەواوی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- فێرگە و قوتابخانەکان چالاك بکەنەوە، گرنگی بەوە بدرێت ئەم یارییە دووبارە خۆشەویست بکرێتەوە لە ناو یاریزاناندا، ئەوە گرنگترین شتە بۆ ئەم یارییە.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- هیوادارم ڕۆژێك تیپێك هەبێت لە شارەکەی خۆم کە بتوانم یارمەتی پێشخستنی بدەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پەنا بۆ هێنانی یاریزانی بیانی ببەن؟**

- پشتبەستن نا، بەڵام گرنگە ئەزموون و هونەری یاریزانی دیکە ببینین لەم یارییە.

*** تێڕوانینی کۆمەڵگە چۆنە بۆ ئێوەی وەرزشکار؟**

- تێڕوانینی ئێستا لە جاران باشترە، بەڵام پشتگیرییەکی باش و وەرزشییانەمان نییە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکاریم ئەوەیە وەرزش بکەن و پێشی بخەن، نەك هەمان قسەی ١٠ ساڵ پێش ئێستا بڵێنەوە.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتوو؟**

- خەونم ئەوەیە بەشداری پاڵەوانیەتییەکی دەرەوەی عێراق بکەم بە ئەنجامی باشەوە.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژارەی تۆپی دەستی کوردستان دابمەزرێت؟**

- خۆزگە دابمەزرایە.

*** خۆشترین یادەوەری وەرزشیت چییە؟**

- هەموو سەرکەوتنەکان خۆشترین یادەوەرین لە لای من.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-بە کچە یاریزان(babi arenhat) یەکێکە لە باشترین گۆڵپارێزەکانی تۆپی دەست.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا.**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گولان دەکەم، هیوادارم بارودۆخی وەرزشیی کچان زۆر باش بێت.





# سەرۆکی بەرازیل هاندەری میسی بوو

لویز ئیناسیۆ داسیلڤا سەرۆکی بەرازیل، لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ بوێنس ئایرێسی پایتەختی ئەرژەنتین ئاشکرایکرد، لە مۆندیالی ۲۰۲۲ی قەتەر هاندەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتینی بووە و هیوای خواستووە مۆندیال بباتەوە.

دا سیلڤا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ هاوتا ئەرژەنتینییەکەی ئەلبێرتۆ فێرناندێز ئەنجامیدا، رایگەیاند: یەکەمجارە لە ژیانیدا پاڵپشتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دەکات، چونکە ئارەزووم دەکرد میسی پێش وازهێنانی لە یاریکردن مۆندیال بباتەوە.

سەرۆکی بەرازیل لەبارەی ئەرژەنتین و بەرازیل گوتی:ئەرژەنتین ساڵی ۲۰۲۲ی لە دۆخێکی باشدا تەواوکرد، نەک تەنیا لە رووی ئابووری و سیاسییەوە، بەڵکو لە رووی تۆپی پێشەوە.

ئەو زیاتر گوتی:من وەک خۆم بۆ یەکەمجار پاڵپشتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینم کرد و ویستم ببێتە پاڵەوانی جیهان، چونکە پێموابوو لیۆنێل مێسی ناتوانێت کۆتایی بە کاروانی خۆی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بهێنێت بەبێ بردنەوەی مۆندیال.

داسیلڤا گوتیشی:مێسی ئەو دەستکەوتەی بەدەستهێنا و ئەوە باشە، بەڵام ئەوە بەسە، ئێستا نۆرەی بەرازیلە بۆ بردنەوەی مۆندیالی داهاتوو.

لویز داسیلڤا سەردانی ئەرژەنتین دەکات بۆ بەشداریکردن لە لوتکەی گرووپی دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین و کاریبی، کە لە بوێنس ئایرێسی پایتەختی ئەرژەنتین رێکدەخرێت.

# شەڕی ریال مەدرید و پاریس سانت جێرمان بەردەوامە

بەگوێرەی سەرچاوە رۆژنامەوانییەکانی ئەورووپا، ناسر خلێفی سەرۆکی پاریس سانت جێرمان پلانی تۆڵەسەندنەوەی داڕشتووە لە ئەگەری دەستکردنەوەی ریال مەدرید بە هەوڵەکانی بۆ بردنی ئێمباپێ.

ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن، کە سەرۆکی پاریس سانت جێرمان بەنیازە ئەستێرەکەی ریال مەدرید، ڤینیسیۆس جۆنیۆری بەرازیلی رازی بکات بباتە پاریس، بەتایبەتی ئەگەر یانە ئیسپانییەکە هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گفتوگۆ لەگەڵ ئێمباپێ بکات.

ئاماژەیان بەوەشکردووە، یانەی ریال مەدرید هێشتا دۆسیەی ئێمباپێی دانەخستووە، سەرەڕای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان، بەڵام چاوەڕێی کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەوڵەکانی دەستپێبکاتەوە.

هەروەها دەگوترێت، کە هەرچەندە ریال مەدرید یاریزانێکی بە قەبارەی ڤینیسیۆس پشتگوێ ناخات و زۆر زەحمەتە دەستبەرداری ببێت، بەڵام پاریس سانت جێرمان لە دۆخێکی هاوشێوەدا نیشانیداوە، کە مەحاڵەکان نازانێت، هاوشێوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ لیۆنێل مێسی و نەیمار.

ریال مەدرید هاوینی رابردوو نزیکبوو لە گرێبەستکردن لەگەڵ ئێمباپێ، پێشتریش لەگەڵیدا گەیشتبووە رێککەوتن، پێش ئەوەی دواجار یاریزانەکە ملکەچی راسپاردەکانی ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا ببێت و گرێبەستەکەی بۆ ماوەی سێ وەرز لەگەڵ پاریس نوێبکاتەوە.



# گاریس بێڵ لە تۆپی پێی بەرەو یاری گۆڵف

گارێس بەیڵ بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بریارییدا بەیەکجاری واز لە یارییکردن بهێنێت، هەرچەند هێشتا تەمەنی ٣٣ساڵە و تەنیا نیو وەرز بوو لە یانەی لۆس ئەنجلس ئەمریکی یاری دەکرد.

بەیڵ لە کاروانی یارییکردنیدا وەک یاریزانی تۆپی پێ چەندین دەستکەوتی گرنگی بردووە و لە ٢٠٠٦ تاوەکو ٢٠٢٢ لە ئەستێرە دیار و بەناوبانگەکانی وڵاتەکەی بوو، لەسەر ئاستی یانەکانیش لە ساوسهامپتۆن، تۆتنهام، ریال مەدرید و لۆس ئەنجلێس یارییکردووە.

دوای ماوەیەکی زۆر کەم لە وازهێنانی یەکجاری لە تۆپی پێ بەیڵ بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی یاری گۆڵفدا دەکات، کە لە مانگی شوبات لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکا بەڕێوەدەچێت و براوەی پاڵەوانێتییەکە بە ٩ ملیۆن دۆلار خەڵات دەکرێت.

ئەو پاڵەوانێتییە دەبێتە یەکەم پاڵەوانێتی فەرمی، کە بەیڵ تێیدا بەشداربێت و یارییکردنی ئەو کاردانەوەی زۆری دەبێت، بەتایبەت، کە ناوبانگێکی زۆری لە تۆپی پێدا هەبووە.

پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە رای چییە لەسەر وازهێنانی گارێس بەیڵ؟ پێپ گواردیۆلا گوتی:ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە یاریزانێکی زۆرباش لە یاریی گۆڵفدا.

بەیڵ پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ یاری گۆڵف دا هەیە، کاتێک یاریزانی تۆپی پێ بوو، زۆرینەی کاتەکانی پشووی بە یاری گۆڵف بەسەردەبرد.





# بازیان بەرەو لوتکە هەنگاو دەنێ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی بازیان کە بەشدارە لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەم وەرزە بە سەرپەرشتی دارا محەمەدی ڕاهێنەری کوردی شاری کەرکووك دەیەوێت ببێتە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی خولەکە، بۆ ئەوەی بتوانێت هەنگاو بە هەنگاو خۆی لە ڕیزبەندی یەکەمی یانەکانی خولەکەدا ببینێتەوە، یانەکە لە سەر دستی ئەو ڕاهێنەرە بە کۆکردنەوەی ١٦خاڵ لە کۆی دە یاریدا بە پلەی چوارەم دێت، یاری بۆ یاری دەیەوێت ژمارەی خاڵەکانی لەگەڵ تیپەکانی پێشەنگ هاوتا بکات، لەم بارەشەوە دارا محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجی ئێمە بۆ ئەم قۆناغە کێبڕکێیە بۆ سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، جگە لەوەش ئێمە گۆڕانکاریمان لە تیپەکەدا کردووە و شەش یاریزانمان لە یانەکە بوون کە دەستبەرداریان بووین، لە بری ئەوانیش پێنج یاریزانی تازەمان هێناوە، ئامادەکاریی پێویستمان کردووە بۆ ئەم قۆناغە، چونکە یارییەکان هەموویان گرنگن و دەبێت بە هەستیارییەوە هەنگاو بنێین، بۆ ئەوەی هیچ خاڵێك لە دەست نەدەین، هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەین و پلیتێکی خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنین».

# خەیاڵ و ساڤا پەیوەندییان بە یانەی تەقتەقەوە کرد

بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕیزی پێکهاتەی یانەکەی بۆ بەشداریکردن لە هەردوو خولی باڵەی یانە نایابەکانی کوردستان و عێراق، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە، ئەم وەرزە دەیەوێت تیپی باڵەی کچانی یانەکەی بکاتە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش چەند یاریزانێکی گواستەوە ڕیزەکانی، کە بریتین لە یاریزانان (خەیاڵ حەمە کاپتنی یانەی دەربەندیخان، ساڤیا محەمەد لە یانەی سلێمانی و ئاگرین محەمەد لە ڕۆژهەڵات و تەرزە مزەفەر و نارین ڕەحمان لە یانەی کۆیە) لە بارەی پەیوەندیکردنیان بە یانەی تەقتەقیش خەیاڵ حەمە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بە فەرمی بە گرێبەستێك پەیوەندیمان کردووە بە یانەی تەقتەقەو بۆ هەردوو خولی باڵەی یانەکانی کوردستان و عێراقی بەرگری لە دریسی یانەی تەقتەق دەکەین، تەنیا من و ساڤیا لە شاری سلێمانییەوە دێنە ناحییەی تەقتەق بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە لەگەڵ ئەو یانەیە پێشکەش بکەین»، لەبارەی دروستبوونی کێشەبۆیان لە مەشقەکان، خەیاڵ گوتی: «ئێمە ڕۆژەکانی هەفتە لە پارێزگای سلێمانی مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین و ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی لە تەقتەق مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین، بۆ نزیکبوونەوەش لە پاڵەوانێتییەکان بۆ ماوەی یەك مانگ لە تەقتەق دەمێنینەوە، بۆ ئەوەی باشتر مەشقەکانمان ئەنجام بدەین، ئەوەی لە توانامان بێت ئەنجامی دەدەین بۆ یانەی تەقتەق تاوەکو ئەنجامەکان دڵخۆشکەر بکەین، هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە لێرە، بەهیوای ئەوەین باشترین ئاست پێشکەش بکەین لەگەڵ یانە تازەکەمان».





# نەریمان خدر یانەی ڕواندزی هەڵبژارد

هەر چەندە لە قۆناغی یەکەمی خولی یانە نایابەکانی کوردستان نەریمان خدری گۆڵپارێز لەگەڵ یانەی هەندرێن گرێبەستی هەبووە، بەڵام بەهۆی گرفتی پێنەدانی هەلی یاریکردن لە خولەکە و پارێزگاریکردن لە گۆڵی ئەو یانەیە، نەریمان ڕیزی یانەکەی جێهێشتوو ڕووی لە یانەکەی قەزای سۆران کرد، لەم بارەشەوە نەریمان خدر گۆڵپارێزی پێشووی یانەی هەندرێن، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ئەمساڵ بەفەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی هەندرێن هەبووە بۆ ئەوەی بتوانم بەرگری لە گۆڵی یانەکەم بکەم لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام ئەوەی من دەمویست ئەوە نەبوو کە هەلی یاریکردنم بۆ نەدەڕخسا، بۆیە بڕیارم دا ڕیزی یانەی هەندرێن جێبهێڵم و یانەیەکی دی هەڵبژێرم کە بتوانم تێیدا یاری بکەم، چەند یانەیەك لەسەر هێڵ بوون بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەم، لە ناو یانەکانیش یانەی ڕواندزم هەڵبژارد کە لە خولی پلەیەکی کوردستانن، لەگەڵ ئەو یانەیە تاکو کۆتایی ئەم قۆناغەی خولی پلە یەك بەردەوام دەبم، بەهیوای ئەوەم بتوانم ئاست و ئەنجامێکی دڵخۆشکەر لەگەڵ ئەو یانەیە پێشکەش بکەم، یانەی ڕواندز یەکێکە لە یانە بەهێزەکان و خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە، ئەمساڵ دەیانەوێ ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنن، ئەوەی لەتوانام بێت بۆ خزمەتکردنی یانەکە و بەرگریکردن لە تۆڕی یانەکە، ئەنجامی دەدەم بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان بەیەکەوە ئاستی تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر». جێگای باسە ئەمساڵ خولی پلە یەکی کوردستان خولێکی بەهێزە و خاوەنی چەندین یانەیە، کە هەموویان ڕکابەری دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابی کوردستان، لە قۆناغی یەکەمی خولی پلە یەکی کوردستان یانەی ڕواندز نەیتوانیوە ببێتە یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە و لە خوارەوەی ڕیزبەندی یانەکان دێت.

# خۆراکی خێرا زیان بە جگەر دەگەیەنێت!



ئەگەرچی خواردنی خۆراکی خێرا بە شێوەیەکی بەردەوام بژاردەیەکی ناتەندروستە، چونکە بڕی زیادی چەوری و خوێ لەخۆدەگرن، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەمی مادده خۆراکییە گرنگەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە لایەن هەندێك کەس بەردەستبوون و خێرا ئامادەبوونی خۆراکی خێرا هاندەرە بۆ زیاد خواردنیان. بە گوێرەی تازەترین توێژینەوە، خواردنی خۆراکی خێرا بە شێوەیەکی بەردەوام کە ڕۆژانە بگاتە ٢٠٪ی خۆراکی گشتیی ڕۆژانە یان زیاتر، ئەوا زیان بە جگەر دەگەیەنێت، بە شێوەی زیادبوونی ڕێژەی چەوری لە جگەردا Fatty liver کە هاندەرە بۆ شێرپەنجە و مۆمبوونی جگەر Cirrhosis، هەروەها زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و شەکرە، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لەگەڵ نەخۆشیی گورچیلە. ئاماژە بەمەش کراوە کە ئەگەری ئەم گرفتانە زیاتر و سەختترە لە کەسانی قەڵەو و تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا، کە خۆراکی خێرا بە بڕی زیاد یان بەردەوام دەخۆن.



# کاریگەرییەکانی سترێسی درێژخایەن لەسەر تەندروستی

هەستکردن بە سترێسی ماوەکورت وەکو کاردانەوەیەکی بایۆلۆژیی بەشیکی ئاسایییە لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵام کە سترێس دەبێتە درێژخایەن Chronic stress ئەوا کاریگەریی سەخت دەکاتە سەر تەندروستی. سترێس هۆکارە بۆ زیاد دەردانی هۆرمۆنی کۆرتیسۆڵ Cortisol و ئەدرینالین Adrenaline کە یارمەتی لەش دەدەن بۆ بەرەنگاربوونەوە، بۆنموونە بە شێوەی زیادبوونی لێدانەکانی دڵ و خێرابوونی هەناسە. سترێسی درێژخایەن بۆ ماوەیەکی زۆر فشار دەخاتە سەر لەش، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە چەند حاڵەت و نەخۆشییەك زیاد دەكات وەکو: نەخۆشیی دڵ، نۆرەی دڵ، جەڵتەی مێشك، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، زیادبوونی کێش و قەڵەوی، لاوازبوونی سستمی بەرگریی لەش، گرفت لە بیرهاتنەوە و تەرکیزکردندا، گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس، گرفتەکانی خەو، سەرئێشە، ئازار و گرژبوونی ماسوولکەکان، سووتانەوەی پێست، هەوکردنەکانی کۆئەندامی هەناسە، خەوزڕان، هەستکردن بە هیلاکیی جەستەیی، پەستی، هەروەها خەمۆکی.

## خەو و پەستانی خوێن

لەکاتی نووستنێکی ئاسایی و تەندروستدا، پەستانی خوێن بە ڕێژەی ١٠-٢٠٪ دادەبەزێت کە پێی دەگوترێت دابەزینی شەوانەی پەستانی خوێن Nocturnal dipping. کەم خەوی، یان خەوی ناتەندروست ڕێگە لەم دابەزینەی شەوانەی پەستانی خوێن دەگرێت. لێکۆڵینەوکان جەخت دەکەنەوە کە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لەکاتی شەو یان لەکاتی خەودا، پەیوەندی هەیە بە نەخۆشیی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، واتە بەرزبوونەوەی بەردەوام بە درێژایی تەمەن کە پێویست بە چارەسەر دەکات. دانەبەزینی پەستانی خوێن لەکاتی شەودا ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەکات، لەگەڵ نەخۆشیی گورچیلە و کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن بۆ مێشك. لە لایەکی دیکە، گەلێك توێژینەوە ئەمەیان روون کردووەتەوە کە کەم خەوی یان پچڕبوونی خەو، هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لەکاتی ڕۆژدا، بەتایبەتی لە تەمەنی ناوەڕاستدا واتە ٣٦-٥٥ ساڵی.







## ڤیتامین D بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی پێست

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی ڕۆژهەڵاتی فنلەندا هاتووە کە وەرگرتنی ڤیتامین D3 بە چاودێری دکتۆر ئەگەری تووشبوون بە هەموو جۆرەکانی شێرپەنجەی پێست کەم دەکاتەوە، بەتایبەتی شێرپەنجەی جۆری میلانۆما Melanoma کە باوترین جۆری شێرپەنجەی پێستە. میکانیزمەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ڤیتامین D بۆ پاراستنی خانە لە دوو مەترسی کە بریتین لە فشاری ئۆکسان و تێکچوونی DNA کە ئەگەری شێرپەنجە زیاد دەکەن. ئەمە روونە کە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لە ئەنجامی بەرکەوتنی زیاد بە تیشکی خۆر هاندەرە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست، ئەمەش روونە کە ڤیتامین Dی سرووشتی لە پێستدا بە بەرکەوتن بە تیشکی خۆر دروست دەبێت و ئاستی بەرکەوتنی پێست بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی و ئەگەری شێرپەنجە کەم دەکاتەوە، دەرەنجام بڕی ڤیتامین Dی سرووشتی کەم دەبێتەوە، بۆیە بۆ بەردەوامبوونی ئەم خۆپاراستنە لە شێرپەنجەی پیست، وەکو جێگرەوە پێویست بە وەرگرتنی یاریدەدەری ڤیتامین D بە شێوەی کەپسول یان دەرزی دەکات، بە چاودێریی دکتۆر.

# هەستیاریی خشڵ



هەستیاریی خشڵ و ئەکسسوار Jewellery allergy حاڵەتێکی باوە بە شێوەی هەستەوەریی بەرکەوتن کە لەوانەیە بە بەرکەوتن بە هەر کانزایەك روو بدات، بەڵام هەستەوەری بە کانزای نیکل کە لە زۆربەی جۆرەکانی خشڵ و ئەکسسواردا بەکاردێت، زیاتر لە پێکهاتەکانی دیکەی خشڵدا دەبێتە ئەگەری هەستیاری. خشڵ و ئەکسسوارەکان لە گەڵێك کانزا پێك دێن، بۆنموونە زێری عەیارە ٢١ لە ٨٧,٥٪ زێر پێکهاتووە لەگەڵ ١٢,٥ ٪ کانزای دیکەی وەکو نیکل، یان کۆبالت، کرۆم، زیو، ئاسن، تۆتیا (زینك)، مەنگەنیز، کادمیۆم یان تیتانیۆم کە لەوانەیە ببنە ئەگەری هەستەوەری، لەوانەشە کە خودی زێڕ تا رادەیەکی کەم ببێتە ئەگەری هەستەوەریی پێست. نیشانەکان پاش ٢٤-٤٨ کاتژمێر سەرهەڵدەدەن، بۆ ماوەی ٢-٤ هەفتە بەردەوام دەبن و بریتین لە: دەرکەوتنی پەڵە Rash و زیپکە لەسەر پێستدا، ئاوسان و گەرمبوون و خورشتی توند لە شوێنی بەرکەوتنی خشڵ بە پێست، سووربوونەوەی پێست، دەرکەوتنی پەڵەی وشك کە شێوەی لە سووتان دەکات، هەروەها دەرکەوتنی بڵۆق لە حاڵەتی سەختدا. خۆپاراستن و چارەسەرکردن: دوورکەوتنەوە لە لەبەرکردنی خشڵ بۆ ماوەیەك، بەکارهێنانی مەرهەمی کۆرتیزۆن Cortisone بە رێنمایی دکتۆر.




# هۆکارە ناخۆراکییەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن

ئایا دەزانی کە جگە لە خۆراك، گەلێك هۆکاری دیکە هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن لە کەسانی ئاسایی و کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرەدا؟. پێوانەی ئاستی شەکری خوێن بێ خواردن کە زیاتر بێت لە ١٢٥ ملگم لە هەر دێسلیترێکی خوێندا، ئەوا بە ئاستی بەرز هەژمار دەکرێت و نیشانەکانی بریتین لە: هەستکردن بە تێنووبوونێکی توند، زیاد میزکردن، هەستکردن بە ماندووبوون و لاوازیی جەستەیی، لەگەڵ لێڵبوونی بینین. ئەو هۆکارانەی کە بێ خواردنی هیچ خۆراك و شلەمەنییەك دەبنە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن ئەمانەن: سترێس، کەم خەوی، نەخواردنی ژەمی بەیانی، کەشی زۆر سارد، کەشی زۆر گەرم و خۆربردن Sunburn، کەمبوونەوەی رێژەی شلەی لەش Dehydration، کەمیی مەشقی وەرزشی، بەکارهێنانی هەندێك جۆری سپرای لووت، هەروەها نەخۆشیی پوك.

## سوودە تەندروستییەکانی زەعفەران

زەعفەران Saffron جگە لەو رەنگە جوانەی کە بە خۆراکی دەبەخشێت، دەوڵەمەندە بە ماددە دژەئۆکسانەکان، بەتایبەتی کرۆسین Crocin، پیکرۆکرۆسین Picrocrocin، سافرانال Safranal، لەگەڵ ماددەکانی کرۆسیتین و کیمپفیرۆل کە سوودی تەندروستیی زۆریان هەیە و رۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و شێرپەنجە. سوودە تەندروستییەکانی زەعفەران: پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی دەمار لە رێگەی کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن و کاریگەرییە نەرێنەکانی ئۆکسان لە مێشکدا، سووککردنی نیشانەکانی ئەلزهایمەر، باشترکردنی مەزاج و سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی، سووککردنی نیشانەکانی گرژییەکانی پێش دەستپێکی سووڕی مانگانەی ئافرەت PMC، پاراستنی تەندروستیی پێست، هەروەها هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش. رۆژانە خواردنی بڕی ١,٥ گرام زەعفەران سەلامەتە و سوودە تەندروستییەکان دەپێکێت، بەڵام بڕی زیاتر کە بگاتە ٥ گرام لە رۆژێکدا ئەوا دەبێتە ماددەیەکی ژەهراوی.





## دەسکی گەیمێک جیهانی گەیمی ئەلکترۆنی دەگۆڕێت

لە پێشانگای ساڵانەی CES2023دا کۆمپانیای Dell نەوەی دووەمی دەسکی گەیمی جۆری Nyx بە تایبەتمەندی نوێ، وەك پەنجەمۆر، تۆچ پەد و دوگمەی شیفت خستەڕوو. ئەو جۆرە دەسکی گەیمە بە پەیوەندی کردن بە سێرڤێرێکی یاری لە هەموو شوێنێکی ماڵەوە دەکرێ گەمە بکرێت. بەهۆی ئەو دەسکی گەیمانە بەکارهێنەران دەتوانن لەسەر چەندین شاشەی جۆراوجۆر یاری بکەن. یان هاوکات خەریکی دوو یاری بن.

لە دەسکی گەیمەکەدا شوێنێکی پەنجە مۆر هەیە بەهۆی ئەوەوە دەکرێت خێرا دوایین یارییەکان بکەیەوە. ئەو تایبەتمەندییە بۆ ئەوانە گونجاوە کە بە شێوەی گرووپ یاری دەکەن. چەندین دوگمەی هەیە کە بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەستکاری دەکات. هەروەها دوگمەیەکی سکرۆلی هەیە کە دەکرێت وەك ماوس و تۆچ پاد سوودی لێوەربگیرێت.



## گۆڕانکاری لە جیهانی گرافیک بە پێنووسی زیرەکی ئەپل

جیهانی گرافیك و نەخشەسازی لەسەردەمی دیجیتالیدا هەم گرنگی زۆر پێدراوە و هەم ئاسانکاری زۆری تێدا پێکهاتووە، کێشەیەك کە بۆ نەخشەسازانی بواری گرافیك دێتە پێشەوە ئەوەیە کە ڕەنگەکان بەشێوەی سروشتی نین.

ئەپل بۆ چارەسەری ئەمە قەڵەمی زیرەکی جۆری Ap-ple Pencil بەرهەم هێناوە. قەڵەمەکە دەتوانێت ڕەنگەکان لە جیهانی واقیعی وەربگرێ و پاشان بۆ ئایپادی بەڕێ بکات. بۆ نموونە پێویستە ڕەنگی گیا و دارو درەختێك وەك خۆی بێت، بەڵام ئەم ڕەنگانە لە کۆمپیوتەر یا ئایپاد و ئامێرەکانی دیکەدا سەداسەد وەك خۆی نایەتەوە، بەڵام بەهۆی قەڵەمی تایبەتی ئەپڵەوە بە ئاسانی دەکرێت ڕەنگەکە لە خودی سروشتەکە وەربگیرێت.

## داهاتووی TV بـــــ

لەوکاتەوەی کە تیڤی بەرهەم هات، هەتا سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر TV دا نەهات، بەڵام لەو ساتەوە بە دواوە، گۆڕانکاری زۆر بەسەر تیڤی هەم لە بواری نیشانداندا و هەم لە تایبەتمەندییەکانی دیکەدا هاتە گۆڕێ. تیڤیە زیرەکەکان ئێستا بە تەنیا تیڤی نین و بەڵکو زۆر ئامێرن لەیەك ئامێردا.

لە پیشانگای ساڵانەی CES2023دا، کۆمپانیای Displace تیڤیەکی بەرهەمهێنا کە وایەرلەیسە و پێویستی بەکارەبای ڕاستەوخۆ نییە و بەڵکو شەحن دەبێتەوە و هەتا مانگێکی تەواویش شەحنی دانابەزێت. قەوارەی تیڤی ئاماژە بۆ کراو ٥٥ ئینجە. کوالیتی نیشاندان لەو تیڤیەدا K4ە. چوار باتری تایبەتی لەگەڵدایە کە شەحن دەبنەوە. لەپشتەوەی




# کەیسێکی زیرەکی ئایەرپود

لە پێشانگای CES2023دا کۆمپانیای JBL کەیسێکی زیرەکی ئایەرپود (airpod)ی خستەڕوو بە وتەی کۆمپانیای بەرهەمهێن، یەکەم کەیسکی شەحنکەرەوەی زیرەکی ئایەرپودە لە جیهاندا.


لەسەر کەیسەکە شاشەیەکی بچووکی ١,٤٥ ئینجی لە جۆری LED هەیە و زۆربەی زانیارییەکان لەسەر شاشەکە دەردەکەون وەك: ئەو پەیامانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مۆبایلەکەت دێن. هەروەها کۆنترۆڵکردنی مۆسیقا و پەیوەندییەکان بۆ ئەوەی پێویستت بە مۆبایل نەبێت.

کەیسی زیرەکی Tour pro 2 جگە لەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پێکردن، تەکنەلۆژیای لابردنی دەنگە دەنگی زیادیشی هەیە. هەروەها دەکرێت پرۆفایلی دەنگی لەگەڵ ویستی بەکارهێنەرەکەی بگونجێنیێ. ئەو کاتەی کە ئایەرپودەکان شەحن دەبنەوە تا هەشت کاتژمێر دەکرێت سوودیان لێوەربگیردرێت.



## ـــــەرەو كوێ؟

تیڤیەکەن و بە ئاسانی بۆ شەحنکردنەوە دەردەهێنرێن. پشتەوەی تیڤیەکە بە جۆرێکە کە بە ئاسانی بە بێ ستاند بە دیوارەوە دەنووسێت. کامێرایەك لە سەرەوەی تیڤیەکە هەیە. ریمۆتێکی تایبەتی لەگەڵدا نییە و بەڵکو بەهۆی پرۆگرامێکەوە جوڵەکانی پەنجەی بەکارهێنەر دەکات بە ریمۆت کۆنترۆڵ. هەروەها بەهۆی لەمسەوە کۆنترۆڵ دەکرێت جگە لەوەش بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی کۆنترۆڵ دەبێت.





# شاشە نووشتاوەکانی سامسۆنگ

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا سامسۆنگ بەدەستێکی پڕەوە هاتبوو، جگە لە چەندین لاپتۆپ و دیسکتۆپ و تیڤی و بەرهەمی دیکە، چەندین شاشەی ناوازازەشی هێنابوو. شاشەی ناوازە و سەیروسەمەرەی جۆری Flex Hybrid کە بۆ لاپتۆپەکانی داهاتوو بەرهەم هاتووە، دیزاینێکی ناوازە و سەرنج راکێشی هەیە، لەلای چەپەوە دەنووشتێتەوە، بەڵام بەلەلای راستەوە شێوەیەکی رۆڵی هەیە و پان و بەرین دەبێت. شاشەکە قەوارەکەی ١٠,٥ ئینجە و دەبێتە ١٢,٤ ئینج. نزیکەی ٢ ئینج بەرین دەبێت.

بێجگە لەو شاشەیەی ئاماژەمان پێکرد، شاشەیەکی دیکەشی لە پێشانگاکەدا خستەڕوو شقارتەیە و ١٧ ئینجە، شاشەکە بەرلەوەی بکرێتەوە ١٤ ئینجە، بەڵام کاتێك دەکرتێەوە دەبێتە ١٧ ئینج. شاشەکە بە ناوی Flex Slidable Solo ناسراوە.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، کێشەیەکم لە تیلگرامدا بۆ هاتۆتە پێش، بۆیە دەمەوێ تیلگرامەکەم بسڕمەو و سەرلەنوێ دایبنێمەوە، بەڵام کە دایدەنێمەوە هەروەك خۆی دێتەوە، چ بکەم بۆ ئەوەی تیلگرامێکی نوێ بە هەمان ژمارەی خۆم دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ سڕینەوەی تیلگرام ئەگەر لەسەر مۆبایل بی لە بەشی setting دا و لە بەشی devices هەیە لەوێدا ئەو ئامێرانە دەبینی وەك مۆبایل و کۆمپیوتەر کە بە تیلگرامەوەتەوە پەیوەند دراون. بە ئاسانی هەرکام حەزت لێی بوو دەیسڕیەوە. لە خوارەوەدا شوێنێك هەیە ئەگەر چەند مانگ بەکاری نەهێنی لە یەك مانگەوە هەتا شەش مانگ ئەوە تیلگرامەکەت دەسڕێتەوە. بەڵام ئەگەر بتهەوێ دەستبەجێ بیسڕیەوە، ئەوە دەبێ لە settingی بەشی وێبدا بەشی de-lete بیسڕیەوە.

# پرۆگرامێکی تایبەت بە نوێکردنەوەی درایڤێرەکان

درایڤێرەکانی (Driver) ئەوەی لە زمانی بازاڕیدا پێیدەگوترێ، «تەعریفی پارچەکانی کۆمپیوتەر» بۆ سیستەمێکی کۆمپیوتەر لەریزی یەکەم دێت. لەراستیدا کۆمپیوتەر بەبێ درایڤێرەکان جا هەر پارچەیەك بێت، کێشەیەکی گەورەی بۆ دێتە پێش. ئەگەر درایڤێرەکان لەگەڵ پارچەکان یەکنەگرنەوە و یان نوێنەکرێنەوە کێشە بۆ سیستەم و پارچەکان دێتە پێش. پرۆگرامی DriverMax بۆ رێکخستنی درایڤێرەکانی و نوێکردنەوەی پارچەکانی کۆمپیوتەر بەرهەم هاتووە.




کاتێك پرۆگرامەکە دادەبەزێینە سەر کۆمپیوتەر دەست دەکات بە سکانکردنی کۆمپیوتەر و خۆکار درایڤێرەکان دەناسێت و دوایین ڤێرژینان لە سایتی بەرهەمهێن وەردەگرێ و دانلۆد دەکا.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- نوێکردنەوەی بەردەوامی درایڤێرەکان.
- توانای ناسینی خۆکاری درایڤێرەکان.
- رێکخستنی درایڤێرەکان بە توانایەکی زۆرەوە.
- بەکاپ (پشتیوانی) وەرگرتن لە درایڤێرەکان.



# تەبلێتێكی مەزن ركابەری ئایپاد پرۆ دەكات

لە پێشانگای ساڵانەی CES2023دا، لینۆڤۆ تەبلێتێكی ١٤,٥ ئینجی Tab Extremeی خستەڕوو كە ڕەنگە بتوانێت ركابەرێكی جیدی بێت بۆ تەبلێتی iPad Proی ئەپل.

تەبلێتی ناوبراو بە جۆرێك دیزاین كراوە كە دەكرێت وەك لاپتۆپێك سوودی لێوەربگیرێت، تەبلێتەكە یەكەی لێكدەرەوەی جۆری Dimensity 9000 لەسەرە، بەهۆیەوە دەكرێت چەندین ئاپی ئەندرۆید پێكەوە بكەیەوە.

لەو تەبلێتەكە بۆ ئەوەی وەك لاپتۆپێك سودی لێوەربگیرێت كیبۆردێكی تایبەتی لەگەڵدایە، لەگەڵ قەڵەمێكی لەمسی. تەبلێتە نوێیەكەی ئەندرۆید ١٣ی لەسەرە.



## ماڵپەڕێک بۆ بەهێزکردنی زانیاری گشتی

گەلێك ماڵپەڕ و تەنانەت پرۆگرامی تایبەتیش هەن كە تایبەتن بە بەخشینی زانیاری گشتی. ماڵپەڕی www.factslides.com یەكێكە لە ماڵپەڕە گرنگەكان. ماڵپەڕەكە لە هەموو بوارێك زانیاری تێدایە، زانیارییەكان دەستەبەندی كراون و دەتوانی بەپێی ویستی خۆت زانیاری تایبەت هەڵبژێری، هەروەها لەناو دەستەبەندییەكانیشدا، جارێكی دیكەش بە بەشی بچووك بچووك دەستەبەندی كراون بۆ نموونە كاتێك باس لە جوگرافیا دەكا، دەتوانی ئەوروپا هەڵبژێری و لەناو ئەوروپاشدا تەنیا یەك وڵاتی دیاریكراو هەڵبژێری.. زانیارییەكان بەپێی سلایدن و زیاتر لە دە هەزار سلایدی تێدایە. بۆ نموونە تا ئێستا دەتزانی كە زیاتر لە ١٥٪ ئینتەرنێتی گشت جیهان ماڵپەڕی نێت فلێكس بۆخۆی داگیر كردووە.

## ئامێری زەخت گرتن بەسەری پەنجەكان

بۆ گرتنی زەختی خوێن هەتا ئێستا جگە لەو ئامرازە كلاسیكیە جیوەیەی كە مێژووەكەی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە و ئێستاش هەروا بەكار دەهێنرێ، ئامرازێكی دیجیتالیش هەیە كە هاوشێوەی ئامرازە كلاسیكەكەیە كە ئەویش هەر لە باسك دەخرێ و خۆكار زەخت دەگرێت. لە پێشانگای ساڵانەی CES2023ی ئەمساڵدا ئامرازێكی دیكە خرایەڕوو كە بەرهەمی كۆمپانیای Valen-cellیە. ئامێرەكەی كۆمپانیای ناوبراو بۆ گرتنی فشاری خوێن لە سەری پەنجە دەخرێت و زەختەكە نیشان دەدات. كاتێك لەسەری پەنجە دەخرێت لە كەمتر لە خولەكێكدا زەختەكە نیشان دەدات. جگە لە بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرە، كۆمپانیای ناوبراو هەوڵ دەدات ئاپێكی تایبەت بە مۆبایل بەرهەم بێنێ كە داتای زەختی خوێن لەسەر مۆبایل نیشان بدات.

هەروەها ئاپەكەی كۆمپانیای ناوبراو یارمەتی بەكارهێنەران دەدات كە تەندروستی دڵ و دەمارەكانی خۆی لە ڕێگای ڕژێمی خۆراكی تەندروست و وەرزشی گونجاو وەدەست بێنێ.



# ڕەنگی سووراو لە وەرزی سەرمادا بە کارامەیی هەڵبژێرە

جیهانی مۆدە و جوانکاری فراوانە و پڕە لە شێوازی تازە و بیرۆکەی جۆراوجۆر، هەر بۆیە پسپۆڕان گرنگیی زیاتر بە ڕەنگ و شێوازەکانی ماکیاژ دەدەن، چونکە بەشێکی دیاری جوانیی ڕوخسار و شێوەی مرۆڤە، ئەو ڕەنگانەی لە نێوان ڕەنگی (زەرد و تا ڕەنگی سوور) تایبەت کراوە بە لێو، لێرەدا ئاماژە بە ڕەنگەکانی لێو دەکەین، کە بۆ وەرزی سەرما گونجاون، تۆش وەك خانمێك بزانە کامە ڕەنگ لەگەڵ شێوەی ڕوخسار و ماکیاژ و جلوبەرگت گونجاوە هەڵیانبژێرە. ئەوانەی حەز بە شیکۆڵاتە دەکەن، دەتوانن سوود لە سووراوی (پیکسۆم) وەربگرن، کە هەم بریقەدار و هەمیش ڕەنگێکی قاوەیی و پێوە دیارە، بۆ کاتی ئاهەنگ و گەشت بەکار دێت. (فینتی) مۆدێکی دیکەی ڕەنگی لێوە، لە نێوان بێجی و ڕەنگی قۆخە، یان تێکەڵەی هەردوو ڕەنگە بەیەکەوەیە، بۆ کاتی دەوام و زانکۆ بەکاردێت. ڕەنگی نیۆن کە ڕەنگێکی بریقەداری نێوان شین و سپییە بۆ کاتی دەرچوون و ماڵ بەکار دێت. ڕەنگی پەمەیی گوڵی نەرم، بۆ دانیشتن و سەردانی گونجاوە، هەروەها تێکەڵ ڕەنگەکانی (بێجی و ڕەنگی پەمەیی گوڵ یان قاوەیی کراوە) مۆدێکی ناوازەیە بۆ وێنەگرتن شیاوە، بەڵام گرنگە ڕەنگی لێو لەگەڵ بەشێکی دیکەدا شیك بکرێت، تا زیاتر سەرنجڕاکێشتر دەبن.



# بۆنوبەرامێکی بە جۆش هەڵبژێرە



بۆنەکانی ساڵی تازە، کە کۆمەڵێکن لە ئێستاوە توانیویانە لووتکەی بازاڕ و خواستی خانمان لە داواکارییەکان بەدەست بهێنن، کە لە ئێستاوە داواکاریی زۆری لەسەرە. بۆ ئەوانەی ڕۆژانە ژیانیان لەگەڵ خەڵکە وەك دەوام و زانکۆ، پێویستە بۆنوبەرامیان خۆش و بە جۆش بێت، چونکە کاتێك گشت لایەنەکانی جوانیت پەیڕەو کردووە، جلێکی نایاب و ماکیاژێکی شیك و خشڵی شازت لەبەر بێت، بەڵام کە بۆنت ناخۆش بوو، جوانییەکەت لە دەست دەدەیت، بۆیە پێویستە بۆنوبەرامێکی خۆش و بە جۆش هەڵبژێریت، بۆ ئەوانەی پێستیان چەورە یان چەوریی پێوە دیارە، پێویستە بۆنی پێچەوانەی پێستیان هەڵبژێرن، واتە نابێت بۆنەکە چەور بێت و پێستیش چەور بێت چونکە دواتر دەبێتە هەستیاری، بۆ ئەو مەبەستە دەتوانن بۆنی کشمیر کەش، Cashmere Kush هەڵبژێرن، کە بۆنێکی ناسك و خۆشە و ڕێژەی چەوری تیایدا زۆر کەمە و بۆ کاتی دەرچوون و دەوام گونجاوە. بۆنی نییە، Not A Perfume ناوێکی سەیرە کە لەلایەن مارکەی Juliette Has a Gun ئامادە کراوە، بۆ کاتی شەوانە و سەردانی و دانیشتن بە جۆشە. Coco MadeMoiselle لەلایەن شانێلەوە ئامادە کراوە، بۆ پێویستی ڕۆژانە و ماڵ و بازاڕکردن، سەرەتای بەکارهێنانی هەر بۆنێك، پێویستە پێستت وشك بێت، هەروەها لە کاتی بەکارهێنانی بۆ جلەکان، ئاگاداری ڕێژەی چەوری و ڕەنگی جلەکە بە، چونکە کاتێك ڕەنگی جلت کراوە دەبێت، دەبێتە هۆی پەڵەی گەورە و دیار دەبێت.




# ئەو شێوازانەی لە ساڵی تازەدا باو دەبن

پسپۆڕانی جوانکاری لە سەرەتای ساڵی تازەدا چەند پێشبینی و زانیارییەکی خۆیان بۆ خانمان دەخەنەڕوو، کە چ جۆرە بەرهەم و کەرەستە و شێوازێك دەبنە مۆدی ساڵ، وەك زانیارییەکی پێشوەختە بۆ ئاگادارکردنەوە لەو شێوازانەی ئەمساڵ باو دەبن، سەرەتا لە نمایشەکانی لارۆچی- Laruicci گرنگیی بە ڕەنگی نینۆکەکان داوە، کە لە نەخشی شێوەی بڵق و ورد دڵۆپەی باران چێی کردووە، ئەو مۆدە بۆ سەرەتای وەرزی بەهار و تاوەکو هاوین بەردەوام دەبێت، دیزاینەر ئەلیساندرا ڕیچ، Alessandra Rich، تەوقەکانی قژبەستنی توندوتۆڵ و لە ڕەنگی مس و ئەڵماسی هەڵیبژاردووە، بە تایبەت ئەوانەی کە لە بەردی گرانبەها و کریستاڵ و مەرجان دروست کراون، پسپۆڕی قژ ئیترۆ ETRO شێوازی بەستنی قژی دوو (تەڵی بەرزکراو) وەك مۆدی قژی ئەوساڵ نیشان دەکات، ئەو شێوازەی داناوە کە قژ بکرێتە دوو تەڵی گەورە لە پشتەوەی سەر و لەسەر شانەکان بە خاوی ببەسترێت، مارکەی لویس ڤیتۆن Louis Vuitton مۆدی شێوازی ئایلانەری تیژ دەکەنە مۆدی ئەوساڵ، کە لە شێوەی پان و هەروەها کۆتاییەکەی بە شێوەی کلکە ماسی دەبێت، لاکان سمیت Laquan Smith پسپۆری ماکیاژ، باس لەو ماکیاژە دەکات کە لەم ساڵەدا دەبێتە مۆدە، ئەویش ماکیاژی گلیتەرە، ئەو شێوازە زیاتر گرنگی بە پێست و لێو و چاوەکان دەدات، ماکیاژی پشتچاوەکان خۆی لە ڕەنگەکانی سێبەری گلیتەردا دەدۆزێتەوە، کە ڕەنگی زێڕی و سیلڤەر و شینە، هەروەها ئەساسی کەم و فاوندێشنیش هێندە زۆر نەبێت کە بە زەقی دیار بێت.

## ٢٨٠ سمینی لە ڕوخساری داوە




سمین دانان یەکێکە لەو هەوڵە جوانکارییانەی کە بۆ جەستە بەکار دەهێندرێت، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو کەسانەی خولیای ئەو کارەن، هەمیشە حەز بە خۆ دەرخستن و بەدەستهێنانی ناوبانگ دەکەن، بە تایبەت ئەوانەی دەتوانن زۆرترین سمین و دەرزی و مووروو لە جەستەیان بدەن، نموونە ئەو پیاوەی لە وڵاتی ئەرژەنتین ناوی ئەگزل ڕۆسێلس، ڕیکۆردی جیهانی گینسی تۆمارکردووە، بەهۆی بوونی زۆرترین ڕێژەی سمین لەسەر ڕووخساری، بەجۆرێك کە زیاد لە ٢٨٠ سمین لەسەر ڕووخساری هەیە!





## بەردەکان گەشە دەکەن

ئەو جۆرە بەردە بە (ترۆفانتس) ناسراوە، کۆمەڵێکن و دەکەونە ناوچەی (ڤالسیا) لە وڵاتی ڕۆمانیا، هەر (١٠) ساڵ جارێك بە بڕی (٣ تا ٤) سەنتیمەتر گەورەتر دەبن و گەشە دەکەن، ئەو جۆرە بەردە نامۆیە و لە هەموو شوێنێك نییە، پێکهاتەکەی لە ناوکێك و دەوروبەری بە چەند تەنێکی ئەستوورە، مێژووی ئەو جۆرە بەردە بۆ (٦) ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، لەو کاتەی باران دەبارێت بەهۆی ئەوەی ئەو بەردە کە بە ماددەی کاربۆناتی سۆدیۆم دەوڵەمەندە دەگوترێ لە ماوەی (١٠٠٠) ساڵی ڕابردووەوە نزیکەی (١٠) مەتر گەشەیان کردووە، ئەو گاشە بەردانە ئەو بڕە کاربۆنە دەمژن و دەبێتە پێکهاتەیەك لەسەر بەردەکە و لەگەڵ پێکهاتەی ناوەکیی خۆی یەك دەگرێت، بەم چەشنە زیاد و گەشە دەکات. تا ئێستاش ئەو گاشە بەردانە لەلایەن کۆمەڵەی (کۆگایۆن)ی سەر بە ڕێکخراوی یونیسکۆ پارێزگاریی لێ دەکرێت تا لەناو نەچن و وەك دیاردەیەکی سەیری سرووشتی بمێننەوە.

# خشڵ و کەرەستەی کوردەواری لە بازاڕی مۆدێرنی شەوانەدا








خشڵ و کەرەستەی کوردەواری زیاتر لە شوێنە گشتییەکان و بازاڕەکاندا و بە ڕۆژ زیاتر هەن، ئێستا شەوانە لە کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی چەندین شوێنی گشتیی وەك بازاڕ و شوێنی دانیشتن و کافی و پیاسە کردن کراونەتەوە، شەوانە گەنجان و خێزان و کچان بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆشی سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، شەقامی غەزالی لە هەولێر چەند ساڵێکە کراوەتەوە، بازاڕێکی شەوانەیە و دەیان شوێنی کافێ نۆشکردن و هەروەها بەم دواییە چەندین شۆپی بچووکی کەرەستە و پێداویستی تێدا کراوەتەوە، سارا سوارە، ئەو کچەی هەمیشە گرنگی بە خشڵ و کەرەستەکانی کوردەواری داوە، لە زۆربەی شوێنە گشتییەکاندا گرنگی بە کەلتووری کوردەواری دەدات، پێشتر لە چەندین مۆڵ و بازاڕی مۆدێرندا شۆپێکی بچووکی تایبەت بە خشڵ و کەرەستەی کوردەواریی کردووەتەوە، چەندین کەرەستەی کوردەواری لەو شوێنەدا نمایش کردووە، خەڵك و گەشتیارانیش بۆ بینین و کڕینی خشڵ و کەرەستەکان ڕوو لە شوێنەکە دەکەن، جگە لە وێنەگرتن و سناپکردن لەگەڵ شوێنەکە، هەروەها هەندێکیان کەرەستەکان دەکڕن بۆ خۆیان یان بۆ بە دیاری بۆ کەسانی دەوروبەریان دەبەن، ڕۆژانە لە دوای ڕۆژئاوابوون ئەو شوێنە پڕ خەڵك دەبێت و نزیکەی پێنج کارمەند لەو شۆپە بچووکە کوردەوارییەدا بۆ وەڵامدانەوە و دابینکردنی داوارکاریی خەڵك کار دەکەن.



## نەخشی سەر وشتر لە جیاتی ئۆتۆمبێل

لە وڵاتی پاکستان فیستیڤاڵێکی سەیر هەیە کە ئەویش نەخشکردنی وشترەکانیانە لە جیاتی ئوتۆمبێل، لەو فیستیڤاڵەدا هەریەکە بە وشترە نەخشێنراوەکانیەوە بەشدار دەبێت تا نازناوێك بەدەست دەهێنێت. جگە لەو فیستیڤاڵە شوێنێکی تایبەت بە نەخشونیگارکردنی وشتر لە شاری کاراچی لەو وڵاتە هەیە، تەنانەت کەسانێك ئەو نەخشانە دەکەن کە ماوەیەکی زۆر پێوەی خەریك دەبن، هەندێکیان زیاتر لە (٣) ساڵ دەخایەنێت تا ئەنجامی کارەکەیان لەگەڵ گەشەی مووی وشتر دەزانن و نەخشەکەیان بە جوانی دەردەچێت. یەکێك لەوانەی کاری نەخشکاری سەر جەستەی وشتر دەکات ناوی (ئەنەس حەمادی)یە، وەك کەسێکی پرۆفیشناڵ ئەو کارە دەکات، هەر جەلسەیەکی نەخشکردن نێوان (٦٠ تا ٩٠) دۆلارە،خۆی دەڵێت: تا ئێستا توانیومە (١٥) جۆر نەخشی جۆراوجۆر بۆ وشتر بکەم، کە هەموویان لە بیرۆکە و داهێنانی خۆمن.





# ماکیاژ بە وردە مووروو و بەرد

ماکیاژەکان زیاتر لە کەرەستەی جوانکاری و بۆیە و ڕەنگەکانن، بەڵام ئەو کچە ڕێگەیەکی دیکەی ماکیاژکردنی هەیە، ئەو کچە ئوستراڵییەی کە جۆرە ماکیاژێکی داهێناوە، تەنیا ڕەنگ نییە، بەڵکو هەستیشی پێ دەکەیت، ئەو کچە ناوی (کاتی تۆلگ)ە، یەکێکە لە پەیکەرتاش و وێنەکێشەکانی ئەو وڵاتە، بۆ ماکیاژکردن سوودی لە بەرد و وردە مووروو و پارچە پلاستیك وەرگرتووە، ئەو جۆرە ماکیاژەشی کردووە کە لە داهاتوودا ببێتە مۆدێلی فەرمی و ئافرەتان بۆ خۆیانی بکەن. تا ئێستا (١٣) نمایشی بۆ ئەو جۆرە ماکیاژە کردووەتەوە و داواکاریی زۆریش لەلایەن خانمانەوە لەسەر کارەکانی هەیە.

## یاسا



### ئەگەر ژن مێردەکەی لە ماڵ دەربکات نەفقەی دەکەوێت

بەپێی مادده " ٥٨ " لە یاسای باری کەسێتی هەموو کەس نەفقەی لەسەر خۆیەتی، تەنیا ژن نەبێت، کە نەفقەکەی لەسەر پیاوە، بەڵام ئەگەر ژن خۆی مێردەکەی لەماڵ دەرکرد و ڕێگای نەدا بچێتەوە، ئەوا لێرەدا وەك ئێستیسنا لەسەر ئەو ماددەیە، ژنەکە نەفقەی ناکەوێت و موستەحەقی بەخێوکردن و کێشانی خەرجییەکانی نابێت لە لایەن مێردەکەی! لەبەر ئەوەی کێشانی نەفقەی ژن لەلایەن پیاو بەرامبەر جێبەجێکردنی واجیبات و ئیلتیزاماتی هاوسەرییە لەلایەن ژنەکەی لە گوێڕایەڵیکردنی مێردەکەی و جێبەجێکردنی واجبە شەرعی و قانونییەکانی سەرشانی، بەپێی گرێبەستی هاوسەریی نێوانیان کە یەکێك لەوانە مانەوەیە لە ماڵی هاوسەری، مەگەر عوزری مەشروع هەبێت، ڕۆشتن لە ماڵی هاوسەر بێ عوزر یان دەرکردنی مێردەکەی لە ماڵ، هەمان ئەنجامی هەیە کە گوێڕایەڵ و پابەند نەبوونە، بەمەش مافی کێشانی نەفقە لەدەست دەدات، پاڵپشت بۆ ئەوە بڕیارێکی دادگای تمییزی فیدراڵی بە ژمارە ١٤٧٩ / ٢٠١٩ هەیە کە تیایدا تەئکید لەوە دەکاتەوە: «دەرکردنی پیاو لە ماڵ لەلایەن ژنەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی مافی کێشانی نەفقە» کە وەك مەبدەئێکی گرنگی تەمییزی پێویستە بیزانن.

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە پشکنین دەکات لە شوێنە گرنگ و هەستیارە کانی وەك شوێنە ئەمنییەکان و فڕۆکەخانە و شوێنی تایبەت، کە هێندە توندن جلەکانیش لەبەر خەڵك دەکەنەوە، تەنیا ماوە ئێسقانیشی دەربهێنن.

## کتێب




**ڕووی زەرد** Yellowface

باس لە ترسناکی و کاریگەریی ناوی خوازراو دەکات، باس لە دوو نووسەر دەکات کە لە هەمان کاتدا دوو بەرهەم پێشکەش و نمایش دەکەن، کە باسی ژیانی خۆیان دەکەن، دواتریش یەکێکیان دەبێتە ئەستێرە و هەڵدەبژێردرێت، لە نووسینی کچە نووسەری چینی و ئەمریکی، ڕێبیکا ئیف کاونگ، لەدایکبووی ١٩٩٦ی شاری گوانژۆی چینە، کە ئێستا لە ئەمریکا دەژی و لە نیویۆرك تایمز کار دەکات، ڕۆمانەکەی باس لە ڕاسیزم و جیاکاریی ڕەگەز دەکات، کتێبەکە ئەمساڵ (٢٠٢٣)بڵاو دەبێتەوە و یەکێك دەبێت لە ڕۆمانە بەهێزەکان، نووسەرەکە چەند کتێبکی بەناوبانگی بەنتاوەکانی(the poppy war، babel or the necessity، the dragon republic، the burning God)ی هەیە.



**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لە کاتی توڕەییدا کۆمەڵێك ڕەفار دەکەیت کە ڕەنگە دواتر پەشیمانت ببیتەوە، وشەکانت کۆنترۆڵ بکە و هەمو شتێك مەڵێ کە بە مێشکتدا دێت، لە ڕووی پیشەییەوە هەوڵ دەدەیت بەدوای پرۆژەیەکی گەورەدا بگەڕێیت، بەڵام دەکەویتە ژێر فشارێکی زۆرەوە.



**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەردەوام ڕەخنە لە کاری هاوپیشەکانت مەگرە، بەڵکو هەوڵ بدە ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەر بیت، کەسێی بوێر بە و بۆ خۆشەویستەکەتی بسەلمێنە کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتیت هەیە، بڕوات بە تواناکانی خۆت هەبێت.



**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕۆژێکی خۆش و تایبەتت دەبێت لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان هاوڕێکانت، دوور بکەوەرەوە لەوەی هێندە ناخۆشییەکانی ڕابردوو بە بیری خۆت بهێنیتەوە، چونکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونت دروست دەکات وئایندەت دەشێوێنێت.




**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە هەر کارێك کە دەیکەیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنیت، ئاماژەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی ڕوویان لە تۆیە، تەندروستی ئەندامێکی خێزانەکەت باش نییە، هەوڵ بدە کاتی پێ ببەخشە و لە تەندروستی بپرسە، تا پێت دەکرێت یارمەتی بدە.



**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەمو هەوڵێکی خۆت بدە بۆ ئەوەی پەیوەندیی خۆشەویستیت بپارێزیت، بە شێوەیەکی ئەرێنی تەماشای ڕووداوەکان بکە و خۆت نیگەرانی گرفتەکان مەکە، چونکە چارەسەریان لە دەست خۆت نییە، تەنیا بیرکردنەوە کلیلی هەموو چارەسەرەکانە.



**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەهۆی زیرەکی و لێهاتوییتەوە توانای چارەسەرکردنی گرفتەکانت هەیە بە شێوەیەکی ئەرێنی، هیچ دەرفەتێك لەدەست مەدە بۆ ئەوەی خۆشەویستیی خۆت نیشانی کەسانی چواردەورت بدەیت، بەڵکو سەرەتا بیر لە بەرژەوەندیی خۆت بکەرەوە.

بۆ زانیاریت

## سامورای

وشەی (پاڵپێوەن و سامورای) هەندێك جار لە مێژوودا بە ڕێکەوت سەریان لێشواوە و بە یەك مانا و سەردەم سەیرکراون، هەردوو وشەکە لە ماناکەیاندا بۆ دوو سەردەمی جیاوازی مێژووی ژاپۆنی دەگەڕێنەوە، هەروەها دوو فرمانی جیاواز بەجێ دەهێنن. بوشەکان یان (جەنگاوەرەکان) کە ڕۆڵی ئەرك و پیشەکانیان لە ساڵی ١١٨٥ دا دەرکەوت و دەستی پێ کرد، کە ئەم کات وڵات لە ئاژاوە و کێشەدا بوو، گرنگترین شت کە دەرکەوتنیانی جیا دەکردەوە، لەبەرکردنی قەڵغان بوو، ئەو سامورایانەی کە ڕۆڵی ئەرك و پیشەکانیان لە ساڵی (١٦١٥) دەرکەوت و دەستی پێ کرد، هەڵگری چەك بوون، وەك پۆلیسی ئەمڕۆ کە حەز دەکەن جلوبەرگی پۆلیسی بپۆشن، ئەوان وەکو (کیمۆنۆ) خۆیان خستە خزمەتی شۆگون و وڵاتیان یەکخست، ئەرکی سەرەکیتریان بریتیی بوو لە بەڕێوەبردنی زەوی و گرنگیدان بە بەرژەوەندیی مامۆستاکانی پارێزگاکانیان. سامورایییەکان پلەیان لە پلە و پایەی سەربازیی جیاواز دا هەیە، هەر یەکەیان بەشی گونجاوی خۆیان هەیە، سامۆڕایییەکان لە دوای ساڵی ١٨٧١کاریگەرییان نەما لە ژاپۆن، وازیان لە سیستمی دەرەبەگایەتی هێنا، ئەو سەردەمە سامورایییەکان بەهێزترین جەنگاوەری جیهان بوون.





## پەند و وتە


مارگرێت گێرمەین ماری دۆادندیۆ، بە مارگرێت دۆراس ناسراوە، ڕۆمانووسی فەڕەنسی لە دایکبووی ساڵی ١٩١٤ لە شاری گیادیە، لە ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هیوا و ئاوات و دەرگاکان وتەیەکی هەیە، دەڵێت: «کاتێك زۆر هەوڵ بۆ کارێك دەدەیت، بەخۆت دەڵێیت هەموو کارێکم کرد، بەڵام هیچم بە دەست نەهێنا و تەنیا چاوەڕوانی بوو لە بەردەم دەرگا داخراوەکان».

## فیلم

### ژاوەژاوی سپی
### White Noise

فیلمێکی دراما و کۆمێدییە، باس لە پرۆفیسۆرێکی زانکۆ دەکات بە ناوی جاك گلادنی، لەگەڵ خێزانەکەی لە کەشێکی خۆشدا دەژین، دواتر بە هۆی ماددەیەکی کیمیاوی کە کارلێك دەکات و بڵاو دەبێتەوە، کە لە داهاتوودا دەبێتە پەڵەهەورێکی ڕەشی گەورە و شوێنەکە دادەپۆشێت، ئەویش کار دەکات تاوەکو چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (١٦) خولەکە، لە دەرهێنانی نواە باومباخ، فیلمێکی نوێی تازەیە و بودجەکەی لە بۆکس ئۆفیس ٤٣ ملیۆن دۆلارە و داهاتی ١٠٠ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (گرێتا گێروینگ و ئادەم درایڤەر، ڕافی کاسیدی، ئەندی و دۆن چیدڵ)ـە.





## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك سێگۆشە هەن، هەندێکیان بە داوێك دروست بووە و هەندێکی دیکەش بە سێبەرەکەی، هەوڵ بدە بزانیت لە ماوەی ١٥ چرکەدا چەند سێگۆشە لە وێنەکەدا هەن دیارییان بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە هەوڵ مەدە ڕای خۆت بسەپێنیت، ئەم ماوەی مێشکت زۆر سەرقاڵە بەهۆی فشاری کار و فشاری خێزانەکەتەوە، پێویستت بە ڕێکخستنەوەی کات هەیە، بەم زووانە ڕووبەڕووی دوو هەڵبژاردنی سەخت دەبیتەوە، پێویستە بە وردی بیر بکەیتەوە پێش بڕیاردان.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە ڕووی پیشەییەوە ڕووبەڕووی گرفت دەبیتەوە، بەڵام نیگەران مەبە، لە ڕووی سۆزدارییەوە بە هیواوە بۆ داهاتوو بڕوانە، گۆڕانکاریی ئەرێنی لە ژیانتدا ڕوو دەدات، پارێزگاری لە تەندروستیت بکە و سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

وریابە ئەو هەڵانە دووبارە ئەنجام مەدەرەوە کە لە ڕابردوو ئەنجامت داون، ئەگەر بە وریاییەوە هەنگاو نەنێیت دەکەویتە دۆخکی سەختەوە، خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی کات لەگەڵ هاوڕێکانت و خێزانەکەت بەسەر بەریت، بەهۆی سەرقاڵیتەوە ژیانی کۆمەڵایەتیت پشتگوێ خستوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


کار لەسەر پرۆژەی نوێ دەکەیت و بیرۆکەکانت بەکار دەهێنیت، ئەو دەرفەتەت بۆ دەڕەخسێت کە تواناکانت نیشان بدەیت، خۆشەویستەکەت یارمەتیدەرتە لە تێپەڕاندنی کاتە سەختەکاندا، پێویستەهەوڵەکانی بەرز بنرخێنیت.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ئێستادا ئامادەیت بۆئەوەی بڕیارە گەورەکان بدەیت و گوێبیستی وەڵامەکان بیت، بە ئەزموونێکی سەختی ژیانی پیشەییدا تێدەپەڕیت، بەڵام ئەمە بەهێزت دەکات و وزەت پێ دەبەخشێت، لە ڕووی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە کەسێکی گونجاو بدۆزەرەوە ئەگەر تەنیایت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەمێك بێهیوایت، چونکە خەونەکانت بەدی نایەن بەو شێوەیەی کە خۆت دەتویست، لە ڕووی سۆزدارییەوە گرنگ نییە کەسانی دیکە چەند هەوڵ دەدەن پەیوەندیی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت بشێوێنن، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بەهێزتربە بۆ ئەوەی ڕووبەڕوویان ببیتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
January 30, 2023 Issue,No.1351


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626